# یاشار کەمال ..
# سترانبێژی رووناکی

1923 – 2015

سیروان رەحیم

# یاشار کەمال..
# سترانبێژی ڕووناکی

2015 – 1923

تۆڕی میدیایی رووداو
www.rudaw.net

# یاشار کەمال..
# سترانبێژی رووناکی

2015 – 1923

سیروان رەحیم

**"رقلێبوونـــەوەی رەگـــەزی یـــان رەچەڵـــەک لـــە بەرهەمەکانـــی یاشـــار کەمالـــدا وەکـــو دەربڕینێـک بـۆ سیاسـەتی فەرمیـی دەسـەڵات خراوەتـە بەردەسـت و بەرجەسـتە کـراوە.**
**هەر بۆیە نووسەر بۆ دەسەڵاتداران سەرچاوەی بێزاری و بارێکی گرانە.**
**هەربۆیە بەردەوام راپێچی بەردەم دادگای دەکەن.**
**هەربۆیە ناچاربوو زیندانیکردن و ئەشکەنجە بچێژێت.**
**هەربۆیـە - لـە پـای خـۆلادان لـە هێرشـی راسـتڕەوە پەڕگیـرەکان - ناچاربـوو چەندیـن سـاڵ لـە تاراوگـە بژیـت.**
**بـەڵام ئـەو بـەرەو ئیسـتەنبووڵ گەڕایـەوە و لـەوێ، لـەو شـوێنەی لەگـەڵ زمانەکـەی و لەتـەک قارەمانەکانیـدا یەکانگیـر دەبێتـەوە، بەردەوامدەبـێ لـە بارگرانـی بـۆ دەسـەڵاتداران".**

گوینتەر گراس سەبارەت بە یاشار کەمال
فرانکفۆرت – کەنیسەی پاوڵ 1997

**"ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە؛**
**نابێت بکوژ بن.**
**دەبێ دووژمنی شەڕ بن. دەبێ دژی داگیرکردن و تواندنەوەی مرۆڤ بن لەلایەن مرۆڤـەوە.**
**هیچ کەسێک سووکایەتی بە کەسێکی دیکە نەکات. هیچ کەسێک، کەسێکی دیکە نەتوێنێتەوە.**
**بوار بەو کەس و بەو دەوڵەت و بەو حکومەتانە نەدات کە مرۆڤ دەتوێننەوە.**

**ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە؛**
**با بزانن؛ ئەو کەسانەی کولتوورێک لەنێودەبەن، کولتووری خۆیان و تەنانەت مرۆڤبوونیشیان لەدەستداوە.**
**ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە؛**
**با لەگەڵ هەژاراندا یەکبگرن. هەژاری شەرمێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی".**

* * *

" جگە لە تورک، هیچ کەسێک دۆستی تورک نییە. تەماشای ئەم کارەساتە بکەن! هیچ کاتێک شتێکی وەها سەیر و ناجۆر نابێت بگوترێت. ئەگەر میللەتێک دۆستی نەبێت، کەواتە ئەو میللەتە بوونی نییە. لەمە خراپتر بۆ هاووڵاتیانی نیشتمانێک ناگوترێت.
بە بۆچوونی من، بەڕاستی کورد دۆستی تورکن. دەبێ وەها بیربکەنەوە.
سەربەرزیی وڵاتی ئێمە، پاراستنی داهاتوو و کولتوورەکەی لە دەستی خۆماندایە.
یان دیموکراسییەکی راستەقینە یاخود هیچ. یان دیموکراسییەکی راستەقینە یاخود هیچ".

* * *

"من لەپێناو راگرتنی شەڕدا شەڕ دەکەم. بۆ ئەوەی رێ لەوە بگرم براکان یەکتر بکوژن. من بۆ ئەوە شەڕ دەکەم کە میللەتێک هەیە و هەزاران ساڵە بە زمانی خۆی قسە دەکات، کەچی زمانەکەی لێ قەدەخە دەکەن. لە دژی ئەو قەدەخەکارییە شەڕ دەکەم. دیموکراسیی راستەقینە وەها دەکات مرۆڤەکانی وڵاتێک وەکو مرۆڤ بژین. ژیان لە دیموکراسیدا واتای ژیانە وەکو مرۆڤ. دیکتاتۆرەکامان بینی، ئەزموونی سۆڤیەتمان بینی، زۆر دیکتاتۆری دیکەشمان بینین، بەڵام هیچ خێرێکیان نەبوو. دیکتاتۆرەکان دەتوانن تەنیا شەڕ بەرهەمبێنن".

یاشار کەمال

تۆڕی میدیایی ڕووداو
www.rudaw.net

چاپی یەکەم
2720 ـی کوردی - 2021 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : نیسانی 2021
نووسین، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: سیروان ڕەحیم

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (367)ی 2021 بۆ تەرخانکراوە.

بەڵگەفیلمی ( یاشار کەمال.. سترانبێژی ڕووناکی )
www.rudaw.net

# نێوەڕۆک


پێشەکی ... دەنگی خاک
سیروان رەحیم ———— 9

وتاری یاشار کەمال لە فرانکفۆرت. لە ئاهەنگی پێشکەشکردنی
خەڵاتی ئاشتیی کتێبی ئەڵمانیادا - 1997 ———— 27

ئاخافتنی یاشار کەمال لە - ماڵی کولتوورەکانی جیهان
لە بەرلین - 1997 ———— 37

وتاری یاشار کەمال لە کۆشکی چانکایا - ئانکارا – 2008 ———— 43

هەڤپەیڤینی زولفو لیڤانەلی سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 49

هەڤپەیڤینی لوسیەن لایتس سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 68

هەڤپەیڤینی نۆربێرت مێکلەنبورگ سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 82

هەڤپەیڤینی ئەحمەد گوینەشتەکین سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 98

هەڤپەیڤینی ئەمینە ئۆجاک سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 109

هەڤپەیڤینی کۆرنیلیۆس بیشهۆف سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 115

هەڤپەیڤینی ئارا گویلەر سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 121

هەڤپەیڤینی موسلیم یوجەل سەبارەت بە یاشار کەمال ———— 125

کۆچی کێوەکان.. بۆ کۆچی دوایی یاشار کەمال ———— 135

رۆنی مارگولیس .. یەکەمین چاپی حەمەدۆک ———— 138

سەردانێک بۆ لای نووسەرێکی گەورە و ئاشنا ———— 140

وێنەکان ———— 149

## پێشەکی

# دەنگی خاک..

**"هەموو کەسێک ناتوانێت گوێی لە دەنگی خاک بێت، بیستنی دەنگی خاک گوێی دەوێت"..**

**سیروان ڕەحیم**

یاشار کەمال، ڕۆماننووسی سەردەمە جیاوازەکانە، چیرۆکبێژی سرووشت، بەردەڤکی گوڵ و گیا، پەیامهێنی پەپوولە و باڵندە و مێرگەکانە.

یاشار کەمال لە ڕۆمانی (کاریتە یان ئەودیوی چیا)دا دەڵێت:

"هەموو کەسێک ناتوانێت گوێی لە دەنگی خاک بێت، بیستنی دەنگی خاک گوێی دەوێت".

دەنگی خاک، دەنگی نووسەران و بیرمەندان چوونیەکن. دەنگێکن پەیامی تایبەتی لە خۆدا بەرجەستە دەکەن.

لە شەڕدا بەر لە هەموو شتێک شکۆی مرۆڤ لەنێودەچێت.

ئەو دەنگانە، هاواری پڕ لە ڕاز و تژە ئەفسوونن بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی شەڕ. دەنگن بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی کارەسات و داڕمانی ترسناک.

ئـەو دەنگانـە هـاوارن بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاشـتەوایی، هاوارێـک رێـک لـە دەنـگ و لـە نـەوای خـاک دەچێـت، گوێـی دەوێـت بیبیسـتێ و تێیبـگات.
ئایـا چەنـد یاشـار کەمالـی دیکـە هـەن، تاکـو هاواریـان وەکـو دەنگدانـەوەی نێـو چیـاکان گرمـەی بێـت و ئەوانـەی نیشـتمانێک، یـان زۆرتـر لـە نیشـتمان و زۆرتـر لـە زێدێـک دەکـەن بـە شـەڕگە، گوێیـەک، هـۆش و گۆشـێکی وەهایـان نەبێـت راچڵەکێـن و ئـەو دەنگانـە ببیسـتن؟

## ژیانێک وەکو رۆمان. ژیانێک وەکو فیلم.
## مرۆڤێکم مرۆڤی هەمووان..

مرۆڤێـک دەڵێیـت بـۆ ئـەوە دروسـتبووە نـەک بـە تەنیا سـەرچاوەی گێڕانـەوە، حیکایـەت، بەسـەرهات و هەوێنـی دروسـتکردنی فیلـم بێـت، بەڵکـو خـۆی، ژیانـی، مانـەوەی و بەسـەرهاتی خـۆی فیلمـی نایـاب یـان رۆمانێکـی نـاوازە بێـت. چـۆن؟
منداڵێکـی ئـاوارە، کـوڕی ماڵێکـی کۆچبـەر، نامـۆ بـە گونـدی حەمیـدە و ناوچـەی چوکورئۆڤـا، تەمەنـی چـوار سـاڵ و نیـوە لـە مزگەوتـی گونـد بـە بەرچاوییـەوە باوکـی دەدرێتـە بـەر خەنجـەر و دەکوژرێـت. بکـوژ، یوسـفە، کـە سـادقی باوکـی یاشـار کەمـال ژیانـی کڕیوەتـەوە و نەیهێشـتووە بمرێـت. یاشـاری منـداڵ لـەو سـۆنگەیەوە سـاڵانێکی درێـژ لاڵ دەبێـت و توانـای قسـەکردن لەدەسـتدەدات. لـە گەشـەی هۆشـیاری و هەوڵـی تێگەیشـتن لـە دونیـا و دەوروبـەر، وەکـو خـۆی دەیگێڕێتـەوە، هەوڵـی زۆریـداوە لـە یوسـف حاڵـی ببێـت کـە بۆچـی ئـەو کارەی کـردووە، بێهـوودە و بێئەنجـام، وەڵامـی چنـگ نەکەوتـووە. نیـگار خاتوونـی دایکـی نـەک لێـی زویـر دەبێـت، بەڵکـو

بێهیوا دەبێـت لـە کـوڕە بـە بـەژن و باڵاکـەی، چونکـە تۆڵـەی باوکـی ناکاتەوە. یاشـار کەمـال دەڵێـت: "زۆری پێچـوو تاوەکـو دایکـم تێگەیشـت مـن ئـەو کەسـە نیـم بتوانـم مـرۆڤ بکـوژم".

ناتوانێـت، ئـەو نـەک کـەس لەنێونابـات، بەڵکـو ئـەو داهێنـەر و ئەفرێنـەری کاراکتـەر، کانیـاو، گـوڵ، باڵنـدە و مێرووولەیـە.

پـاش کوشـتنی باوکـی، لەدەسـتدانی چاویشـی لـە نـۆرەی بەدبەختیـدا بـووە بـۆی. کاتێـک مامـی ئاژەڵێـک سـەردەبڕێت و سـەرقاڵی گـووروون و پەلپەلکردنـی دەبێـت، چەقـۆ لەدەسـتی دەردەچێـت و چـاوی راسـتی یاشـاری منـداڵ کوێـر دەکات. لـە هەڵکشـانی تەمەنیشـدا گرتـن، ئەشـکەنجە لـە دژی ئەوەنـدەی دیکـە زەبـری دەروونـی لـە جەسـتە و لـە هەنـاوی ئـەم مرۆڤـەدا کەڵەکـە دەکـەن. دڵشـکان و بێهیوایـی یاشـار کـە سیسـتەمێک هەیـە کارا و بەوجـۆرە مامەڵـە لەگـەڵ مرۆڤـەکان، لەگـەڵ کولتـوور و زمانـە جیاوازەکانـدا دەکات، برینـی زۆرتـری تێـدا دەڕوێنێـت. سـتەم و بێـدادی لـە دژی کـورد، ئەرمـەن، رۆمـەکان و هتـد، هەمـوو رۆژ یاشـاری لاو و پـڕ لـە خـەون داخ دەکـەن. دڵـی دەسـووتێنن، بـەڵام یاشـار هەمـوو ئـەم شـتانە نایڕووخێنـن. یـان نایکـەن بـە کەسـێکی بێهـوودە یاخـود لـە بەدتریـن دۆخـدا نایکەنـە مرۆڤێکـی شـەڕخواز و زیانبەخـش. نەخێـر یاشـار بەنێـو هەمـوو ئـەو دۆزەخانـەدا دەربـاز دەبێـت و کەچـی نـەک وەکـو مـرۆڤ، بەڵکـو وەکـو مرۆڤپەروەرێـک و ژینگەحەزێـک دێتـە بـواری نووسـین و داهێنانـەوە. هـەر لەبەرئـەوە لـە سـۆنگەی ئـەو ژیانـەوە، هەڵبـەت ئەگـەر بەشـێوەیەکی شـیاو، بـە هۆشـێکی کـراوە و لـە رووبـەری وەکهەڤیـدا بێتـە نرخانـدن، دەبێـت وەهـا بچەسـپێت: یاشـار کەمـال، مرۆڤێکـی نووسـەر، نووسـەرێکی مـرۆڤ لـە ترۆپکـی شـانازیی دیرۆکـی مـرۆڤ و ئەدەبیاتـدا بـۆ هەمیشـە دەمێنێتـەوە. ئاخـر ئـەو بۆیـە

دەگاتـە دوونـدی مرۆڤبـوون، چونکـە لـە گەڕانـەوەی دۆزەخ و بـە تێپەڕبـوون بـە تونێلـە ترسـناکەکانی کوشـتنی بـاوک، ئەشـکەنجەی دەوڵـەت و نیشـتمان، نیشـتمانێک پاشـتر ئـەم زمانـی بـۆ دەئافرێنێـت، ئـەم دێـت و هەمـوو ئـەو تەپوتۆزانـە، ئـەو بریـن و زەبرانـەی دەروون و جەسـتە لـە خـۆی دەتەکێنێـت، یـان دەیانکاتـە کەرەسـتەی هەڵسـانەوەیەکی دەگمـەن و بـە نووسـین، بەڕامان و بـە داهێنـان دەگاتـە سـەرووی هەمـوو پێوەندارییەکـی سیاسـی، نەتەوەیـی وهتـد، ئـەو دەبێتـە مرۆڤـی هەمـووان، بـا بـۆن و بەرامـەی کـوردەواری و کوردسـتان، لاوک و کەلامـی کوردانیشـی لێبێـت، بـەڵام لـە ئەنجامـدا مرۆڤـە، موڵکـی یـەک ناسـنامە و یـەک گـەل نییـە. مرۆڤـە، مـرۆڤ لـە چوارچێـوەی پێناسـە هـەرە جوانەکەیـدا، ئەوەیشـە پەرجـووی یاشـار کەمـال.

## لە شاری وانەوە بۆ ئاوایی حەمیدە

سـاڵی 1915، کاتێـک لـە دەڤـەری وانـەوە ماڵباتـی یاشـار کەمـال بـە ئاوارەیـی دەگەنـە گوندەکانـی چوکورئۆڤـا، ئـەو دەمـە دەوڵـەت دەسـتیگرتبوو بەسـەر سـەرمایەی جێگیـر و ناجێگیـری ئەرمەنەکانـدا و، خانووەکانیـان بەسـەر کۆچبەرانـدا دابەشـدەکرێن. خـوەزا، خوێندنـەوە، ژیـان و حاڵیبـوون لـە سرووشـت شـتی زۆریـان بـە یاشـار کەمـال بەخشـیوە، هەسـتی مرۆڤانـەی وی و بەرگریکردنـی لـە شـکۆی مرۆڤیـش لـەو خۆشەویسـتی و ڕێـزەوە بـۆ سرووشـت دێـت. هـاوکات چاوگـی ئـەو بەهـرە گەورەیـەی دەربڕینیـش هـەر سرووشـت خۆیەتـی لـەلای ئـەم نووسـەرە، نووسـەرێک ئاوێتـەی ئەفسـانە و ئەڤینـداری خـوەزا.

## "ئەو باڵندەیەی لە هێلانەکەی دەردەکرێت، هیچ باڵندەیەکی دیکە خێر لە هێلانەکەی نابینێت"

ئەگـەر دەسـەڵاتداران و سیسـتەمە ترسـناکەکان نەبـان، ئەگـەر مـرۆڤ جۆرێکـی دیکـە، شـێوازێکی دیکـەی بـۆ بەهەڤڕاژیـان و پێکەوەهەڵکـردن هەبـا، بـۆ یەکجاریـش گوهـداری پەندێکـی وەهـا کرابـا، ئەگـەر بـۆ سـاتێکیش گـوێ بـۆ نووسـەران، بیرمەنـدان و مرۆچـاکان رادێرابـا و لـە نـرخ و کرۆکـی ئـەو رسـتە زێڕینـە حاڵیبـان؛ "دایکـم دەیگـوت، ئـەو باڵندەیـەی لـە هێلانەکـەی دەردەکرێـت، هیـچ باڵندەیەکـی دیکـە خێـر لـە هێلانەکـەی نابینێـت"، ناوچەکـە وەکـو ئێسـتا لـە سرووشـتی خـۆی نەدەتـرازا و نەدەبـووە شـەڕگە. کـەس ماڵـی کەسـی داگیـر نەدەکـرد و ئـەو هەرێمـە دڵگیرانـە نەدەکرانـە کاولاش. بـەڵام کار بـە ئەگـەر و خۆزگـە دەسـتەبەر نابێـت. هێشـتا دەسـەڵاتەکان، ئێسـتایش سیسـتەمەکان ناسـنامەکانی دیکـە، ئەوانیدیکـە، ئەرمـەن، کـورد و هتـد بـە باڵنـدە نازانـن و ژیانیـان پـێ رەوا نابینـن، کارەسـاتە مـرۆڤ بەختـەوەری، هەبوونـی خـۆی، سـەروەری و بەهێزیـی خـۆی لـە تواندنـەوە و لـە توناکردنـی ئەوانیدیکـەدا ببینـێ و کاریـش بـۆ ئـەو ویسـتە بـکات.

یاشـار کەمـال هەڵگـری ئـەو گـرێ ئاڵۆزەیـە، گرێـی لێکحاڵینەبـوون، پێکەوەهەڵنەکـردن و هەوڵـی سـڕینەوەی بـەردەوام. داخێـک بـوو لـە دڵ و لـە هزریـدا. دەنگدانەوەیەکـی بـەردەوام بـوو لای، دەنگدانەوەیـەک یاشـار کەمـال کردبوویـە بنەمـا و نووسـینی لەوێـوە سـەرچاوە دەگرێـت. لـە دیالۆگی نێـوان ئەفسـەرێکی ناحاڵـی، بـەڵام بڕیاربەدەسـت و مرۆڤێکـی میهرەبـان، بـەڵام ئـاوارە و بێدەسـەڵات (باوکـی یاشـار کەمـال)، کەسـێک لـە چوارچێـوەی

بنەماگەلـی جوانیـی سرووشـت و پێکەوەژیانـدا هەڵسـوکەوت دەکات.
ئـەو دەمـەی باوکـی یاشـار کەمـال نایەوێـت ببێتـە داگیـرکاری مـاڵ و سـامانی ئەرمەنـەکان، چونکـە پێیوایـە "داگیرکردنـی هێلانـەی باڵندەیەکی دیکـە" خێری بـۆ ناداتـەوە، قەرەموفتیئۆغلـوی فەرمانـدار لێـی تـوورە دەبێـت و دەڵێـت: ئەوانـە باڵنـدە نیـن، ئەرمەنـن. باوکـی یاشـار کەمـال: نەخێـر باڵنـدەن...
[ دەنگدانـەوەی هـەردوو دەنگـی ناکـۆک بـە یەکـتر: ئەرمەنیـن.. باڵنـدەن.. ئەرمەنیـن.. باڵنـدەن.. هتـد...].
دەنگدانـەوەی ئـەم ململانێیـە، هاوکاتیـش شـەپۆلەکانی ئـەو خواسـتە بـەدە بۆ سـڕینەوەی ئەوانیدیکـە بـەردەوام لەنێـو بیرکردنـەوە، لـە رووبـەری نووسـین و داهێنانـدا لـە لای یاشـار کەمـال دەبینرێـت، بەڕوونـی دەبینرێـت.
هـەر لـە پـاش ئـەو بنبەسـتی لێکتێنەگەیشـتنە لەنێـوان باوکـی یاشـار کەمـال و فەرمانـداری عوسـمانیدا، گونـدی حەمیـدە دەبێتـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەو ماڵباتـە. ماڵباتێـک لـە ناوچـەی وانـەوە شـەڕی ڕووس دەربەدەری کـردوون.
بەوجـۆرە گونـدی حەمیـدەی دوورەدەسـت و گۆشـەگیر دەبێتـە دەرگوشـی لەدایکبوونـی نووسـەرێک لـە توخمـی ئـاو، نووسـەرێک کـە بـۆ هەمیشـە لـە دیرۆکـی نووسـین و ئەدەبیاتـدا چـوون رووبارێکـی بەخـوڕ لـە جوڵـەی بەردەوامدایــە.

* * *

یاشـار کەمـال، یـان ئـەم دەنگـی خاکـە، سـاڵی 1923 لـە گونـدی حەمیـدە لەدایکبـووە. گونـد یـان ئاوایـی حەمیـدە دەکەوێتـە هەرێمـی چوکورئۆڤـا.
سـاڵی 1923 وەک ئـەوەی خاکـی ئـەو گونـدە درزی بردبێـت و بزێـت، ئـەم

دەنگە، کە پاشتر دەبێتە دەنگدانەوەی بەردەوام، لە هەناوی ئەو گوندەوە دەردەچێت. کەمال سادق گوێکچەلی، واتە یاشار کەمالی نووسەر، لە دێ و بابێکی کورد، نیگار و سادق، لە دایک دەبێت.

لە ماڵێکی کورد و لە گوندێکی تورکماندا کە نە لە ماڵ کەس زمانی تورکی دەزانێت و نە لە گوندیش کەس هەیە بە کوردی قسە بکات، منداڵیی یاشار کەمال دەستپێدەکات.

منداڵییەک پڕاوپڕ لە برک و ژان.

وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا؛ تەمەنی چوار ساڵ و نیو بووە کاتێک لەنێو مزگەوتی دێدا باوکی بەبەرچاوییەوە دەکوژرێت. پاش ئەو کارەساتە کوێربوونی چاوی راستی بەسەردا دێت.

مرۆڤێک سەرباری بزرکردنی ئەندامە کاریگەرەکانی جەستەی، هەژاریی بێڕەحمانە گەمەی پێدەکات.

بەڵام ئەم شتێکی شاراوەی تێدایە، وزەیەک لە هەناویدا بەردەوام بە پێوە رایدەگرێت.

بەهرەی نووسین، وزەی دووبارە ئافراندنەوەی سرووشت، هێنانە گۆی کاراکتەری جیاواز، جریوەی مەل و چەقبەستنی چاو لەسەر مێروولە و هەنگەکان، هەروەها چنینی چیرۆکی پڕ لە خەیاڵ، تۆخمەکانی ئەو تەلیسمەن کە یاشار کەمال بە زیندوویی رادەگرن.

ئەو پاشخانە، ئەو جۆرە لە پەروەردە، جۆرێک لە بارهێنانی سرووشتی و ئەو میهرەبانییەی دێ و باڤ سەرچاوەن، پاشتر یاشار کەمال دەبێتە مرۆڤێکی تایبەت و هاوکاتیش نووسەرێک، نووسەری نێو رووداوەکان. بەڵێ ئەو نووسەری نێو رووداوەکان بوو، نەک بە تەنیا نووسەری نێو کتێب و رۆمان.

لەوێبـووە، لـە هەمـوو شـوێنێک شـکۆ و مافـی مـرۆڤ کەوتبێتـە مەترسـییەوە. هــاواری لەگــەڵ هاوارەکانــدا بــوو بــۆ خوێنــی بەناهــەق رژاوی هرانــت دینــک، لەگــەڵ رووحــی نووســەر و رۆژنامەڤانــی نــاسراوی ئەرمــەن رێــی دەکـرد، بەهانـای عەزیـز نەسـین و هاوڕێیەکانییـەوە دەچـوو، کاتێـک هەوڵـی کوشــتنیان دەدان، لەگــەڵ دایکانــی شــەممەدا بــوو، گوێــی لــە شــین و لــە لاواندنەوەکانیــان دەگــرت، لێیــان حاڵــی دەبــوو، ئاخــر ئــەم خــۆی ســاڵانێک کۆکــەرەوەی دەقــی لاواندنــەوەی ژنــان و شــیننامەی دایــکان بــووە.

وەکـو خـۆی دەڵـێ: "بـە شـەرواڵێکی رەشـەوە گونـد بـە گونـد و ئاوایـی بـە ئاوایـی دەگـەڕام، بەیـت و تێکسـتی لاواندنـەوەم کۆدەکردنـەوە".

یاشـار کەمـال بـۆ خـۆی لـە چەندیـن شـوێن ئـەوەی دووبـارە کردووەتـەوە و بەڕوونـی گوتوویەتـی:

"مـن لەپێنـاوی راوەسـتانی شـەڕدا تێکۆشـام. تێکۆشـام رێ لەبـەر کوشـتنی بـرا لەلایـەن بـراوە بگـرم. تێکۆشـام و هەوڵمـدا بـۆ ئـەوەی زمانێـک قەدەخـە نەکـەن کـە هـەزاران سـاڵە لەلایـەن میللەتێکـەوە بەکاردێـت. دیمۆکراسـی راسـتەقینە بـۆ وڵاتێـک، بۆ ناسـنامەی شارسـتانی وڵاتێک پێویسـتە. دیمۆکراسـی سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە مـرۆڤ لـە وڵاتـی خۆیـدا وەک مـرۆڤ بژی. سیسـتەمە دیکتاتۆرییەکانمـان بینیـن، سیسـتەمی دیکتاتۆریـی یەکێتـی سـۆڤیەتمان بینـی، زۆر سیسـتەمی دیکتاتۆریـمان بینیـن، ئـێ هیـچ خێرێکیـان نەبـوو، سیسـتە دیکتاتۆرییـەکان تەنیـا سـەرچاوەی شـەڕن".

سـەبارەت بـە کێشـەی کوردیـش لـە تورکیـا و لەگـەڵ کۆمـاری تورکیـادا یاشـار کەمـال دەیگـوت:

"کێشـەی دیمۆکراسـی لـە تورکیـا بـە کێشـەی کـورددا تێدەپەڕێت. سـەرلەبەری مێـژوو، کـورد لـە ئانـادۆڵ سـێیەکی دانیشـتووانیان پێکهێنـاوە. لـە دووسـەد

سـاڵی بـەر لـە زایینـەوە و تاکـو ئێسـتا تاکـە زمانـی میزۆپۆتامیـا زمانـی کـوردی بـووە و زمانێکیشـە زۆر دەوڵەمەنـد. میللەتێکـی وەهـا ناتوێتـەوە".

یاشـار کەمـال لـە تورکیـا دەدرایـە دادگا، لەسـەر بۆچوونەکانـی، لـە سـۆنگەی دژایەتیکردنـی شـەڕ و هەوڵـی وەدیهێنانـی ئاشـتی، دەدرایـە دادگا. هاوکاتیـش هــەر لــە پــای ئــەو نووســین و بۆچوونانەیــدا لــە دەرەوە خــەڵات دەکــرا. کاتێـک لـە ئەڵمانیـا خەڵاتـی ئاشـتیی کتێبـی ئەڵمانیـای وەرگـرت، رۆماننووسـی نێـودار گوینتـەر گـراس، لـە پەسـنی یاشـار کەمالـدا گوتی:"کتێبەکانـی یاشـار کەمـال مایـەی گێچـەڵ نیـن. ئـەو کـە بـە ئەزمـوون سۆسیالیسـتە، دەزانێـت سـتەم و بێـدادی چاویـان لێناپۆشرێـت، تەنانـەت ئەگـەر لەشـێوەی نـوێ و فریودەریشـدا سـەرلەنوێ قـوت ببنـەوە".

## حەسرەت و تاسەی کوردەواری و زمانی کوردی

هەڵوێسـتی یاشـار کەمـال سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد لـە سـێ گوتـاری گرنگـی نێـو ئـەم کتێبـەدا بەڕوونـی دیـارە. لێـرەدا پێویسـت بـە ئاماژەپێکـردن نـاکات و لەکاتـی خوێندنـەوەی وتارەکانـدا یەکجـار بـە روونـی هەڵوێسـتەکانی دەبینرێـن.

بـەڵام سـەبارەت بـە زمـان شـتێکی یەکجـار سـەرنجڕاکێش لـەلای وی ئەوەبـوو؛ سـەرباری ئـەو دابڕانـە گـەورە و درێـژە لەگـەڵ زمانـی کوردیـدا، کەچی هێشـتا حـەزی، ویسـت و هەوڵـی بـۆ قسـەکردن، یـان هـەر نەبێـت بـۆ گوێگرتـن شـتێکی یەکجـار دیدەنـی بـوو. هـەر بیزانیبـا کـوردی دەزانیـت، ئەگـەر بـۆ چەنـد رسـتەیەک یـان چەنـد وشـەیەکیش بووایـە، زمانەکـەی دەگـۆڕی بـۆ زمانـی کـوردی و دەیویسـت بـە کـوردی قسـە بـکات.

هـەر کەسـێکی کوردیـزان یـان کـوردی ئاخێـڤ یـەک جـار لەگـەڵ یاشـار کەمـال قسـەی کردبـا، بـۆی دەردەکـەوت حـەسرەت و تاسـەی زمانـی کـوردی کاتێـک مـرۆڤ بـزری دەکات، تایبـەت بزرکردنێـک بـە زۆر و بەهـۆکاری چەوساندنەوە، چەنـد حەسرەتێکـی ترسـناک و تاسـەیەکی چەندیـش قووڵـە لـەلای.

تێگەیشــتن لــە تورکــی نووســین و تورکــی ئاخافــتن لــەلای بەشــی زۆر، یــان زۆرینــەی کــوردی باکــوور، بێگومـان هەڵگرانــی هەمــوو ناســنامەکانی دیکــەی ناتورکیـش، ئاسـان نییـە. مێژوویەکـی درێـژ لـە نکوڵیکـردن، هەروەها سـزادان بە تووندتریـن شـێوە لـە سـۆنگەی قسـەکردن و نووسـین بە کـوردی مەرگەسـاتێکی کەموێنەیـە، بـۆ حاڵیبـوون لـەو دۆخـە، مـرۆڤ دەبێـت لەگەڵیـدا یـان لەنێـو مەرگەســاتەکەدا ژیابێــت. دۆخەکــە ئەوەنــدە ئاڵــۆز و بەئــازارە، هەنــدێ جــار مـرۆڤ - وەکـو کوردێکیـش - لێیدەشـێوێت و سـەری لێدەرنـاکات، بۆچـی ئـەم چارەنووسـە ئەوەنـدە نالەبـارە؟ بۆچـی سیسـتەمێک بـە هەمـوو توانـای خۆیەوە هەوڵـی سـڕینەوەی زمـان و کولتوورێـک دەدات؟ پرسـیارێکە دەبێـت رۆژێـک لە رۆژان هـزرە رۆشـنکارەکانی کـورد و تـورک پێکـەوە وەڵامـی بدەنـەوە. وەڵامێکی هاوبـەش یەکجـار گرنـگ و بـە واتـا دەبێـت.

رۆماننووسـی دیـاری کـورد محەممـەد ئـوزوون (1953 – 2007) بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ژیانـی تاراوگـە، بۆ ئـەوەی بتوانێت بگەڕێتـەوە تورکیـا و باکووری کوردسـتان، لەپـای ئـەوەی ئیـتر لـە تاراوگـە نـەژی و راسـتەوخۆ خوێنەرانـی خـۆی ببینێـت، قسـەیان لەگـەڵ بـکات و هەروەهـا لـە زێـدی خـۆی درێـژە بـە کاری نووسـین بـدات، ناچاربـوو زۆر شــت، زۆر مەرجـی ناجـۆری دەوڵـەت پەسـەند بـکات. بۆیـە ئـەوەی یاشـار کەمـال لەوبارەیـەوە دەیکـرد و داکۆکیکردنەکانـی لـە زمـان و کولتـووری کـوردی و داخـوازی پاراسـتنی هەمـوو ئەوانیدیکـە کارێـک بـوو، هەڵوێسـتێک و کردەیـەک لـە بۆتـەی ئـەو هەلومەرجـە دژوارە و لەهەمبـەر ئەو

خواستە بەدەی رەگەزپەرستاندا، کردەیەک بوو یەکجار گەورە و بوێرانە.
هەرکاتێک باس لە یاشار کەمال بکرێت: دەنگدانەوەی ئەو گوتە و پرسیارانەی؛"تو کورمانجی دزانی؟ تو کورمانجێ کودەرێی؟" لە دەروونمدا دەنگ دەدەنەوە.

زمانەکەی یاشار کەمال، واتا زمانی کوردی، قەدەخە کرا، بەڵام ئەو زمانی تورکی پێشخست، بووژاندییەوە و بەو زمانە ئەدەبیاتێکی نایابی ئافراند، ئەدەبیاتێک لەو زمانەوە وەرگێڕە کارامەکان بەرهەمەکانی یاشار کەمالیان بۆ 41 زمان گواستەوە.

دیارە بەڕای من یاشار کەمال بە زمانێکی تایبەت بە خۆی رۆمان و کتێبی نووسیون، رەنگبێت لە هۆش و گۆشیدا شتێک، بۆچوونێک و هزارندنێک هەبێت کە زمانێکی تایبەت بۆ نووسین و دەربڕین، بۆ ئەدەبیاتی خۆی ساز بکات. زمانی یاشار کەمال زمانی تورکیی باو نییە، زمانێک نییە هەموو کەسێک پێی بنووسێت یان قسەی پێبکات. چۆن زمانێک هەیە وەکو زمانی ئینگلیزی، یان ئیسپانی، یاخود ئەڵمانی و هتد، چۆن ئەو زمانانە هەن، هەمان شت زمانێکیش هەیە، زمانی یاشار کەماڵە، من وای بۆ دەچم.

## دوو ژن.. دوو هاوژین و دوو هاوڕێی هەرە گرنگ لە ژیانیدا..

تیلدا کەمال و ئایشە بابان دوو ژن، دوو هاوژین و دوو هاوڕێی گرنگ، دوو پشت و پەنای ژیانی یاشار کەمال بوون.
یاشار کەمال سەبارەت بە تیلدای هاوسەری دەڵێت:
تیلدا 17 رۆمانی منی کردنە ئینگلیزی و فەرەنسی. بەر لە ناسینی من

ڕۆمانــی دەنووســی، بــەڵام پــاش ناســینی مــن دەســتبەرداری نووســین بــوو، هەمــوو ژیانــی دا بــە مــن. ئێمــە ژن و مێــرد نەبوویــن، دوو هــاوڕێ بوویــن. هەمــوو کۆتایــی هەفتەیــەک پێکــەوە ئیســتانبوڵ دەگەڕایــن، بــە پــێ دەگەڕاین.
تیلــدا لــە بنەماڵەیەکــی خانەدانــە، باوکــی بەڕێوەبــەری بانــک و خاڵــی ســەرنوژداری ســەرای عوســمانلی بووگــە.
تیلــدا کەســێکی گرنــگ بــووە لــە ژیــان و لــە بڵاوبوونــەوەی ئەدەبیاتــی یاشــار کەمالــدا. ئــەو خاتوونــە زۆرتــر لــە هاوژینێــک بــووە بــۆی. ئــەو یەکــەم وەرگێــڕی ڕۆمانەکانــی یاشــار کەمــال بــووە بــۆ زمانــە زینــدووەکان، بەتایبەتــی بــۆ زمانــی ئینگلیــزی.
تیلــدا لــە نەخۆشــخانە لــە ســەرەمەرگدا دەبێــت، کاتێــک یاشــار کەمــال دەگاتــە ســەری گیانی لەدەســتداوە.
لــەو هەژانــەدا، لــە دەمــی ماڵئاوایــی یەکجاریــی ئــەو هاوژیــن و هــاوکارە گرنگــەدا، لەجیاتــی دۆشــدامان، لەجیاتــی تاســان و واقوڕمــان، یاشــار کەمــال بەهێمنــی ئــەم چەنــد پەیڤــەی پێشــکەش دەکات:
" تیلــدای مــن؛ خۆشەویســتم. سوپاســی تــۆ دەکــەم بــۆ ئــەم ژیانــە جوانــەی پێکــەوە ژیایــن. سوپاســی تــۆ دەکــەم خۆشەویســتەکەم. مەترســە، هیــچ مەترســە و خەمیــش مەخــۆ، ئێمــە ژیانێکــی بــە شــکۆ ژیایــن. توانیــمان مرۆڤــی بــاش بیــن".
گۆڤانــی ئــەم گێڕانــەوە هەژێنــەرە زولفــو لیڤانەلی-یــە، کــە وەکــو خــۆی دەڵێــت؛ لەوکاتــەدا وشــەکانی یاشــار کەمــال یەکجــار کاریگــەر بــوون.
پــاش مردنــی تیلــدا بــە چەنــد ســاڵێک، لەگــەڵ ئایشــە بابــان یەکدەگــرن و ژیانێکــی نوێــی هاوژینــی دەســتپێدەکات. ئایشــە بابــان هاوســەرێکی گرنــگ و ژنێکــی ڕۆشــنبیر، تاکــو دواکۆچــی یاشــار کەمــال وەکــو هاوژیــن و هاوکارێکــی

گرنــگ لەپــاڵ یاشــار کەمالــدا بــوو. ژنێــک رۆڵــی لــە ژیانــی ویــدا یەکجــار گەورەیــە. ئایشــە بابــان لــە زانکــۆی ئەمەریکایــی لــە بەیــرووت، لــە زانســتگەی هارڤــارد و هەروەهــا لــە زانســتگەی بۆغازئیچــی لــە ئیســتانبوڵ خوێندوویەتــی، جگــە لــە زمانــی تورکــی، زمانەکانــی ئینگلیــزی، فەرەنســی و ئیتالــی دەزانێــت.

## سەبارەت بە نووسەربوون

یاشــار کەمــال زۆر شــتی گرنگــی ســەبارەت بــە نووســەربوون، بەتایبەتــی نووســەربوونی خــۆی گوتــووە. لەنێــو گەلێــک بۆچوونــی ویــدا ســەبارەت بــەو بابەتــە، ئــەم کورتــە ســەرنجەیم هەڵبــژاردووە و لێــرەدا دایدەنێــم. دیــارە لــە هەڤپەیڤینێکــدا گوێــم لــەم بۆچوونــەی بــوو، پاشــان جارێکــی دیکــە و جارێکــی دیکــە گوهداریــم کــردەوە، نووســیمەوە و بــە پێویســتم زانــی لێــرەدا وەکــو خــۆی دایبنێمــەوە:

"بمزانیبـا نووسـەربوون ئەوەنـدە ئـازارم دەدات، ئەوەنـدە هەنـاوم دەهەژێنێت و ئــازاری پێدەچێــژم، هــەر بــە شــۆفێری تەرەکتــۆر دەمامــەوە. نووســەرێتی دەستبەرداری مــرۆڤ نابێــت، مــرۆڤ ناچــار دەکات و لەگــەڵ خــۆی دەیبــات. ئــەو ناچاربوونــەم بزانیبــا، لەســەر کاری تەرەکتۆرییەکــەم بــەردەوام دەبــووم. لــە چوکورئۆڤــا دەمامــەوە. شــەوانی ئــەوێ ئەســتێرەباران بــوو، نیوەشــەو دەســتمان لــەکار بــەردەدا و خواردنمــان دەخــوارد، پــاش خــواردن دەســتمان دەکــردەوە بــە کار، لەگــەڵ کازیــوەدا رەنگێکــی ئەفســووناوی لــە چیــای ئامانۆســەوە ســەری دەردەهێنــا، چ بەختەوەرییــەک بــوو، مــرۆڤ لــە خۆشــیدا دەیویســت بفڕێــت. لــەوێ و لــەو جــۆرە ژیانــەدا مــرۆڤ تــام و چێــژ لــە ژیانــی خــۆی وەردەگرێــت. لــەوێ چەنــد ســاڵێک زۆر خۆشــحاڵانە ژیــام. بــەڵام پــاش

حەمـەدۆک ئیـتر لەگـەڵ نووسـینی رۆمانـدا راهاتـم و ژیانـم تـەواو گـۆڕا".
گومـان لـەوەدا نییـە هەڵوێسـت و ئەرکـی نووسـەربوون زۆر ئازاریان بە یاشـار کەمـال گەیانـدووە. پرسـیارە قووڵەکانـی ئـەو، خەمەکانـی بـۆ پێکەوەژیـان، دژایەتـی وی بـۆ شـەڕ و سـڕینەوەی یەکـتری، هاندانـی بـۆ ئاشـتیخوازی و بـوون بـە مرۆڤـی بـاش، تێزەکانـی وی، بۆچوونەکانی، پرسـیار و پێشـبینییەکانی یاشـار کەمـال ئەمـڕۆ روونـتر دەبینرێـن، ئەمـڕۆ بـۆ ئەوانـەی یاشـار کەمـال و هەڵوێسـتەکانی دەناسـن، روونـتر دەردەکەوێـت ترسـەکانی ئـەو چەنـد لـە جێـی خۆیـدا بـوون. ئێسـتا لـە ئاسـۆی ناوچەکـەدا تێزەکانـی وی پووختەتـر دێنـەوە بـەر هۆشـوگۆش. ناوچەکـە لـە گوڵسـتانێکی ڕەنگپەڕیـو دەچێـت، گوڵسـتانێک زۆر رووبـەری بووەتـە سـوتماکی تـەواو. جەخـار زۆرینـەی ناوچەکـە و دەروونـی دانیشـتووانی بوونـە سـوتماک، جەخـار شـەڕ و پەڤچـوون زەبـری گـەورەی دەروونییـان لێـدا.

## یەکەم دیدار..

رۆژانی 25 و 26 مانگی 12ی سـاڵی 1993 لە هۆتێلی هیلتۆنی شـاری ئیسـتانبوڵ کۆنفرانسـێکی دوو رۆژە هەبـوو بـە نـاوی (دێمۆکراسـی کورولوتایـی - دیـداری دیمۆکراسـی). یاشـار کەمـال وەکـو قسـەکەر بەشـدار و هـاوکات یەکێکبـوو لـە رێکخەرانـی دیدارەکـە. لەگـەڵ بەکـر شـوانی هاوڕێـی رۆژنامەڤان و وەرگێڕمـدا، ئـەو دەم شـەش مانگێـک دەبـوو ئێمـە لـە ئیسـتانبوڵ دەژیایـن. یەکـەم رۆژی ئـەو دیـدارە بـۆ یەکەمجـار یاشـار کەمالمـان بینـی و قسـەمان لەگـەڵ کـرد.
هەنـدێ لـەو کوردانـەی لەوێبـوون ویسـتیان لـە وەرگێڕانـدا هاوکاریـمان بکـەن، بـەڵام یاشـار کەمـال کاتێـک زانـی ئێمـە کـوردی باکـوور نیـن، خـۆی بـە

کورمانجــی پرســیاری لێــمان کــرد، گەلــۆ ئایــا ئێمــە کورمانجــی قســە دەکەیــن یــان نــا، بەوشــێوەیە کەوتینــە قســە و، باســی کتێبەکانــی خــۆی کــرد، ئەوانــەی کراونەتــە کورمانجــی ناویــن.

نایابتریــن و هــاوکات ئــەوەی هەندێــک جــار ئــاوەز پەســەندی نەدەکــرد، ســادەیی، خاکەرایــی و ئــەو میهرەبانییــە سرووشــتییەی بــوو بەرانبــەر بــەو مرۆڤــەی بەرانبەریەتــی و قســەی لەگــەڵ دەکات. ســادەیی، لەدڵــەوە ئاخافــتن، بەهەنــد وەرگرتنــی ئەویدیکــە، گوێگرتــن و بــەردەوام پێکەنینێکــی ئامــادە، لەگــەڵ ئەمانەیشــدا لــە یەکگرتــن و ماڵئاواییــدا باوەشــێکی هەبــوو تایبــەت بــە خــۆی، بەشــێوەیەکی تایبــەت بەخــۆی مرۆڤــی دەگرتــە بــاوەش، باوەشــێک پڕبوو لــە خۆشەویســتی و میهرەبانــی.

ئــەو رۆژە یاشــار کەمــال لەســەر داخوازیــی خــۆی و بــۆ باسوخواســی باشــوور، گوتــی فــڵان رۆژ وەرنــە بەشەشــاری ســوڵتان ئەحمــەد، لــەوێ هۆتێلێــک هەیــە بەنــاوی (یەشــیل ئــەڤ)، هــەر خۆیشــی گوتــی بــە کــوردی دەبێتــە (مــالا کەســک)، بێــن و لــەوێ دەمەوێــت بەدرێــژی قســە بکەیــن. ئێمــە رۆیشــتین، لەکاتــی دیاریکــراودا ئامادەبوویــن، بەداخــەوە ئــەو بــۆی نەکــرا ئامادەبێــت.

دیــارە پەیوەندیــمان لەگــەڵ یاشــار کەمــال ئیــتر دروســتببوو، ســەرباری ئــەوەی ئێمــە لــەوێ نەمایــن و لــە ئەڵمانیــا گیرســاینەوە، بــەڵام پەیوەندیــمان هــەر هەبــوو. کۆتایــی ســاڵی 2009 بەکــر شــوانی و مــن لەگــەڵ شــێرکۆ بێکــەس و یاشــار کایــا پێکــەوە پــرۆژەی گەشــتێکی یاشــار کەمالمــان داڕشــت بــۆ باشــووری کوردســتان. یاشــار کەمــال و ئایشــە بابانــی هاوژینــی یەکجــار بیرۆکەکەیــان بــەدڵ بــوو، کاری زۆرمــان بــۆ ئــەو گەشــتە کــرد، لــە رێگــەی شــێرکۆ بێکەســەوە ســەرۆککۆماری ئەودەمــی عێــراق، مــام جــەلال تاڵەبانــی [1] بــە فەرمــی یاشــار

1 - بــۆ بینینــی بانگهێشــتنامەی ســەرۆککۆماری ئەودەمــی عێــراق مــام جــەلال تاڵەبانــی تەماشــای بەشــی ئەلبوومــی وێنــەکان بکــە.

کەمالـی بانگهێشـت کـرد بـۆ کوردسـتان. بـەڵام بەداخـەوە کەوتنـی یاشـار کەمـال، پاشـان نەخۆشـکەوتنی و ڕێگەنەدانـی بـە گەشـتکردن لەلایـەن دکتۆرەکانییـەوە پێکـەوە هـۆکاری سـەرنەگرتنی ئـەو گەشـتە بـوون، گەشـتێک چاوەڕوانمـان دەکـرد ببێتـە ڕووداوێکـی دیرۆکـی.

لـە سـەردانی ڕۆژی 11ی مانگـی هەشـتی سـاڵی 2011 دا، یاشـار کەمـال و ئایشـە بابـان لەلایـەک و بەکـر شـوانی و مـن لەلایـەک، لـە ماڵـی خۆیـان لـە شـاری ئیسـتانبوڵ پلانـی تـەواوی گەشـتەکەمان داڕشـت. گەشـتێک خـۆی دەیگـوت دوا گەشـتی ژیانـی دەبێـت و لـەو گەشـتەدا کوردسـتان دەبینێـت. یەکجـار حـەزی دەکـرد و مەبەسـتی بـوو ئـەو گەشـتە سـەربگرێت، بـەڵام بەداخـەوە ..... ئەفسـوس ئـەو سـەردانە سـەرینەگرت.

* * *

یەشـار کەمـال ئـەو داهێنـەرە بـوو ڕۆمانـی زۆر، کتێبـی زۆر، هەزاران ڕسـتەی ڕەنگیـن و دەربڕینـی کاریگـەری لـە یـەک تەمەنـدا نووسـی، تەمەنێکـی پێشکەشـکرد بـە گۆرانـی بـۆ شـادی و شـکۆی مـرۆڤ، بـۆ پاراسـتنی ژینگـە و خـوەزا، هەروەهـا بـۆ هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی وەکهەڤـی و پێکەوەهەڵکـردن.

یاشـار کەمـال لـە ئەدەبیـات و داهێنانـدا ڕووبەرێکـی جێگیـر، بـەڵام چـڕ و هـاوکات فراوانـی ئافرانـدووە. تەماشـاکردنی گشـتگیر، هـاوکات وردبینانـە و گواسـتنەوەی ئـەو هەمـوو وردەکاریانـە، وردەکارییـەک کەڕەسـتەکانی چنینـی شـتی هـەرە نـازک بـن، ئاسـان نییـە.

یاشـار کەمـال ئەدەبیاتێکـی بەرهەمهێنـاوە دەشـێت بەشـێکی تەمەنـی

هــەر کەســێکمان بەشــێوەیەکی چــڕ بەخۆیــەوە، بــە ئاســت و بــە کەشــە جوداکانییــەوە ســەرقاڵ بــکات، بــەڵام ســەرقاڵبوونێک هەرگیــز خاڵــی نەبێــت لــە چێــژ وەرگرتــن و لەسەرســامبوونی بــەردەوام.

نووســین، ســازکردنی فیلــم، ناســاندنی ئەدەبیــات و هــزری یاشــار کەمــال کارێکــە لــە جــۆری هەڵزنــان بــە چیــادا بــۆ گوڵچنیــن. یاشــار کەمــال و ئەدەبیاتەکــەی کێــون، کێوێکــی ســەرکەش، چیایەکــی پــڕ لــە ڕوانگــە و شــوێنگەی جیــاواز.

لــە گــەڕان و لــە بــواری گوڵچنیــن بــەو چیایــەدا تەنیــا ئــەم چەپکەمــان بــۆ دەســکەنە کــراوە.

بەو هیوایەی چەپکێک بێت دڵگیر و شیاو...

* * *

## تێبینییەک..

هەمــوو ئــەو هەڤپەیڤینانــە تۆمــاری گرنــگ و دیرۆکیــن ســەبارەت بــە یاشــار کەمــال، ژیــان، ئەدەبیــات، هاوڕێیەتــی، بۆچوونەکانــی و ..هتــد. دیــارە کاری کــردە نییــە، هەمــوو ئەوانــە لــە فیلمێکــدا جێگەیــان بکرێتــەوە. بۆیــە هــەر هەمــوو ئــەو هەڤپەیڤینانــە و هەروەهــا ئــەو نووســینانەی دیکــەش بەســەریەکەوە بوونــە کەرەســتەی کۆکردنــەوە و ئامادەکــردن لــە دووتوێــی ئــەم کتێبــەدا. بەوهیوایــەی شایســتەی ئەدەبیــات و کەســایەتی ناوێکــی گرنگــی وەکــو یاشــار کەمــال بێــت.

بێگومــان سوپاســی هەمــوو بەشــداران دەکــەم کــە بەوپــەڕی خۆشــحاڵییەوە

ئامادەیــی خۆیــان بــۆ قســەکردن ســەبارەت بــە یاشــار کەمــاڵ دەربــڕی. خۆشـحاڵبوونێک لـە خۆشەویسـتی بـۆ نووسـەر و داهێنەرێکـی وەکـو یاشـار کەمالـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. سوپاسـی زۆر بـۆ هـەر هەموویـان.

# گوتاری یاشار کەمال، لە رۆژی 19-10-1997، لەکەنیسەی پاول لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا

## لە ئاهەنگی پێشکەشکردنی خەڵاتی ئاشتیی کتێبی[2] ئەڵمانیادا.

**" مـن هەمیشـە ویسـتوومە ببمـە سـترانبێژی رووناکـی. هەمیشـە ویسـتوومە خوێنەرانـی رۆمانەکانـم پڕبـن لـە خۆشەویسـتی".**

**" حەفتـا سـاڵە خوێنـدن و نووسـینیان لـە کـورد قەدەغـە کـردووە، کـورد ناچاربـوون پـەرە بـە ئەدەبیاتـی زارەکـی بـدەن، لـەو بوارەدا داسـتان، سـتران، شـیوەننامە و چیرۆکـی گەورەیـان داهێنـاوە. ئەدەبیاتێکـی زۆر دەوڵەمەنـدی گەلێرییـان ئافرانـدووە".**

---

2 - لە ئاهەنگەکەدا نووسەری ناسراو گونتەر گراس، سەرۆکی ئەودەمی کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا ریشارد فۆن ڤایتززێکەر (1920-2015) و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی ئەدەبی، هونەری، سیاسی و هتد ئامادەبوون.

**" توركیا دەوڵەتێكی دیموكراتە یان لەلایەن سیستەمێكی دیكتاتۆرەوە بەڕێوەدەبرێت؟ كاربەدەستانیشی سەر لەم كارە دەرناكەن".**

**" خوێنەری چیرۆكەكانی من، دەبێت هیچ كاتێك شەڕیان نەوێ، دەبێت بێز لە شەڕ بكەنەوە، خوێنەرانم دەبێت بەردەوام لە لایەنگرانی ئاشتی و پێكەوەژیان بن، ئەوانەی نووسینەكانی من دەخوێننەوە دەبێت چەوساندنەوە و بێڕێزی بە مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە پەسەند نەكەن. هەژاری رووی رەشی مرۆڤایەتییە. نابێت لە هیچ سیستەمێكدا مرۆڤ بە هەژاری بمێنێتەوە".**

**سوپاستان دەكەم ئەم خەڵاتە بەنرخەتان پێشكەشی من كرد..**

من مرۆڤێكی ئەدەبیاتڤانم، لەو دەمەوە دەستم بە كاری ئەدەبی كردووە، هەرچیم لەدەست هاتبێت بۆ مرۆڤ كردوومە. گوتم لەو دەمەوە دەستم بە كاری ئەدەبی كردووە، نەمگوت لەو دەمەوە دەستم بە نووسین كردووە، چونكە من بەشێوەی نووسین دەستم بە كاری ئەدەبی نەكرد، تاوەكو تەمەنی 17 - 18 ساڵیم داستانبێژ و دەنگبێژ بووم. ئەو رۆژگارەی لە چوكورئۆڤا [3] شاگردی دەنگبێژ و حیكایەتخوانە گەورە و گەڕۆكەكان بووم، فێربووم بە چیاكانی تۆرۆسدا بگەڕێم و داستان، سەرپێهاتی و چیرۆكە گەورەكانی خەڵك، هاوكات شیعری شین و لاواندنەوەی شاعیرانی

3 - چوكورئۆڤا: (چوكور: چاڵ. ئۆڤا: تەختایی، دەشت، پێدەشت)، پێدەشتەچاڵ. لە توركیای ئیمڕۆدا ناوچەیەكی نەوی نێوان چیاكانی تۆرۆس و كەنداوی ئەسكەندەروونە. ڕووبارەكانی سەیهان، جەیهان و تارسوس بەنێو خاكی ناوچەكەدا دەكشێن. فراوانترین رووبەری كێڵگەی لۆكە لە هەموو توركیادا دەكەوێتە ئەو خاكە بە پیتەی چوكورئۆڤاوە.

گەلێـری کۆبکەمـەوە. دەنگبێژیـم لـە بـواری فۆلکلـۆردا رێگـەی گێڕانـەوەی داسـتانی بـۆ مـن خـۆش دەکـرد.
لاواندنــەوە جۆرێکــە لــە بەیــت یــان ئــەو هەڵبەســتەی ژنــان لــە پرســە یــان شـین و لەسـەر مـردووان دەیڵێـن یاخـود دەیخوێنـن. وەکـو شـینگێڕی پیشــەیی -پرۆفیشــنال-، زۆرینــەی ژنــان لەســەر مردووەکانیــان دەلاوێنــەوە. ئـەو لۆرینانـە [4] لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی دیکـە لـە هاتووچـۆدا بـوون. بەتایبەتــی گوێگرتــن لــە لاواندنــەوەی ژنــان ســەخت بــوو.
دەنگبێـژی و حیکایەتخوانـی لـە گونـدەکان کاری منـی ئاسـان دەکـرد. ژنـان لـە دڵـەوە و خۆبەخشـانە لاواندنەوەکانـی خۆیـان بەشـێوەی نووسـین بـۆم ئامـادە دەکـرد. لـە تەمەنـی 21 سـاڵیمدا دەسـتم بـە نووسـین کـرد و یەکـەم چیرۆکـی خۆمـم نووسـی. دەقەکانــی لاواندنــەوە لــە ســاڵی 1943دا وەکــو کتێبێکــی بچـووک بڵاوکرایـەوە. پـاش چەندیـن سـاڵ، لەسـاڵی 1952دا یەکـەم چیرۆکـم بڵاوکرایـەوە. ئـەو رۆمانـەی لـە سـاڵی 1947دا دەسـتم بـە نووسـینی کردبـوو، لەسـاڵی 1953دا توانیـم تـەواوی بکـەم. هێـز و کاریگەریی هونەرمەند وشـەیە، لـە رۆژانـی دەنگبێژیمـدا لەمـە حاڵـی بـووم. کاتێـک لـە گونـدەکان تووشـی گوێگـری بـاش و بـە پـەرۆش دەبـووم، دەمبینـی چـۆن وشـەکانم بـاڵ دەگـرن و دەفـڕن. ئەمـەم دەبینـی و بـە ئەڤینێکـی زۆرتـرەوە داسـتانم دەگێڕایـەوە. ئـەو گوێگرانـەی بـە دڵ گوێیـان لـە داسـتانەکان دەگـرت، زۆرتـر هێـزی ئافراندنیـان پێدەخشـیم. دەنگبێژێکـی بەتوانـا و وەسـتا داسـتان لەبـەر ناگێڕێتـەوە، بەڵکـو بەگوێـرەی کەشــوهەوای گوێگــران و بەشــداران داهێنانــی خــۆی دەخاتــە سـەر. بـۆ ئـەو مەبەسـتە چـل سـاڵ مانـەوەی زێـڕ وەکـو زیخـی بـن ئـاو لـە هاتوچوونیـدا لـە دەنگبێژێکـەوە بـۆ یەکێکـی دیکـە، خاوێـن دەبێتـەوە، نـوێ

4 - لۆرین: بە واتای لاواندنەوە و هەروەها بە واتای لایلایەش دێت.

دەبێتــەوە و سەرراســت دەبێتــەوە. بــواری نووســین لــە ئەدەبیاتــدا تــەواو جیــاوازە، جگــە لــە قەڵــەم و کاخــەز شــتێکی دیکــە لەبەرانبــەرت نییــە. نــە دەنگێــک هەیــە، نــە مرۆڤێــک لــە هەمبەرتــە و نــە جوڵــەی جەســتە هــەس. هیــچ شــتێک نییــە. ئەدەبیاتــی دەڤکــی[5] کــەی ســەریهەڵداوە ئێمــە نایزانیــن، بــەڵام ئەدەبیاتــی نڤیســکی[6] دیرۆکــی خــۆی هەیــە. تاکــو ئــەم ســەدەیەی ئێمەیــش دەتوانیــن دەربــارەی ئەدەبیاتــی نڤیســکی بڵێیــن، کــە ئەدەبیاتــی دەڤکــی ســەرچاوەی ئەدەبیاتــی نڤیســکی بــووە. بــۆ وڵاتانــی وەکــو ئێمــە لــەم رۆژگارەیشــدا بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان وەهایــە و لــە زۆر کاتــدا رووبــەڕووی ئەدەبیاتــی دەڤکــی دەبینــەوە. گەلگامشــێک، ئەلیادەیــەک، ئۆدیســایەک، مانــاس یــان دەدە کۆرکــوت یاخــود شــانامەیەک، کــێ چ دەڵێــت بــا بیڵێــت، هەمیشــە ئەدەبیاتــی زارەکــی بانــدۆری لــە ئەدەبیاتــی نووســین کــردووە و بــووە بــە ســەرچاوە بــۆی. مــرۆڤ بــەردەوام ئەفســانە و دنیــای دەرەوەی ئافرانــدووە.

مــرۆڤ دنیــای دەرەوەی خوڵقانــدووە، بەوشــێوەیە درێــژەی بە ژیانــی خۆیداوە و خــۆی پــێ ســپاردووە. مرۆڤــەکان لــە دەمــە هــەرە ســەختەکاندا، ئەفســانە و دنیــای دەرەوەیــان داهێنــاوە، خۆیــان بــەو شــتانە ســپاردووە و بەوشــێوەیەیش ژیانــی خۆیــان ســاناتر کــردووە. مــرۆڤ کاتێــک لــە تاریکییەکەوە دێــت و بەرەو تاریکــی دەچێــت، هەســتی بــە مــردن کــردووە و پــەی پــێ بــردووە، هەروەهــا بــۆی بەرجەســتە بــووە، مرۆڤــەکان دەمێــک حەزیــان لــە ژیــان کــردووە، ئەفســانە و دنیایەکــی دیکەیــان لــەدەرەوە دروســتکردووە تاکــو لــەوێ ژیــان بەردەوامبێــت، بەوجۆرەیــش کارەکەیــان بــۆ خۆیــان ئاســانتر کــردووە. وشــە

---

5 - ئەدەبیاتی زارەکی.

6 - ئەدەبیاتی نووسراو.

مرۆڤـە، هەروەهـا خۆیـان سـپاردووە بـە وشـە هـەرە بەهێـز و کاریگـەرەکان. مـن کـە حیکایەتبێـژ و هەروەهـا نووسـەریش بـووم، هێـزی وشـە، گەورەیـی وشــە هەمیشــە لــە دڵمــدا بــووە. زانیــاری و زانابوونیــش پێشــدەکەوێت و گەشــە دەکات، ئەمــەم لــە رەگەکانــی دڵــی خۆمــەوە بیســتووە. رەخنەگــر و فەیلەســوفی فەرەنســایی رۆژێ گارودی[7] هاوڕێمــە، بــەردەوام بــە منــی دەگـوت؛ "تـۆ زۆر گرنگـی بـە وشـە دەدەیـت. وەکـو ئـەوەی بۆچوونـی تـۆ وابێــت وشــە دونیــا بەڕێوەدەبــات"، منیــش دەمگــوت؛ "بەڵــێ وشــە دونیــا بەڕێـوە دەبـات. ئەگـەر بەگشـتی دنیـا لەلایـەن وشەیشـەوە بەڕێـوە نەبرێـت، سـەرباری ئەوەیـش وشـە لـە پێشـەوەی ئـەو شـتانەوە دێـت کـە دونیایـان ئافرانـدووە و بەڕێـوەی دەبـەن". وەهـام دەگـوت.

ئەمــە هەمیشــە وێــردی ســەر زمانــم بــووە، لــە لاوێتیمــەوە بــەردەوام دووبـارەم کردووەتـەوە: خوێنـەری رۆمانەکانـی مـن، خوێنـەری چیرۆکەکانـی مـن، دەبێـت هیـچ کاتێـک شـەڕیان نـەوێ، دەبێـت بێـز لـە شـەڕ بکەنـەوە، خوێنەرانــم دەبێــت بــەردەوام لــە لایەنگرانــی ئاشــتی و پێکەوەژیــان بــن، ئەوانـەی نووسـینەکانی مـن دەخوێننـەوە دەبێـت چەوسـاندنەوە و بێڕێـزی بــە مــرۆڤ لەلایــەن مرۆڤــەوە پەســەند نەکــەن. هــەژاری رووی رەشــی مرۆڤایەتییـە. نابێـت لـە هیـچ سیسـتەمێکدا مـرۆڤ بـە هـەژاری بمێنێتـەوە. بـا مـرۆڤ خـۆی لـە شـەرمی هـەژاری داماڵێـت و لـە دڵـدا فـڕێ بدرێتـە دەرێ. بـا نەفـرەت لـەو کەسـانە بکـەن کـە مـرۆڤ گیـرۆدە دەکـەن و دەیکەنـە کۆیلـە. چونکـە مـرۆڤ نابێتـە کۆیلـە. مـرۆڤ نابێـت ئـەو وشـە نەفرەتییـە بخاتـە سـەر زار. واتـە پێویسـتە خوێنەرانـی کتێبەکانـم هیـچ کاتێـک لایەنگـری ئـەو رەفتارانـە نەبـن و بـە تەنیشـت کاری باشـەوە بـن.

---

7 - Roger Garaudy (19132012-).

لــە رۆژگاری ئەمڕۆمانــدا، خۆشــبەختانە، ئەگــەر هێــدی هێدیــش بێــت، ســەرچاوەی باشــە و خراپــە ئاشــکرا دەبێــت. دەمەوێــت ئەمــە بڵێــم کــە: مــن نووســەرێکی چــالاک و لایەنگــرم. راســتییەکەی چالاکیــی خــۆم و وشــەم. لــە لاوێتیمــەوە بــەردەوام گوتوومــە دونیــا باخچەیەکــی هــەزار گوڵــی کولتوورییــە. بەڵــێ وەهایــە و دنیــا باخچەیەکــی هــەزار گوڵــی کولتوورییــە. بەدرێژایــی دیــرۆک کولتــوورەکان یەکتریــان تێرکــردووە، کاریــان لــە یەکــتر کــردووە، لــە یەکتریــان وەرگرتــووە. شارســتانی و کولتــوورەکان تاکــو رۆژگاری ئەمرۆمــان هیــچ زیانێکیــان بــە یەکــتر نەگەیانــدووە، یەکتریــان لەنێونەبــردووە. ئەگــەر کولتوورێکــمان لــەو دنیایــە هەڵکەنــد و لەنێوبــرد، ئــەوا دەبینــە بکــوژی رەنگێــک، بۆنێــک و بکــوژی دەوڵەمەندییەکــی دنیاکەمــان.

ئەگــەر نموونــە لــە نیشــتمانەکەی خــۆم بهێنمــەوە، لــە ئانــادۆڵ، یــان لــە ســەرزەوینی دەریــای ســپی، ســەرزەوینێک ئامێــزی دەروو بــووە بــۆ هــەزاران کولتــوور، بــە هــۆکاری ئــەوەی ئانــادۆڵ و دەریازەکانــی دەریــای ســپی شــوێنی هــەزار شارســتانی و کولتــووری رەنگیــن بــوون، بوونــە ســەرچاوەی کولتــووری دونیــا. ئەمــە راســتییەکی رەهایــە. ئەگــەر بێینــە ســەر باســی دۆخــی ئەمــڕۆی نیشــمانەکەم، دەوڵەتــی عوســمانی دەوڵەتێکــی زۆر دەوڵەمەنــد بــوو لــە بــاری زمــان، کولتــوور و ئایینــەوە. ســەرزەوینی ئانادۆڵیــش کــە زۆر دەوڵەمەنــدە لــە بــواری زمــان، کولتــوور و ئایینــدا، بەشــێکبووە لــە دەوڵەتــی عوســمانی. چونکــە ئانــادۆڵ هــاوکات ســەرزەوینی دەریــای ســپی، میزۆپۆتامیــا، کەڤکاس و ســەرزەوینی دەریــای رەشــیش دەگرێتــەوە.

بەدرێژایــی دیرۆکیــش کولتوورەکانــی ئانــادۆڵ لــە یەکتریــان وەرگرتــووە و یەکتریــان تێرکــردووە. تەنیــا تەماشــایەکی دەریازەکانــی ئەگــە بکەیــن، لــە رۆژگاری بــەر لــە زایینــەوە، لــەو بەشــەی ئانادۆڵــدا تێدەگەیــن و دەبینیــن

چەنــد دەوڵەمەنــدە لــەڕووی کولتــوور و زمانــەوە. ئــەو کولتوورانــەی فەیلەسـوفی میللەتـان، هۆمێرۆسـی وا لێکـردووە سـەدان بەرهـەم بئافرێنـێ و ببێتــە ســەرچاوەی کولتــووری مرۆڤایەتــی. لــە ئانــادۆڵ لــە دروســتبوونی کۆمــار بــەدواوە و تاکــو ئێســتا زۆر لــە کولتــوورەکان بەرانبــەر بــە هەمــوو قەدەخـەکاری و رووبـەڕوو لەگـەڵ هەمـوو هەوڵەکانـی لەنێوبردنـدا، رۆژگاری نەمرەونــەژی بەڕێدەکــەن.

کۆمــار[8] هەمــوو ئــەم کولتــوور و زمانانــەی قەدەخەکــرد، قەدەخەکردنێــک تاکـو ئێسـتا هۆکارەکـەی نەزانـراوە. ویسـت و خۆشەویسـتی بـۆ دورسـتکردنی دەوڵەتێکـی یەکگرتـوو وەکـو هـۆکار پێشـاندەدەن. کەچـی لـە ئانادۆڵـی فـرە کولتـووردا نەکـرا دەوڵەتێکـی یەکگرتـوو دروسـت بکرێـت، دروسـتیش نەکـرا. ئانـادۆڵ بـەو هەمـوو کولتـوورەی خۆیـەوە دەبـوو هەتـا هەتایـە بەو چەشـنە، بـەو کولتوورانـەوە بمێنێتـەوە، خۆشەویسـتیی دەوڵەتـی یەکگرتـوو و یەکـڕوو، واتـە کولتـووری تـورک و زمانـی تورکـی، زمانـی سەردەسـتی هێنایـە ئـاراوە. بـۆ نموونـە، ژمـارەی کـورد کـە هەمیشـە سـێیەکی ئانـادۆڵ بـووە، زمانـی کـوردی و کولتـووری کـوردی، ئەگـەر ئازادانـە بمانایەتـەوە، زمـان و کولتـووری تورکیایـان دەوڵەمەنـد دەکـرد. کولتـووری تورکیـش کولتووری کـوردی دەوڵەمەنـد دەکرد. چەرکــەز، لاز و زمانەکانــی دیکــەی قەفــکاس، عــەرەب، سریانــی، ئاشــووری، یەکــتر دەوڵەمەنــد دەکــەن، هــاوکات تورکیــا و زمانــی تورکیــش. کولتــووری کەڤنـاری ئانـادۆڵ کـە سـەرچاوەی کولتـووری مرۆڤایەتییـە، ئەگـەر ئەمڕۆیـش وەکـو رۆژگاری کـۆن نەتوانێـت ئـەو رۆڵـەی پێشـووی هەبێـت، سـەرباری ئەوە دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت بـۆ دەسـتەبەرکردنی سـەرچاوەیەکی گرنـگ.

حەفتــا ســاڵە[9] خوێنــدن و نووســینیان لــە کــورد قەدەخــە کــردووە، کــورد

8 - مەبەست لە کۆماری تورکیایە.

9 - وتارەکە ساڵی 1997 پێشکەش کراوە.

ناچاربـوون پـەرە بـە ئەدەبیاتـی زارەکـی بـدەن، لـەو بـوارەدا داسـتان، سـتران، شـیوەننامە و چیرۆکـی گەورەیـان داهێنـاوە. ئەدەبیاتێکـی زۆر دەوڵەمەنـدی گەلێرییـان ئافرنـدووە. هێزی وشـەیان لە ئەدەبیاتـی زارەکیـدا تاقیکردووەتەوە. گەشـەیان بـە هونەرێکـی گـەورە داوە. ئەمـڕۆ زۆر رۆشـنبیری کـورد هەسـت بـەو کارە ناکـەن. جگـە لەوەیـش بەشـێوەیەکی پتـەو یـان هەڵسـەنگاندنی بنچینەیـی دەسـتیان بـە هەڵسـەنگاندنی ئـەو هونـەرە نەکـردووە.
ئەمـڕۆ لـە زانکۆکانـی تورکیـادا ئینسـتتیوتێک نییـە بـۆ زمـان، فۆلکلـۆر و ئەدەبیاتـی کـوردی. ئـەوەی بـەردەوام دەبینرێـت؛ لـە ئانـادۆڵ بنیاتنانـی دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی یەکڕەنـگ کارێکـی سـەختە. ئەمـە ئەگـەر بنیاتیـش بنرێـت، بـە زیانـی دەوڵەمەندێتـی تورکیـا دەشـکێتەوە. ئانـادۆڵ نیشـتمانێکی جێهڕەنـگ و مۆزائیـک ئاسـایە. گەورەیـی و دەوڵەمەندیـی ئانـادۆڵ لـە دەوڵەمەندیـی زمـان و کولتوورەکانییـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. حەفتـا سـاڵە دەوڵەتـی تـورک بـە نـاوی بنیاتنانـی دەوڵەتـی یەکگرتـووەوە کار دەکات و دەبینیـن وڵاتەکـە کەوتووەتـە چ رەوشـێکەوە، هەروەهـا سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی دەوڵەتەکـە ملـی بـەرەو پەرجوویەکـی نادیـار نـاوە.
تورکیـا دەوڵەتێکـی دیمۆکراتـە یـان لەلایـەن سیسـتەمێکی دیکتاتـۆرەوە بەڕێوەدەبرێـت؟ کاربەدەستانیشـی سـەر لـەم کارە دەرناکـەن. چ روودەدات لە سیسـتەمێکدا کـە هەمـووی تێکـەڵ و تەڤلیهـەڤ بـووە، لـە هەمـان دۆخـدا کوردیـش لـە شـوێنگەی بەرگریـدان لـە زمـان و لـە کولتوورەکەیـان.

بەڕێوەبەرێتی دەوڵەت دەڵێت:
نەخێر ئێوە سەربەخۆییتان دەوێت.
پێیان دەڵێت:
ئەگەر زمان و کولتوورەکەتان ئازاد بن، ئەودەم سەربەخۆییتان دەوێت.

بەو جۆرە 13 ساڵە[10] شەڕێکی بێ واتای پیس، شەڕێک باوەڕ ناکرێت چەند بەربادە، بەردەوامە. شەڕێک کاتی تەواوبوونیشی دیار نییە. بەشێکی گەورە لە رۆشنبیرانی تورک و کورد دەیانەوێت ئەم شەڕە هەرچی زووترە کۆتایی بێت. تورکیا بەهۆی ئەم شەڕەوە زۆر زیانی بەرکەوتووە. زیانی گەورەی لە دیمۆکراسیی تورکیا و سیستەمەکەی داوە. ئەوانیش نازانن چی بکەن و روو لە کوێ بکەن. لەپای ئەوەی چ بکەن، حەپەساو و دۆشداماون. دونیا دۆخی تورکیا لە ئێمە باشتر دەزانێت. هەموو ئەوانەی کار بۆ مافی مرۆڤ دەکەن، زیانبار بوون و مرۆڤەکان خۆیشیان زیانی گەورەیان بەرکەوت. هاوبەش و دۆستەکانی تورکیایش سەرسام و دۆشداماون. ناخوازن رووبەڕووی دۆخێکی وەها ببنەوە.
دیمۆکراسی گشتێکە لێکدانەبڕاو. دیمۆکراسی دەبێت بۆ هەموو مرۆڤەکان بێت. کەسانی راستەقینەی دیمۆکرات لە هەرکوێ دەبن با ببن، چییان لە دەست بێت بۆ ئەو مرۆڤانەی دەکەن کە خوازیاری جێگیرکردنی دیمۆکراسین، ئەوانەی شەڕ لەپێناوی دیمۆکراسیدا دەکەن و دەبێت بیکەن. من باوەڕم بە شتێکی نەگۆڕ هەیە، نەگۆڕ لە رەگەوە، مرۆڤ هەمیشە بوونەوەرێکی گەشبینە، هەناوی پڕە لە خۆشەویستی بۆ ژیان، لە تاریکییەوە هاتین و بەرەو تاریکی دەچین. ئەمە راستییەکی زۆر

10 - وەکو لە پەراوێزی پێشتردا ئاماژەی بۆ کراوە، وتارەکە ساڵی 1997 پێشکەش کراوە، شەڕیش لە باکووری کوردستان لە نێوان کۆماری تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 1984 دەستیپێکرد.
https://www.friedenspreis-des-deutschen-buchhandels.de/alle-preistraeger-seit-19501999-1990//yasar-kemal

ئاشـکرایە. بەدبوونـی زۆر، شـەڕی زۆر، زوڵمـی زۆرمـان بینـی. بـەڵام دونیـا جوانـە، نایابـە و کاری کـردە نییـە دەسـتی لێبەربدرێـت. ئـەم وشـانە وشـەی مـن نیـن، مـن ئـەم وشـانە لـە داسـتانەکان، سـترانەکان، چیرۆکـەکان، لـە لاوک و شـیوەننامە و هەروەهـا لـە دەیستۆڤیسکیشـەوە فێریانبـووم.

لـە کوێـوە دێیـن و بـۆ کـوێ دەچیـن بـا بچیـن، ئـەم دونیـا جوانـە، ئـەم ڕەنگـە و ئـەم تیشـکە، ئـەم خاکـە هـەزار و یـەک ڕەنگـە، ئـەو مرۆڤانەمـان بینـی کـە هەناویـان پـڕە لـە ئەڤیـن، ئـەرێ کـە ئەوانەمـان بینـی و ئەوانـە ژیایـن، گەلـۆ ئەگـەر نەهاتبایـن؟ ئەگـەر ئـەم دونیـا جوانەمـان نەدیبـا؟ خۆشەویسـتییەک لـە هەنـاوی مرۆڤـدا بەرانبـەر بـە ژیـان هەیـە، خۆشەویسـتییەکی نەمـرە.

مــن هەمیشــە ویســتوومە ببمــە ســترانبێژی ڕووناکــی. هەمیشــە خوازیــار بــووم خوێنەرانــی ڕۆمانەکانــم پڕبــن لــە خۆشەویســتی. تەنانــەت مــرۆڤ خۆشەویسـتی پێشکەشـی گـورگ، باڵنـدە و زیندەوەرانیـش بـکات، بەرانبـەر بەوانیـش تـژە خۆشەویسـتی بـن.

هەروەهـا بـاوەڕ وایـە؛ مرۆڤەکانـی نیشـتمانەکەم، نیشـتمانێک کـە لەسـەر خاکــی گــەورە کولتــوورەکان دانیشــتووە، بــەم شــێوەیە لــە چەقبەســتندا نامێننـەوە و سـەرلەنوێ ئـەم خاکـی کولتـوورە بەخشـندانە دەژێننـەوە. بـاوەڕ وایـە؛ درەنـگ یـان زوو دەگەینـە دیمۆکراسـیی ڕاسـتەقینە و هـاوکات لـەو بـاوەڕەدام ئـەو وڵاتانـەی لەپێنـاو دیمۆکراسـیدا تێدەکۆشـن، هاوکاریـی مرۆڤـە دیمۆکراتـەکان بکـەن.

سوپاسی هەمووتان دەکەم.

# ئاخافتنی یاشار کەمال لە - ماڵی کولتوورەکانی جیهان - لە بەرلین – 1997

**ساڵی 1997 پاش وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی کتێب لە ئەڵمانیا، لە ماڵی کولتوورەکانی جیهان لە شاری بەرلین کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی بۆ یاشار کەمال سازکرا. لەو کۆنگرەیەدا یاشار کەمال وەڵامی پرسیاری رۆژنامەڤانانی دایەوە.**

---

**- "کێشەی دیمۆکراسی لە تورکیا بە کێشەی کورددا تێدەپەڕێت. بە درێژایی مێژوو، کورد لە ئانادۆڵ سێیەکی دانیشتووانیان پێکهێناوە. لە دووسەد ساڵی بەر لە زایینەوە و تاکو ئێستا تاکە زمانی میزۆپۆتامیا زمانی کوردی بووە و زمانێکیشە زۆر دەوڵەمەند. میللەتێکی وەها ناتوێتەوە".**

**- "تاک دەوڵەت، زیانێکی گەورە لە دەوڵەتی تورک دەدات. ئەو کارە کولتووری تورکیشی لاوازکرد. تاک دەوڵەت دۆخەکەی کوشت".**

**- "بەڵام لەو سێزدە ساڵەدا نەیانتوانی گەلی کورد و گەلی تورک بکەنە**

**نەیـار، بیانکەنـە دووژمنـی یەکـتر. تـورک و کـورد هـەزار سـاڵە بـرای یەکـن، بۆیـان نەکـرا ئـەوە تێکبـدەن".**

**- "مـن بـەردەوام دەڵێـم و گوتوومـە؛ ژیـان لەگـەڵ مـن میهرەبـان بـوو، چونکـە ماوەیەکـی زۆر درێـژ لەگـەڵ سرووشـتدا ژیـام".**

---

**پرسیار: کێشەی کورد بەرەو کوێ دەڕوات؟**

**یاشـار کەمـال:** مسـتەفا کەمـال پاشـا گوتـی: کـورد و تـورک زۆر تێکەڵـن، لەنێـو یەکـدان. ژمـارەی کـورد لـە چ هەرێمێـک و ناوچەیـەک زۆرینـە بێـت، دەبێـت و پێویسـتە راسـتەوخۆ بەڕێوەبەرێتـی ئـەو شـوێنە بدرێتـە کـورد. ئەگـەر بـەم شـێوەیە نەبێـت، ئەنجـام رووبـەڕووی کێشـەی گـەورە دەبینـەوە. واتـا تووشـی بـەڵای گـەورە دەبیـن.

مـن لـە ئاخافتنێکـی درێژی چـوار پێنـج سـەعاتیی تەلەڤیزیۆنیدا بەشـداربووم و سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد قسـەم کـرد. ئامـاژەم بـەم قسـەیەی مسـتەفا کەمـال کـرد. گوتـم؛ ئێـوە گـوێ لـە مـن ناگـرن، گـوێ مەگـرن، بـەڵام ئێـوە دەڵێـن؛ ئێمـە ئاتاتورکییـن.. کەمالیسـتین، خۆتـان وەهـا دەڵێـن، کـە گـوێ لـە مـن ناگـرن، هەرنـا گـوێ لـەو بگـرن، ئێـوە بۆچـی گـوێ لـە مسـتەفا کەمـال پاشـا ناگـرن؟ کابـرا گوتوویەتـی؛ **" ئەگـەر بـەم شـێوەیە نەبێـت، ئەنجـام رووبـەڕووی کێشـەی گـەورە دەبینـەوە. واتـە تووشـی بـەڵای گـەورە دەبیـن"**، بەڵایـش دروسـتبووە. ئـێ کەواتـە بـۆ گـوێ لـەو پیـاوە ناگـرن؟

بـا زۆرتـر قسـە لەسـەر کێشـەی کـورد نەکەیـن و بـەرەو باسـی ئەدەبیـات بچیـن. پێنـج سـاڵە بـەردەوام بـاس لـە کێشـەی کـورد دەکـەم، وا یـازدە رۆژیشـە لێـرەم، لـە ئەڵمانیـا بـەردەوام باسـی کێشـەی کـورد بـۆ هەمـووان دەکـەم. لەبەرئـەوەی؛

**یەکەم:** نامەوێـت تورکیا پارچە پارچە ببێت.

**دووەم:** کوردیـش جگـە لـە پاراسـتنی زمـان و ناسـنامەی خـۆی هیـچ کاتێـک شـتێکی دیکـەی نەویسـتووە و نایەوێـت. هەروەهـا کـورد خوازیـارە دۆخـی ئابووریـی ناوچەکانـی چـاک بکرێـت.

کێشـەی دیمۆکراسـی لـە تورکیـا بـە کێشـەی کورددا تێدەپەڕێـت. بەدرێژایـی مێـژوو، کـورد لـە ئانـادۆڵ سـێیەکی دانیشـتووانیان پێکهێنـاوە. لـە دووسـەد سـاڵی بـەر لـە زایینـەوە و تاکـو ئێسـتا تاکـە زمانـی میزۆپۆتامیـا زمانـی کـوردی بـووە و زمانێکیشـە زۆر دەوڵەمەنـد. میللەتێکـی وەهـا ناتوێتـەوە. ناکرێـت بتوێندرێتـەوە. هەروەهـا تـاک دەوڵـەت، زیانێکـی گـەورە لـە دەوڵەتـی تـورک دەدات. ئـەو کارە کولتـووری تورکیشـی لاواز کـرد. تـاک دەوڵـەت دۆخەکـەی کوشـت و لەنێـوی بـرد.

دەمەوێت لێرەدا شـتێکی دیکە بە ئێوە بڵێم؛

بـۆ راوەسـتاندنی ئـەم شـەڕە، رۆژئـاوا زۆر کـەم یارمەتیدەرمانـە. لـەو بـوارەدا رۆشـنبیران، شـاعیران، رۆماننووسـان، رۆژنامەڤانـان و خەڵـک لـە رۆژئـاوا یارمەتیـمان دەدەن، لێـرەدا سوپاسـیان دەکـەم. بـە ئامانجـی ئـەوەی خەڵکەکـە یەکـتر بخـۆن، یەکـتر لەنێوببـەن. سـێزدە سـاڵە[11] گێچەڵێکـی گـەورە و گـران لـە ئارادایـە. گێچەڵێک لەلایـەن دەوڵەتـەوە، لەلایـەن پیاوانی

11 - ئەودەم، ساڵی 1997، سێزدە ساڵ بوو شەڕ لە تورکیا و باکووری کوردستان هەڵگیرسابوو. شەڕی دەوڵەت و بزاڤی کورد بە سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان.

دەوڵەتـەوە، لەلایـەن راسـتڕەوانەوە، بـەڵام لـەو سـێزدە سـاڵەدا نەیانتوانـی گەلـی کـورد و گەلـی تـورک بکەنـە نەیـار، بیانکەنـە دووژمنـی یەکـتر. تـورک و کـورد هـەزار سـاڵە بـرای یەکـن، بۆیـان نەکـرا ئـەوە تێکبـدەن.

بـۆ ئـەوەی ئاشـتی دەسـتەبەر نەبێـت، ئاپـۆ [12] وەکـو هۆکار پێشـاندەدەن. ئاپـۆ دەستپێشـخەر و دەسـتپێک نییـە. ئاپـۆ ئەنجامـە. ئاپـۆ بەشـێکە، تەنیـا بەشـێکە لـە تێکۆشـانی گـەورەی کـورد، لـە بزاڤـی بەرخوەدانـی کـورد، لـە لڤینـی خۆپاراسـتنی گەلـی کـورد، ئـەو تەنیـا بەشـێکە. لێـرەدا گەلـی کـورد بەرگـری لەخـۆی دەکات. بـۆ ئـەوەی زمانەکـەی لەدەسـت نـەدا و بیپارێزێـت. بـۆ گەیشـتن بـە زمانـی خـۆی بەرگـری دەکات. بـۆ پاراسـتنی ناسـنامەی خـۆی بەرگـری دەکات. گەلـی کـورد لـە سـۆنگەی پاراسـتنی مرۆڤبوونـی خـۆی بەرگـری لەخـۆی دەکات، لـەم بـوارەدا کـەس ناتوانـێ رێگـری لێبـکات.

بـەو چەپڵانـە[13] بێـزارم مەکـەن و لێـم تێکمـەدەن. کەناڵێکـی تەلەڤزیۆنـی بـە نـاوی ئـا تیڤـی هەیـە، لـە بەرنامـەی "سیاسـەت مەیدانـی – گۆڕەپانـی سیاسـەت"ی ئـەو کەناڵـە، سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد بەشـداربووم. لـە ئێـوارەوە دەسـتمانپێکرد و چـوار سـەعات و نیـو قسـەم کـرد. بـێ ئـەوەی هەسـت بـە بێـزاری بکـەم دەتوانـم چـوار سـەعات و نیـو لەوبارەیـەوە قسـە بکـەم، ئێوەیـش رانابـن و نـاڕۆن. چونکـە مـن خـراپ قسـە ناکـەم. ئێسـتا دەتوانـن چەپڵـە لێبـدەن. (خـۆی و ئامادەبووانیـش پێدەکەنـن.. چەپڵـەی بـە خـوڕی ئامادەبـووان).

لێـرەدا کەسـێک پرسـیار لـە دۆخـی ئازادیـی رادەربڕیـن دەکات، ئامـاژە بـە

---

12 - مەبەستی لە ئاپۆ، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجالانە

13 - لەو دانیشتنەدا چەپڵە بۆ نزیکەی هەموو رستەیەکی یاشار کەمال لێدەدرێت و ئەویش کەمێک بە تووڕەییەوە بە ئامادەبووان دەڵێت؛ واز لە چەپڵەلێدان بهێنن.

دەستبەسـەرکردنی ئەشـبەر یاغموردەرەلـی[14] دەکرێـت. هەروەهـا بـاس لـە گرتنـی نووسـەران و ڕۆژنامەوانـان دەکرێـت. یاشـار کەمـال لـەو بارەیـەوە هەنـدێ تێبینـی خـۆی دەڵێـت..

یاشـار کەمـال: باسـی یاغموردەرەلـی دەکـەم. لـە مـاوەی رابـردوودا شـانۆنامەیەکی بـە نـاوی دووپشـک بـۆ نـاردم. ئـەو شـانۆنامەیەم خوێنـدەوە.. لـە سـێ سـەعاتدا دەقەکـەم خوێنـدەوە، بـەڵام تاکـو سـەری سـبەی خـەوم لێنەکـەوت. ڕۆژی دواتـر دووبـارە خوێندمـەوە، شـەوی ڕۆژی سـێیەم جارێکـی دیکـە خوێندمـەوە، بـەرەو ئێرەیـش دەهاتـم، بـەڵام سـێ ڕۆژ خـەوم لێنەکـەوت، نەخەوتـم.

ناوەڕۆکـی شـانۆنامەکە سـەبارەت بـە دوو زیندانییە کـە ژوورەکانیان هاوشـانی یەکـن. چیرۆکـی دوو کەسـی نامـۆ بـە یـەک. ئەوەنـدەی تراژیدیایەکـی یۆنانـی کاریگەرە.

یاشـار کەمـال پاشـتر دێتـە سـەر باسـی نووسـین و سرووشـت. لەوبارەیـەوە دەڵێـت:

نەخێـر، بێگومـان ڕۆمـان بـێ سرووشـت دەنووسرێـت، بـەڵام ژیانـی ئاسـایی مـرۆڤ بـێ سرووشـت نابێـت و ناتوانیـت لەوبارەیـەوە بنووسـیت.

مـن بـەردەوام دەڵێـم و گوتوومـە؛ ژیـان لەگـەڵ مـن میهرەبـان بـوو، چونکـە ماوەیەکـی زۆر درێـژ لەگـەڵ سرووشـتدا ژیـام. دارسـتانەکان، کەنـاراوەکان، بـان تاوێـر و پێدەشـتەکان، سـەرتاپا خـوەزای ئانـادۆڵ دوازدە سـاڵان گـەڕام. وەکـو ڕۆژنامەوانێـک دەگـەڕام، لـە ساڵێکدا سـێ مانـگ دەهاتمـەوە ماڵەکـەی خـۆم. بەئانادۆڵـدا دەگـەڕام و ڕیپۆرتـاژم سـازدەکرد.

لـە دەمـی لاویمـدا کارگـەری نێـو خـاک بـووم. تەنیـا کرێـکاری نێـو خـاک

14 - ئـەودەم، سـاڵی 1997، سـێزدە سـاڵ بـوو شـەڕ لـە تورکیـا و باکـووری کوردسـتان هەڵگیرسـابوو. شـەڕی دەوڵـەت و بزاڤـی کـورد بـە سـەرکردایەتی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان.

نەبـووم، تەنیـا جووتیارێـک نەبـووم بەرهـەم بچێنـم. لـەو بـوارەدا چ کارێـک هەبێـت هـەر هەموویـم کـردووە. چوومـە نێـو ئاپـۆرای مرۆڤەکانـەوە، کاری حیزبایەتیشـم کـرد. پـاش ئەوانـە مرۆڤەکانـم زۆر لـە نزیکەوە ناسـین. ئەوەیش دەوڵەمەندییەکـە، گـەورە ئەدەبیاتـی فۆلکلۆریـی گەلانـی تورکیـا ژیـام؛ بـە تورکـی و بـە کوردییـەوە.

کاتێــک مــرۆڤ گیــرۆدە دەبێــت، مــن رۆمانێکــم هەیــە نــاوی رۆمانەکــە وەهایــە: "زەوی ئاســن و ئاســمان مــس". کاتێــک بــۆ مــرۆڤ زەوی ئاســن و ئاســمانیش مــس بێــت، ئیــتر کێشــە لــەوە بــەدواوە دەســتپێدەکات. ئەمــە جڤیــن یــان کۆکردنــەوەی ئەفســانەی گریکییــە.

مرۆڤــی ئــەم دونیایــە بریتییــە لــە ئەفســانە. لــە ئەفســانە پێکهاتــووە. ئەفسـانەکانی هیندسـتان، ئەفسـانەکانی چیـن، ئەفسـانەکانی ئاسـیای ناڤیـن، ئەفسـانەکانی ئەسـکیمۆ، ئەفسـانەکانی ئەفریقـا، جیهـان تژەیـە لـە ئەفسـانە. ئەمـە بـۆ؟ مرۆڤـەکان و جڤاتـەکان کاتێـک گیـرۆدە دەبـن، لـە تەنگەزاربوونـدا، دونیایەکـی خەیاڵـی بـۆ خۆیـان چێدەکـەن، جیهانـی ئەفسـانە بنیاتدەنێـن. دونیـای خـەون و هەروەهـا دونیایـەک سـەرتاپا لـە ئەفسـانە سـاز دەکـەن.

# گوتاری یاشار کەمال لە کاتی بەخشینی گەورە خەڵاتی کولتوور و هونەریی سەرۆکایەتی کۆمار - تورکیا لە کۆشکی چانکایا.

**ڕۆژ:** 4-12-2008

**شوێن:** ئانکارا.

**"باس لە شەڕی بچووک دەکەن، شەڕی بچووک نییە. تەنانەت کوشتنی یەک مرۆڤیش هەر شەڕە".**

**"هەمـوو شـتێک دەمرێـت، تەنانـەت بەرهەمـی نووسـەرە هـەرە مەزنـەکان دەمـرن. تەنیـا ویژدانێـک کـە لەنێـو مرۆڤدایـە نامرێـت، ئەڤینەکـەی نـاوی نامرێـت، مرۆڤێـک هەڵگـری ویـژدان و ئەڤیـن بێـت لـە ژیانـدا بەختـەوەر دەبێـت".**

یاشار کەمال لە کۆشکی چانکایا.

هەمـوو شـەڕێک، هـەر ناوێکـی هەبێـت بـا ببێـت، بریتییـە لـە سـووتاندن و کوشــتن. شــەڕ مرۆڤبوونمــان و هەروەهــا ویژدانیشــمان لەنێودەبــات. نەخۆشـییەکان، کوشـتنەکان، کوشـتنی منـداڵان، هێشـتا ژانـی زۆرتـر، ئەمـڕۆ ملیۆنـان کـەس بـە هـۆکاری برسـێتی و هـەژاری دەمـرن. لـەم بارەیـەوە ژمارە هــەن لــەلای رێکخــراوی نەتەوەیەکگرتــووەکان. مــن ناتوانــم ئاماژەیــان بــۆ بکــەم، چونکــە بابەتەکــە زۆر درێــژە دەکێشــێت و کاتــی زۆری دەوێــت. هــەژاری و نەبوونیــی مــرۆڤ بــەردەوام نابێــت، ئــەم دۆخــە بــەم شــێوەیە بــەردەوام نابێـت، یـان مرۆڤایەتـی لەنێـو دەچێـت یاخـود ئـەم سیسـتەمەی ئەمــڕۆ ناتوانــێ و نابێــت بــەردەوام بێــت، چ دەبێــت و چ دەکات بــا بیــکات، بــەم شــێوەیە بــەردەوام نابێــت. ئەمــڕۆ مرۆڤایەتــی بــە خراپتریــن رۆژگاری خۆیــدا تێدەپەڕێــت. دەبێــت ئــەم رەوشــە بگۆڕدرێــت و نابێــت بــەم ئاوایــە بــەردەوام بێــت. ئەمــڕۆ نووســەرێکی تــورک دەڵێــت: "مــن ئەمـڕۆ خەمـی ئەدەبیاتـی خـۆم نییـە، خەمـی نامووسـی خۆمـە". ئەمـڕۆ

مرۆڤـەکان بەجۆرێـک گـۆڕاون ئاوەزمـان توانـای تێگەیشـتنی ئـەو دۆخـەی نییـە، بـوون بـە ڕەگەزێکـی تـر لـە مـرۆڤ، مرۆڤـەکان بەهۆشـیارییەوە، بـە مەبەسـت یەکـتر دەکـوژن، ئەمـڕۆ دونیـای ئێمـە لـە ئاوابووندایـە، چەندیـن ڕەگـەزی ئـاژەڵ، چەندیـن توخمـی درەخـت و چەندیـن جـۆری مێـروو، گەلێـک توخمـی پەلـەوەر، دوایـان بڕایـەوە و لەنێوچـوون. ئەمـە کارەسـاتە، کارەسـاتێکە بانگـی کۆتاییهاتنـی مرۆڤایەتـی بەگوێمانـدا دەدات. کارەسـاتە، داخێکـی گەورەیـە ئەگـەر ئـەم دونیایـە بـوون و ئاسـەواری مرۆڤەکانـی تێـدا بـزر بێـت. نابێـت و ناشـێت ئـەوە ڕووبـدات. ڕۆژێـک دێـت کـۆی مرۆڤـەکان، هـەر هەموویـان لـەم مـژارە تێبگـەن. ئەمـڕۆ پرۆسـەی جیهانگیـری بەشـێوەیەکی خێـرا بـەرەو ئەوەمـان دەبـات ببیـن بـە یـەک دونیـا. هەمـوو ئەوانـەی بـەر بـای جیهانگیـری کەوتـوون، هەمـوو زمـان و گشـت کولتوورێـک زیانبـار دەبـن. ئـەوەی ئەمـڕۆ شـەڕ، ترسـی شـەڕ بـە دونیـا و وەڵاتەکەمانـی بەخشـیوە، جۆرێکـە لـە ماندووبـوون لـە خەجاڵەتیـدا. ئەمـڕۆ دونیـا و وەڵاتەکەمـان تینـووی ئاشـتییە. دووبـارەی دەکەمـەوە؛ تورکیـا وڵاتێکـە زۆرتریـن یـان گەورەتریـن پێویسـتی بـە ئاشـتی هەیـە و تینـووی ئاشـتییە. بـاس لـە شـەڕی بچـووک دەکـەن، شـەڕی بچـووک نییـە. تەنانـەت کوشـتنی یـەک مرۆڤیـش هـەر شـەڕە.

چ بەختەوەرییەکـە تاکـو ئێسـتا دونیـای ئێمـە باخچـەی هـەزار و یـەک کولتـوورە. هەمـوو کولتوورێـک ڕەنـگ و بۆنـی خـۆی هەیـە. هەڵکەنیـن و لەناوبردنـی هـەر گوڵێکـی دونیـای ئێمـە، بنبڕکـردن و لەناوبردنـی ڕەنگێـک و بۆنێکـی دونیاکەمانـە. ئەمـە دۆخێکـە مـرۆڤ لـە مرۆڤبـوون دەخـات.

بـا دۆخـی مرۆڤایەتـی لەبەرچاوبگریـن و بـا ئـەوەش بهێنینـە بەرچـاوی

خۆمـان و چاوێکـی پێدابخشـێنین؛ کاتێـک هـەر کولتوورێکـی دونیـا یـەک گـوڵ، یـەک رەنـگ و یـەک بۆنـی مرۆڤانـەی هەبێـت، یـەک زمانـی بـۆ مابێتـەوە و یـەک زاری هەبێـت، دونیایـەک یـەک زمانـی هەبێـت، دونیایەکی دەردەدارە، دونیایەکـی وەهـا لـە دۆزەخ بەربادتـرە. دەبێـت وەکـو کـەر لـە دوای دونیـای ئەمـڕۆوە رێ بکـەن و بـڕۆن. سـووک و ریسـوا دەبـن. منداڵانیـان، نەوەکانیـان، دەستاودەسـت دیـرۆک ئەمانـە ریسـوا دەکات، ئەگـەر وەکـو مـرۆڤ هەڵسـوکەت نەکـەن. مـن گوتبـووم؛ ئایـا ناکرێـت رێگایەکـی سرووشـتی، رێگایەکـی ئاسـاییی ئـەم دونیایـە بگرینەبـەر و پێیـدا بڕۆیـن؟. بـۆ دەسـتەبەرکردنی کاری بـاش، تەنیـا دەکرێـت رێـگای سرووشـتی بگرینەبـەر، هەروەهـا تەنیـا و تەنیـا بەدیمۆکراسـیدا تێپـەڕ دەبێـت. دیمۆکراسـیش شـتێک نییـە جێگیـر و نەگـۆڕ.

دیمۆکراسـی تاکـو دێـت گۆڕانـی بەسـەردا دێـت و گەشـە دەکات. هەمـوو شـتەکان لـە بـواری دیمۆکراسیشـدا تاکـو دێـت روونـتر و زەلالـتر دەبـن، هەروەهـا واتـای نـوێ لـە خـۆدا بەرجەسـتە دەکـەن. ئانـادۆل لـە سـۆنگەی دەوڵەمەندبوونـی لـە بـواری زمـان و کولتـوور رۆڵـی بـوون بە سـەرچاوەی بۆ کولتـووری دونیـا بینیـوە. زۆر سەرنجڕاکێشـە کـە کولتـووری دەریـای سـپییش، تەنانـەت بـە کولتـووری ئەمڕۆیشـییەوە، کولتـووری خـۆی گەشـەپێداوە و ئەمـڕۆ دەشـێت بڵێیـن کولتـووری دەریـای سـپی هەیـە. چونکـە دەریـای سـپی، نـەک سـەدان کولتـوور، بەڵکـو سـەرزەمینێکە ئامێـزی هـەزاران کولتـوورە. کولتـوورەکان بـەرەو ئـەوێ هاتـوون، هـەر هاتـوون و هاتـوون، بـەڵام لـەوێ جێگیـر بوونـە و نەگەڕاونەتـەوە، چونکـە نەیانتوانیـوە ئـەو دەریایـە ببـڕن و بپەڕنـەوە. بـۆ نموونـە تورکـەکان، هاتـن و لـەوێ وەسـتان

و مانـەوە، چونکـە نەیانتوانـی زۆرتـر بـڕۆن و لێـرە نیشـتەجێ بـوون. دونیـا بـەدەوری دەریـای سـپیدا سـوڕاوەتەوە، هاتـن و چـوون، کولتـوور لـە دوای کولتـوور، کولتـووری نـوێ و نـوێ و نـوێ هاتـوون، بـەم شـێوەیە شارسـتانیی ئەمـڕۆ دروسـتبووە.

ئانـادۆڵ وەکـو گشـتێکی کولتـووری دەوڵەمەنـد کـە ئێمـە پشتئەسـتوورین پێـی و باوەڕمـان پێیەتـی، بەشـداربوونی ئێمەیـە لـە گەشـە و بەرفەرەهـی کولتـووری دونیـادا. هەمـوو ئـەو گەلانـەی لـە ئانـادۆڵ دەژیـن دەبێـت زمانـی خۆیـان بەکاربهێنـن، پێویسـتە بەزمانـی زکـماک بخوێنـن، بـە زمانـی زکماکیـان پـەروەردە و فێربـوون دەسـتەبەر بکـرێ. بـەو زمانانـە دەبێـت کتێـب بنووسرێـن و فیلـم سـاز بکرێـن، ئـەودەم هەسـت دەکەیـن کولتـووری ئێمـە چەنـد دەوڵەمەنـد و جیـاوازە. سـەرکەوتن و بردنەوەمـان بـە قەدەخەکـردن نـا، لەڕێگـەی ئازادییـەوە وەدەسـت دەخەیـن و هەسـت دەکەیـن چ کارێکـی باشـمان کـردووە. مـن هیچـکات ڕەشـبین نەبـووم، بـا خوێنەرانیشـم ڕەشـبین نەبـن. ئـەم پەیامـەم زۆرجـار بەخوێنەرانـم گوتـووە: ئەوانـەی کتێبـی مـن دەخوێننـەوە؛ بـا ئاشـتیخواز بـن، ئەگەرنـا بـا ئـەرک نەکێشـن، چونکـە مـن بـۆ ئـەوە دەنووسـم، بـۆ خۆشەویسـتی دەنووسـم، بـۆ دۆسـتایەتی دەنووسـم، بـۆ دوژمنایەتیکردنـی شـەڕ دەنووسـم، بـۆ دەسـتەبەرکردنی شـتی بـاش دەنووسـم، بەپێچەوانـەوە، دەبێـت بـۆ چـی بنووسـم؟ چـی ڕوودەدات؟ هەمـوو شـتێک دەمرێـت، تەنانـەت بەرهەمـی نووسـەرە هـەرە مەزنـەکان دەمـرن. تەنیـا ویژانێـک کـە لەنـاو مرۆڤدایـە نامرێـت، ئەڤینەکـەی نـاوی نامرێـت، مرۆڤێـک هەڵگـری ویـژدان و ئەڤیـن بێـت لـە ژیانـدا بەختـەوەر دەبێـت. بەدبـوون هەمـوو دەم بەدبوونـە و

مەحکومـە بـە مـردن. ئەڤینیـش بـەردەوام ئەڤینـە و دەژی، بێکۆتایـی دەژی. تەنانــەت هەتــا ڕۆژی قیامەتیــش ئەڤیــن دەژی.

سوپاستان دەکەم[15] .

15 - یاشار کەمال لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت: ئەگەر نەخۆش نەبام، دەتانبینی چەند زۆر قسەم دەکرد.

# زولفو لیڤانەلی[16] و یاشار کەمال

## هاوڕێیەتییەکی 44 ساڵە

**"وەکو ئەوەی دونیا بایەکی خۆی بزر کردبێت"...**

زولفو لیڤانەلی سەبارەت بە مردنی یاشار کەمال

**ئەگەر ئارەزووم هەبووایە، دەمتوانی نەک پارە پەیدا بکەم، بەڵکو دەوڵەمەندیش بم، بەڵام لای من وشە پیرۆز بوو، باوەڕم بە هێزی وشە هەبوو. پێموایە نووسەرێکی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، نووسەرێک رەنجی ئەوانی دیکە بخوات، نەک نووسەر، بەڵکو مرۆڤیش نییە.**[17]

یاشار کەمال

---

16 - هۆمەر زولفو لیڤانەلی (-1946 ئانكارا) نووسەر، موزیککار، سترانبێژ، فیلمسازی نێوداری تورکیایە.

17 - یاشار کەمال سەبارەت بە خۆی دەدوێت. هەڤپەیڤین لەگەڵ ئالان باسکوێ. وەرگێڕانی لە تورکییەوە بەکر شوانی. چاپی کوردستان 2011.

## سەبارەت بە یاشار کەمال

## لەگەڵ هونەرمەند و نووسەری تورک زولفو لیڤانەلی - ئیستانبوڵ

" کاتێـک رۆمانـی حەمەدۆکـم خوێنـدەوە، ئـەوەم لەبیـرە ئـەو دەمـەی رۆمانەکـەم تەواوکـرد، ماچیـم کـرد. ئـەوە تەنیـا جارێـک بـوو لـە ژیانمـدا کتێبێـک مـاچ بکـەم. ئەوەنـدە سەرسـام بـووم بـەو کتێبـە".

- "لـە بـەردەم پاپۆڕەکانـدا هەنـدێ کـەس هەبـوون کاسـێتی کوردییـان دەفرۆشـت، لـەوێ کاسـێتمان دەکـڕی، یاشـار ئابـی بـەو شـوێنەی دەگـوت؛ ناوەنـدی کولتووریـی مـن".

- "بەبێ هیچ ماندووبوونێک 44 ساڵ باسی ئەدەبیاتمان کرد".

پرسیار: ئاشنایی و هاوڕێیەتی ئێوە و یاشار کەمال کەی و چۆن دەستیپێکرد؟

زولفو لیڤانەلی: یاشار کەمال گەورەترین هاوڕێی ژیانی منە. بە مردنی هاوڕێیەکی 44 ساڵەم لەدەستدا. بێگومان هاوڕێیەتیمان یەک لایەنە کۆتایی هات، دەنا لەلای منەوە هەر بەردەوامە. لە یاد و یادگارییەکانیدا دەژیم و دەیژیێنم. سەبارەت بە یاشار کەمال قسە دەکەم و کۆڕ ساز دەکەم، سەبارەت بە وی کۆنسێرت پێشکەش دەکەم. یاشار کەمال پاش ئێمەیش لەم زێد و وڵاتانە بەردەوام دەژی، بەڵام منیش ئەوەی لە دەستم بێت بۆ یادکردنەوەی ئەو دریخی ناکەم. لە قۆناخی خوێندنی ناوەندی بووم کاتێک رۆمانی حەمەدۆکم خوێندەوە، کتێبێک کە زۆرم خۆشویست، ئەوەم لە بیرە تەنانەت کاتێک رۆمانەکەم تەواوکرد، ماچم کرد. ئەوە تەنیا جارێک بوو لە ژیانمدا کتێبێک ماچ بکەم. ئەوەندە سەرسام بووم بەو کتێبە. لە شاری ئانکارا بووم، کوڕی دادوەر بووم، باوکم داواکاری گشتی بوو، یاشار کەمالم لە ڕێگەی رۆژنامەکانەوە دەناسی. بێگومان جیاوازیی تەمەنمان زۆرە، ئەوم مینا رۆژنامەڤانێکی بەنێوبانگ، رۆماننووسێکی بەنێوبانگ دەناسی.

پاشان رۆژێک شیوەننامەیەکم سەبارەت بە حەمەدۆک دۆزییەوە؛

" ئەی حەمەدۆک چیم لە تۆ کرد.. من دوو جاران تۆم بە ژن دا [18] "....

شیوەننامەیەک بوو لەو جۆرە. پاش ئەو دۆزینەوەیە گوتم دەبێت ئەم شیوەننامەیە بۆ یاشار کەمال بڵێمەوە. بەرهەمێکی گەلێری کە زۆریش

18 - لەسەر کێشی داتم بە مێرد. هاوسەرگیری. یان زەوجاندن.

جوانـە. پاشـان پرسـیار ئەوەبـوو، لـە کـویٚ یاشـار کەمـال بدۆزمـەوە. کاتێـک سـۆراخیم کـرد، گوتیـان لـە ئیسـتانبوڵ دەچێتـە کتێبخانـەی ئـارارات. منیـش چوومـە ئـەو کتێبخانەیـە و لـەویٚ چاوەڕێـم کـرد. رۆژی یەکـەم نەهـات، بـەڵام رۆژی دووەم هـات. قسـەم لەگـەڵ کـرد و پێمگـوت لـە ئانـکاراوە هاتـووم. شـیوەننامەیەک لەسـەر حەمـەدۆک هەیـە، ئایـا ئـاگادارن؟ مـن ئـەو دەقـەم دۆزیوەتـەوە و ئامـادەم کـردووە. گوتـی، دەمەوێـت گوێـی لێبگرم. گوتـی ماڵمان لـە باسـنکۆیە، تکایـە سـبەی وەرە. گوتـی وەرە و سـبەی کفتـەی چوکورئۆڤـات بـۆ سـاز دەکـەم، تۆیـش ئـەو بەیتـەم بـۆ بڵـێ بـە موزیکـەوە. گوتـم باشـە، باسـنکۆیی شـوێنێک بـوو دوور، رۆژی دواتـر سـازەکەم هەڵگـرت و چـووم. لەویٚ ئـەو بەیـت یـان شـیوەننامەیەم بـە موزیکـەوە پێشـکەش کـرد. زۆری بـە دڵ بـوو. زۆر سوپاسـی کـردم و دەسـتی کـرد بـە قسـە. باسـی خاڵـە هاوبەشـەکانی نێوانمـان کـرد، گوتـی؛ ئەدەبیـات، کولتـووری گـەلان، موزیکـی گەلێـری، لەنێـوان ئێمـەدان و بەوجـۆرە لـەو رۆژەوە هاوڕێیەتییـەک دەسـتیپێکرد.

رۆژی دواتـر دووبـارە یەکترمـان بینییـەوە. رۆژی دوای ئـەو رۆژەیـش دیسـان یەکترمـان بینـی. لـە ئەنجامـدا لـە سـوێد، لـە فەرەنسـا، لـە رووسـیا و لـە زۆر شـوێنی جیـاواز یەکترمـان دەبینـی و پێکـەوە دەبوویـن. لـە ئیسـتانبوڵ بـەردەوام یەکترمـان دەبینـی، وەکـو دوو هاوڕێیـش نزیکـەی هەمـوو رۆژ لـە ئیسـتانبوڵ دەگەیشـتینە یـەک. سـبەینان کـێ پێشـتر لـە خـەو هەسـتابووایە تەلەفۆنـی بـۆ ئـەوی دیکـە دەکـرد. لەبەرئـەوەی کەسـێک بـوو زۆر حـەزی بـە پێکەنیـن و قسـەی خـۆش دەکـرد، تەنانـەت لـە رۆژە هـەرە تاریکەکانیشـدا یاشـار کەمـال گاڵتـەی دەکـرد.

کاتێک تەلەفۆنی دەکرد، دەیگوت:

"تورکـم، راسـتم، تێکۆشـەرم". ئێـوە دەزانـن لـە سـوێندی ئێمـەدا شـتێکی لـەو

بابەتــە هەیــە؟؛ "تورکــم، راســتم، تێکۆشــەرم". منیــش دەمگــوت دروســتە و دەمگـوت؛ سـڵاو لـە تـۆ. ئینجـا دەیگـوت، نەخێـر تۆیـش بیڵـێ. منیـش دەمگوت باشــە و دووبــارەم دەکــردەوە؛ "تورکــم، راســتم، تێکۆشــەرم". پــاش ئــەوە مــن نوکتەیەکـم دۆزییـەوە، پێمگـوت، مـادام تـۆ کوردیـت و دەڵێیـت "تورکم، راسـتم، تێکۆشـەرم"، ئـەو دەم بـە گوێـرەی ئـەم سـوێندە بێـت، بـۆ کـورد بـەم جـۆرەی لێدێــت "کــوردم، تەمبەڵــم، چەوتــم"، بەپێچەوانــەوە وەهــا دەردەچێــت. لــە پێکەنینـدا دەپچڕایـن. بێگومـان لـە چوارچێـوەی گاڵتەپێکردنمان بە نەژادپەرسـتی و ئـاوەزی نەژادپەرسـتان ئەوەمـان دەکـرد و دەگـوت.

پاشـتر مـن بـۆ ماوەیـەک لـە شـاری سـتۆکهۆڵم ژیـام. نەمدەتوانـی بێمـەوە بـۆ تورکیـا. پـاش ئـەوەی لـە زیندانـی سـەربازیی تورکیا دەرچـووم، بەرەو سـتۆکهۆڵم چــووم و لــەوێ دەژیــام. یاشــار کەمــال و هاوژینەکەیشــی هاتــن و دوو ســاڵ پێکــەوە ژیایــن. زۆر یادگاریــی هاوبــەش و جوانــی ئــەو ڕۆژانەمــان هــەن. دواتــر گەڕاینــەوە بــۆ تورکیــا. نزیکــەی هەمــوو ڕۆژێــک پێکــەوە بوویــن. باشــە ئــەو ڕۆژانــەی پێکــەوە بوویــن، چۆنمان بەســەر دەبــرد، ئێســتا دەپرســن؟ زۆر ڕێگەمان دەکـرد و بەپـێ دەڕۆیشـتین. لـە بەشەشـاری باسـنکۆییەوە یـان فلـۆراوە تاکـو سـێرکەجی[19] بەپـێ دەڕۆیشـتین.

یاشار کەمال دەیگوت:

خـوا بـە دوو کەسـی ئادانایـی[20] گوتـووە؛ بـڕۆن، دە بـڕۆن دەی بەندەکانـی مـن، یەکێکیـان سـاکپ سـابانجی[21] - یـە، بـەوی گوتـووە بـەرەو سـەرەوە، بـەرەو دەوڵەمەنـدی بچـۆ. دووەمیشـیان یاشـار کەمالـە، پێیگوتـووە؛ لـە فلـۆراوە بـەرەو سـێرکەجی بچـۆ.

---

19 - باسنکوێی، فلۆرا، سیرکەجی لە بەشەشارەکانی ئیستانبوڵن.

20 - مەبەست لە کەسانێک خەڵکی شاری ئادانا بن.

21 - دەوڵەمەندێکی گەورەی تورکیا بوو.

لـەوێ شـتێک هەبـوو، دەیگـوت ئـەوێ ناوەنـدی کولتووریـی منـە. لەبـەردەم پاپۆڕەکانـدا هەنـدێ کـەس هەبـوون کاسـێتی کوردییـان دەفرۆشـت، لـەوێ کاسـێتمان دەکـڕی، یاشـار ئابی[22]بەو شـوێنەی دەگـوت؛ "ناوەنـدی کولتووری". خواردنمـان دەخـوارد، نوکتەمـان دەگێڕایـەوە، باسـی ئەدەبیاتمـان دەکـرد. بەبـێ هیـچ ماندووبوونێـک 44 سـاڵ باسـی ئەدەبیاتمـان کـرد. باسـمان لـە پـڕۆژەی نوێـی کتێـب دەکـرد. هەنـدێ لـە ناونیشـانی کتێبـەکان مـن دەمدۆزینـەوە و دامدەنـان. ئەوانـە بـۆ مـن بوونـە شـانازیی گـەورە. بـۆ نموونـە؛ "تەماشـا، "ئـاوی فـورات خوێنـی لێدەچۆڕێـت"، "لـە شـیوەنێکی کەربـەلاوە". ئـەو ناوانـە مـن دامنـان. پـاش ئەوەیـش "لـە تەوراتـەوە، لەبەرئـەوەی خوێنـی براکـەت لەژێـر گڵـەوە هـاوارت بـۆ دەکات"، بەشـێکیمان نـاو نـا "دەنگـی خوێـن". یاشـار کەمالیـش نـاوی هەنـدێ کتێبـی منـی دانـاوە. بـۆ نموونـە؛ "منداڵێـک لـە عەرەفـات". لەبـەر ئـەو شـتانە هاوڕێیەتیـمان زۆر درێـژەی کێشـا.

بـۆ حاڵیبـوون لـەو کارانـەی یاشـار کەمـال کردوونـی، نابـێ لـە یـەک روانگـە و ڕەهەنـدەوە تەماشـا بکرێـن. لەبەرئـەوەی کەسـێک بـوو زۆر دەوڵەمەنـد و فـرە ئالـی بـوو، مرۆڤێـک بـوو زۆر لا و تەنیشـتی جـودای هەبـوو. بـۆ نموونـە هەنـدێ کـەس دەیانویسـت بەرهەمەکانـی وەکـو ئەدەبیاتـی گونـد پێناسـە بکـەن و لـەو چوارچێوەیـەدا قەتیسـی بکـەن. راسـتە ئـەو سـەبارەت بـە گونـد دەنووسـێت، بـەڵام ناکرێـت بەرهەمەکانـی بـەو چەشـنە بنرخێنیـن و بیخەینـە چوارچێـوەی ئـەو جـۆرە ئەدەبیاتـەوە. فۆڵکنـەری[23] ئەمەریکاییـش سـەبارەت بـە ژیانـی گونـد دەینووسـی. یاشـار کەمالیـش سـەبارەت کێڵگـەی لۆکـە. هـەر نووسـەرە و شـتێک لـە هەرێمەکـەی خـۆی دەبینێـت و کاری لەسـەر دەکات،

22 - وشـەی ئابـی لـە زمانـی تورکیـدا کورتکـراوەی "ئاغـا بەیی"یـە. لـە تورکیـدا بـۆ بـرا گـەورە بەکاردێـت، وەکـو کاکـە، کەکـێ- ی کـوردی.

23 - ویلیام فۆلکنەر (1897-1962) نووسەری ئەمەریکایی و براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات.

شـتگەلێک پەیوەندییـان بـە هەمـوو جیهانـەوە هەیـە. ئەدەبیاتـی گەردوونیش بەوجـۆرە دروسـت دەبێـت. هـەر بۆیـە رۆمانەکانـی یاشـار کەمـال لـە هەمـوو جیهانـدا خۆشەویسـت بـوون.

کاتێـک لـە کۆشـکی ئیلیـزێ لـە پاریـس، فرانسـوا میـتران "خەڵاتـی شـانازی"[24] بەخشـییە یاشـار کەمـال، منیـش لەوێبـووم. ئـەو خەڵاتـە کەسـانی وەکـو فەدەریکـۆ فەلینـی[25]، یاشـار کەمـال، ژۆریـس ئیڤێنـس[26] و ئەلـی ڤیسـەل[27] وەریانگرتـووە.

ئاهەنگێکـی خـۆش و نایـاب بـوو. پـاش ئاهەنگـی ئـەو خەڵاتکردنـە، فرانسـوا میتـەران کـە ئـەودەم سـەرۆکی فەرەنسـا بـوو، لـە هەڤپەیڤینێکـی رادیۆییـدا، بـۆ خـۆم بیسـتم و بـۆ یاشـار ئابیشـم گێڕایـەوە، گوتـی:

"بـەردەوام خەونـی مـن ئەوەبـووە لـە کەنـارە فراوانەکانـی زلزەریایـەک بژیـم، کەچـی بەهـۆی کاری سیاسـییەوە ئـەو دەرفەتـەم بـۆ نەڕەخسـا و نەکـرا. بـەڵام کاتێـک بەرهەمەکانـی یاشـار کەمـال دەخوێنمـەوە، وا هەسـت دەکـەم لـە ئامێـزی فراوانـی کەنـاری زلزەریـادام".

زۆر پەسـنی یاشـار کەمـال درا، زۆریـان خۆشویسـت و لـە بـواری ئەدەبیاتـی جیهانیـدا لەگـەڵ هۆمیـرۆس و لەگـەڵ تۆلسـتۆی بـەراورد دەکـرا. لە نیشـتمانی خۆیشـی زۆر شـتیان بەرانبـەر کـرد. شـتی گـەورە. حەمـەدۆک کتێبێکـە هەموو نـەوەکان دەیخوێننـەوە. پـاش ئەویـش شـاکاری نووسـیوە. بـۆ نموونە سـێیینەی کاریتـە یـان ئەودیـوی چیـا، زەوی ئاسـن و ئاسـمان مـس، گیـای نەمـری. ئـەو

24 - Legiôn de Honor

نـاوی خەڵاتەکەیـە بـە زمانـی فەرەنسـایی. لـە سـاڵی 1802 بـە دواوە پێشـکەش دەکرێـت. بڵندتریـن خەڵاتـی دەوڵەتـە بـە کەسـانێک بدرێـت لـە بـواری مەدەنـی و سـەربازیدا کاری گەورەیـان کردبێـت. سـاڵی 1984 خەڵاتەکـە بـە یاشـار کەمـال درا.

25 - فەدەریکۆ فەلینی (1920-1993)، فیلمسازی نێوداری ئیتالیایی.

26 - ژۆریـس ئیڤێنـس (1898-1989)ی هۆڵەندایـی، بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن فیلمسـازانی بـواری دۆکیومێنتـاری دەناسرێـت لـە سـەدەی بیسـتەمدا.

27 - نووسەری ئەمەریکایی ئەلی ڤیسەل (1928-2016) و یەکێک لەوانەی لە هۆلۆکۆست رزگاری ببوو.

هەروەهـا بـراوەی خەڵاتـی نۆبڵـی ئاشـتی بـوو لـە سـۆنگەی تێکۆشـانیدا لـە دژی توندوتیـژی، چەوسـاندنەوە و رەگەزپەرسـتی.

کتێبــە نایابانــە ئــەو نووســیونی. دواتــر کتێبــی سەرســامکاری وەکــو؛ تاوانــی گــوزەری ئاســنگەران، یوســفی بچکۆلــە، دەنووســێت. بەدرێژایــی ژیانــی بەرهەمــی بەخشــی. بــەردەوام هەوڵیــداوە راســت و دروســت، هەروەهــا تەبــا لەگــەڵ پرەنســیپەکانی خۆیــدا بــژی.

ئــەو دەمــەی لێــرە دایــان بــە دادگا و حکومیــان دا، بێگومــان لەگەڵــی بوویــن، چووینــە دادگا. بەهــۆی وشــە و هەڵوێســتەوە پێنــج ســاڵ ســزای بەندکردنیــان بەســەردا ســەپاند. لەبیرمــە بــە دەســتەی دادوەرانــی گــوت: منیــش ئێــوە دادگایــی دەکــەم. "پێدەکەنێــت"...

یاشــار کەمــاڵ دەیگــوت: بــا لــە تورکیــا شــەڕ کۆتایــی بێــت و ئاشــتی بێتــەدی، بــا مرۆڤــەکان یەکــتر نەکــوژن، زمانــی کــوردی بدەنــەوە بــە کــورد، مافــی کولتووریــی خۆیــان بدەنــێ، وەکــو گەلێــک بەرێــزەوە مامەڵــە لەگــەڵ کــورد بکــەن، ئامادەبــن بــۆ ئــەوەی کــورد خــۆی بڕیــار لــە چارەنووســی خــۆی بــدات. هەروەهــا لەنێــوان گەلــی تــورک و کــورددا نەیــاری روونــەدات، ئــەو دەســتکەوتانە هەمــوو ئامانجــی منــن، ئــەو وەهــای دەگــوت.

بێگومــان سیســتەم ئەمــەی بــە دڵ نەبــوو و ســزایان دا. بــەڵام تورکیــا لــە ســۆنگەی نەنانــی ئــەو هەنگاوانــە و جێبەجێنەکردنــی ئــەو خواســتانە، دەبینین ئێســتا بــەرەو کــوێ مــل دەنێــت. ئەنجامــی کاری زۆرەملــێ و بــە تۆبــزی، نوقمبوونــە لەنێــو ئــەو هەمــوو ئــازار و ئێشــەدا.

پرســیار: پێکــەوە گەشــتی یەکێتــی ســۆڤیەت دەکــەن، لــە نێوەڕاســتی هەشــتاکاندا؟

زولفــو لیڤانەلــی: راســتە، رۆماننــووس جەنگیــز ئیتماتــۆڤ لــە ســاڵی 1986 ئێمــەی بانگهێشــت کــرد و چوویــن بــۆ رووســیا. ئــەودەم تــازە گۆرباتچــۆڤ دەســەڵاتی گرتبــووە دەســت. گۆرباتچــۆڤ بانگهێشــتی کۆشــکی کرەملینــی

کردیـن و لـەوێ پێشـوازی لـە ئێمـە کـرد. گفتوگـۆ و قسـەی دوورودرێژمـان پێکـەوە کـرد. قسـەکانی یاشـار کەمـال ئـەودەم لـە کۆشـکی کرەملیـن زۆر سەرنجڕاکێشـتر بـوون.

لێرەدا شتێکم هاتەوە بیر و دەمەوێت بە پەلە باسی بکەم.

لەوێـوە ئێمەیـان بـردە شـاری فرونـزە، ئێسـتا ناویـان گۆڕیـوە بـە بیشـکەک، پایتەختـی قرگیزسـتانە. دیـارە بـە فڕۆکەیەکـی تایبـەت. کۆبوونەوەیـەک هەبـوو لـەوێ بـە بەشـداری نووسـەران و هونەرمەنـدان. پـاش خواردنـی شیڤ، دەوروبـەری کاژێـر هەشـت یـان هەشـت و نیـو دەچـوون دەخەوتـن، هەمـوو دەچـوون دەخەوتـن. بـەڵام ئێمـە لـەو کەسـانە نیـن زوو بخەویـن. چـی بکەیـن؟ دەردەچوویـن و دەگەڕایـن. بیهێنـە بەرچـاوی خـۆت، شـوێنەکە شـوێنێک بـوو وەکـو کامپـی زانسـتگە. زۆر فـراوان و چـواردەوری بـە دیـوار گیـراو، کۆمەڵێـک ڤێـلای تێـدا بـوو، کۆمەڵێـک داری سـەروو، بەفریـش هەمـوو شـتێکی داپۆشـیبوو. شـتێکی دیکـەی لێنەبـوو. ئێمـە لەنێـو دارسـتانێکی پێچاوپێچـدا پیاسـە دەکەیـن. گۆرانـی دەچڕیـن، نوکتـە دەڵێیـن و قاقـا پێدەکەنیـن. پێمانوابـوو چـۆڵ و هۆڵـە. ڕۆژێـک لـەو ڕۆژانـە، ڕێگەمـان وێـڵ کـرد. لێـرەوە یـان لەوێـوە، بـەم ئاراسـتەیەدا یـان بـەوی دیکـەدا؟ وەکـو مشـک لـەو دارسـتانە پێچاوپێچـەدا بـزر بوویـن. سـەرما زۆری بـۆ هێنایـن، هەسـتمان بەسـەرما دەکـرد لـە پێمانـەوە بـەرەو سـەرەوە دەکشـێت. شـڵەژاین، چونکـە شـوێنەکە یەکجـار چـڕ و پێچیـدە بـوو، شـەو چ بکەیـن، بیرمـان دەکـردەوە. لەپـڕ سـەربازێکم بینـی، بـە چەکـەوە لـە چاوەڕوانیـدا بـوو. گوتـم کەسـێک لەوێیـە وەرە بـا بڕۆیـن، چوویـن و گەیشـتینە لای کابـرا، یارۆ وەکـو مەیی بێت، مینـا بەسـتبێتی وەهـا بـوو. دەتگـوت لەکاتـی شـەڕی دووەمـی جیهانییـەوە ئـەم زەلامـە لێـرەدا مەییـوە و لـەو دۆخـی مەیینـەدا هێشـتا وەسـتاوە. یاشـار

ئابـی گوتـی؛ مـن زۆر هاتوچـۆی ئـەم نـاوەم کـردووە، پێـی بڵـێ "دەلەگاسـیا"، واتـە دەلەگاسـیۆن – شـاند. کـە واتگـوت، واتـە باسـی شـاندت کـرد، ئـەو ئیـتر هەمـوو شـتێک حاڵـی دەبێـت کـە ئێمـە میوانیـن، وەهـای گـوت. بـەرەو لای چوویــن و چەنــد جارێــک وشــەکەمان دووبــارە کــردەوە؛ "دەلەگاســیا، دەلەگاســیا، دەلەگاســیا"... بــەڵام کابــرا هیــچ کاردانەوەیەکــی نییــە. ئیــتر لەبەرخۆمانــەوە قســە دەکەیــن، ئــەرێ تــۆ ئینگلیــزی دەزانیــت؟ فــڵان زمــان دەزانیـت؟ فیسـار زمـان دەزانیـت؟ هەمـوو هەوڵێـک دەدەیـن بۆئـەوەی کابـرا قسـەیەک بـکات، نەخێـر نەیکـردووە و نایـکات. بـاوەڕ ناکرێـت، یـارۆ وەکـو بەسـتبێتی راوەسـتاوە، رەپ راوەسـتاوە و ورتـەی لێـوە نایێـت. یاشـار ئابـی تـوورە بـوو، گوتـی؛ "ئـەرێ ئـەم پەزەڤەنکـە[28]" بـە چ زمانێـک قسـە دەکات؟ کابـرا لەنـاکاو گوتـی؛ "مـن خـۆم بـە تورکـی قسـە دەکـەم".

تـۆ مەڵـێ یـارۆ ئازەرییـە. یاشـار کەمـاڵ پێیگـوت؛ ئـەرێ تـۆ بـۆ وەڵامـی ئێمـە نادەیتـەوە؟ گوتـی؛ ئاخـر ئازەریـم. گوێمـان دەی باشـە، رێنیشـاندەرمان بـە و بـا بگەڕێینـەوە شـوێنەکەی خۆمـان، کابـرا ئێمـەی بـردەوە بـەرەو شـوێنی مانەوەمـان. نـاوی (ئارابـای) بـوو.

ئـەو دارسـتانەی ئێمـە واماندەزانـی چۆڵـە و هیچـی تێـدا نییـە، شـوێن بنکـەی لەشـکری سـوور، ناوەنـدی هەواڵگـری و پـڕ لـە ماشـین بـوو.

زۆر شـتی تایبـەت و جێسـەرنجمان بەسـەرهات، زۆر شـتی جـوان و نایـاب ژیایـن پێکـەوە، هەروەهـا زۆریـش گاڵتەمـان دەکـرد و پێدەکەنیـن.

پرسـیار: بەوپێیـەی هاوڕێیەتییەکـی یەکجـار تەمەندرێژتـان هەبـووە، دەمـەوێ شـتێک سـەبارەت بـە سـەرەتاکانی یاشـار کەمـاڵ بڵێـن، گەشـەی، کاراکتـەری،

28 - پەزەڤەنک: لە زمانی تورکیدا بە واتای کەسێک دێت بازرگانی بە ژنانی لەشفرۆشەوە بکات. بە زمانی بازاڕیی کارەکە، گەواد. بەڵام بە ئازەری بە واتای جوامێر و پاڵەوان دێت. ئیتر یاشار کەماڵە، کێ دەزانێت بە کام واتا بەو سەربازەی گوتووە؟.

ناسینی هەندێ کەسایەتی گرنگ لە سەرەتای نووسینیدا، هتد.
زولفو لیڤانەلی: یاشار کەمال کەسایەتییەکی یەکجار سەرنجڕاکێش بوو. لەبەرئەوەی لە کەسایەتی خۆیدا زۆر شتی بەرجەستە کردبوو.
بەڵێ لەلایەکەوە کەسێک بوو خەڵکی گوندێکی چوکورئۆڤا، منداڵێکی گوندنشین بوو، بەڵام لە رێگەی رۆشنبیرانی وەکو عارف دینۆ[29] و عابدین دینۆ[30] کە ئەودەمە دەوڵەت دەربەدری کردبوون، بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی دونیا دەناسێت. پاشان سەرقاڵی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە دەبێت سەبارەت بەیت و گۆرانی گەلێری. بەرهەم و کاری کەسانی وەکو دادالئۆغلو هەڵدەسەنگێنێ. دواتر لە کتێبخانەی رەمەزانئۆغلودا دەست بە کار دەکات و بێوچان، چوون سەوداسەرێک کتێب دەخوێنێتەوە.
پاش هەموو ئەوانە کاتێک دێتە ئیستانبوڵ، ئەو دەمەی دەگاتە ئیستانبوڵ هیچ شتێکی گوند لە هەیبەت و لە هەگبەیدا نەماوە و نییە. ئەودەم ئاشنای ئەدەبیاتی جیهانە، هاوڕێی نووسەر و رۆشنبیرەکانە، رۆژانی ئەو کتێبخانەیەی رەمەزانئۆغلوی لە هەزر و هەناودا هەڵگرتووە. دوای ئەوەی دێتە ئیستنابوڵ و دەست بە کاری رۆژنامەڤانیش دەکات، دەبێتە رووخسارێکی ئیستانبوڵی. پاشان ئەوەندە کاتی لە شارەکە بەسەربرد، تەواو بوو بە یەکێک لە رەنگە بزربووەکانی ئیستانبوڵ.
پرسیار: دەستپێک ئاماژەتان بەوە کرد کە بەسەرهاتێکی خۆشی سەعید فایەق[31] سەبارەت بە یاشار کەمال و عاشق وەیسەل[32] -تان لایە و حەز

29 - عارف دینۆ (1893-1957) نیگارکێش و شاعیر. لە هونەری شێوەکاریی تورکیادا ناوێکی گرنگە.

30 - عابدین دینۆ (1913-1993) هونەرمەندی شێوەکار و فیلمساز. عابدین دینۆ لەگەڵ نیگارکێشی نێودار پیکاسۆدا هاوڕێ بوونە. بۆ زیاتر پەیوەندی و هاوڕێیەتی گرنگی یاشار کەمال و ئەو دوو برایە تەماشاکرنی ئەم سەرچاوەیە پێویستە: یاشار کەمال سەبارەت بە خۆی دەدوێت.هەڤپەیڤین لەگەڵ ئالان باسکوێ. وەرگێڕانی لە تورکییەوە بەکر شوانی.

31 - سەعید فایەق: (1906-1954) نووسەری تورک و سەردەستەی نووسەرانی کورتەچیرۆکی نوژەن لە تورکیا.

32 - عاشق وەیسەل -شاترئۆغلو-: (1894-1973) دەنگبێژی گەلێری بەنێوبانگ.

دەکەن باسی بکەن.. زولفو لیڤانەلی: حیکایەتێکی سەیر و سەرنجڕاکێشە. ڕۆژێک سەعید فایەق لە شەقامی ئیستیقلالی ئیستانبوڵ یاشار کەمال و عاشق وەیسەل دەبینێ، ئەوان هەردووکیان قۆڵیان بە قۆڵی یەکدا کردووە و بە ڕێگەدا دەڕۆن. بەرەو بازاڕی گوڵەکە بەڕێوەن. سەعید پەلە دەکات و بەر لەوان دەگاتە جێ، بە هاوڕێ و دۆستانی دەڵێت؛ هاوڕێییان شتێکی سەیر و دەگمەنم بینی، کەمێکی تر دەگەنە ئێرە. دەپرسن؛ چ بووە؟ چیت بینیوە؟ دەڵێت؛ دوو پیاوم بینی، بە هەردووکیان یەک چاویان هەیە، پێکەوە پیاسە دەکەن و بەرەو ئێرە دێن. عاشق وەیسەل کوێر بوو، هەردوو چاوی نابینا بوو، یاشار ئابی-یش چاوێکی نابینا بوو وەکو دەزانن. سەعید فایەق دەڵێت؛ بینیم بە یەک چاو بەڕێوە دەچوون. ئەو رستە جوان و سەرنجڕاکێشە هی ئەوە، هی سەعید فایق کە دەڵێت؛ "یاشار کەمال تورکترینی کوردەکان و کوردترینی تورکەکانە".

پرسیار: لە ماوەی درێژی هاوڕێیەتی – پەیوەندیتاندا، قسەتان سەبارەت زۆر بابەتی جیاواز کردووە، لە دەمی گفتوگۆ و قسەکردندا چۆن مامەڵەتان لەگەڵ بۆچوونی یەکتر و رای جیاوازی یەکتر دەکرد؟ هیچ تووڕەبوونێک یان شتێکی لەو بابەتە روویدەدا؟

زولفو لیڤانەلی: یاشار کەمال کەسێک بوو تژی لە هەست و لە گەرمی، پڕ بوو لە جووڵە، منیش وام. بەڵام لەبەرئەوەی بۆچوونە بنچینەییەکان لە لامان چوونیەک بوون، سەبارەت بە سیاسەت، ئەدەبیات، زۆر بابەتی تریش، لەڕووی بنەماوە جیاوازیی بیرکردنەوەمان نەبوو. ئەگەر جیاوازی لە بیروبۆچووندا هەیشبا، تووڕەبوونیش هەبا، وەهامان دەگوت؛ " زۆر تووڕەیت زۆر". جارێک سەبارەت بە بابەتێک گوتم ئەمڕۆ زۆر تووڕەیت یاشار ئابی؟. دەستی کرد بە قاقای پێکەنین. پاشان ئیتر ئەویش زۆر جار

بـە منـی دەگـوت؛ "زولفـو ئاغـا زۆر تووڕەیـت زۆر". لـە کاتـی تووڕەبوونـدا، ئـەو قسـەیە هەردووکمانــی ئــارام دەکــردەوە. بــەڵام ســەبارەت بــە هیــچ مژارێـک شـەڕمان نەکـردووە. لـە بـواری سیاسـی و سـەبارەت بـە سیاسـەتیش نـە لێکترازیـن و نـە تێڕوانینـمان جیـاواز بـوو. بێگومـان مـرۆڤ لـە ژیانیـدا شـتی هەڵـە و شـتی راسـتیش دەکات، هەندێـک شـت دەکات کـە نابێـت بیانـکات و لـە کردنـی هەندێـک شـتیش پەشـیمان دەبێتـەوە. وەکـو ئێوەیـش دەزانـن ژیـان وەکـو راستەهێڵێک نـاڕوات و بـەردەوام نابێـت. بـەڵام بێگومـان دۆسـتایەتییەکی لـەو چەشـنە بـەردەوام متمانـە بـە پەیوەنـدی و درێـژەدان بـە پەیوەنـدی دەبەخشـێت.

بەدرێژایی 44 ساڵ هیچ لەیەک زویر نەبووین.

پرسـیار: کوردبوونـی و نەتوانینـی ئـەوەی بـە کـوردی بنووسـێت، ئـازاری دەدا؟ دەتوانـن لەوبارەیـەوە شـتێک بڵێـن؟

زولفـو لیڤانەلـی: تەماشـا، پێویسـتە لـەو رۆژگارە بڕوانیـن کـە یاشـار کەمالـی تێـدا لەدایکبـووە و هەروەهـا ئـەو قۆناخـەی کۆمـاری تورکیـا. یاشـار کەمـال کوردیــی دەزانــی. کوردییەکــی کەڤنــارای دەزانــی، بەشــێوەیەکی زارەکــی زمانەکـەی دەزانـی، واتـە نـەک زمانـی نـووسراو یـان نووسـین. بـۆ نموونـە نەیدەتوانـی وەکـو مەمـەد ئـوزون دەقێـک بنووسـێت، زمانـە کوردییەکـەی لـە ئاسـتێکدا نەبـوو داهێنانـی ئەدەبـی بـکات، لـەو ئاسـتەدا نەبـوو. بـەڵام دەیتوانـی بـە زەخیـرە و بـە کۆپەیڤـی جوانـی کلاسـیکی گفتوگـۆ بـکات.

لــەو رۆژگارەدا نووســەرانی دیکــەش، کــورد و رەگەزەکانــی دیکەیــش بــە زمانــی تورکــی ئەدەبیاتیــان نووســیوە؛ جاهیــد ســدقی[33] بە زمانــی تورکــی

33 -جاهید سدقی -تارانجی-: (1910-1956) کوردێکی خەڵکی ئامەد بوو. لە تەمەنێکی زۆر زوودا بە نەخۆشی مرد. رۆشنبیر و زمانزان بوو. لە ئیستانبوڵ و لە پاریس زانستگەی خوێندبوو. بۆ ماوەیەک وەرگێڕی دەوڵەت بوو لە ئانکارای پایتەختی تورکیا.

دەینووسـی، شـیعری (سـی و پێنـج سـاڵە)ی خۆشەویسـترین شـیعری تورکیـا بـوو. ئـەوە نـازم حیکمـەت، لـە شـەڕی رزگاریـدا شـیعری بـۆ مسـتەفا کەمـال نووسـیوە. مسـتەفا کەمـال لـە دەقەکانـی یاشـار کەمال-یشـدا هەیـە. ئـەو نەوەیـە، چونکـە نـەوەی پـاش شـەڕی رزگاریـن، لـە کەشـێکی وەهـادا گـەورە بـوون.

هەروەهـا شـتی بنگەهـی، ئـەو زوڵمـەی لـە کـورد کـرا، زوڵمێـک بـوو لـە لووتکـەدا، رووداوەکانـی زیندانـی دیاربەکـر، چوزانـم زۆر شـتی دیکـە، ئـەو شـتانەی بوونـە هـۆی سـەرهەڵدانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان، هەمـوو ئـەو هۆکارانـە لـەو رۆژگارەدا نەبـوون، ئـەو رۆژگارەی ئـەم سـەرقاڵی کاری ئەدەبـی بـوو، ئـەو دەمـە بـۆ کەسانی وەکـو ئەمـان نووسـینی ئەدەبیـات بـە زمانـی تورکـی و داهێنـان بـەو زمانـە جێگـەی شـانازییان بـوو، بـەڵام پـاش دەسـتپێکردنی ئـەو زوڵمـە و گەیشـتن بـەو خاڵانـە، دیـارە هەڵوێسـتی سیاسـی خـۆی هەبـوو. تەماشـای سـاڵانی پێـش ئـەو رووداوانـە بکـە، هەڵوێسـتێکی سیاسـی وەهـا لـەلای نابینـن، ئەمـان کەسـانی چـەپ و لایەنگـری کۆمـار بـوون. رێزیـان بـۆ شـەڕی رزگاری و بـۆ مسـتەفا کەمـال هەبـوو. ئەوانـە کەسـانی وەکـو؛ ئەحمـەد عـارف، نـازم حیکمـەت، جاهیـد سـدقی، ئـەو نەوەیـە بـوون. رووداوەکانـی دواتـر زۆر تیـژ و تـاڵ بـوون. یاشـار کەمـال یەکێکبـوو لـەو مرۆڤانـەی بـە باشـترین شـێوە بـە زمانـی تورکـی دەینووسـی. لەوەیشـە باشـترین نووسـەری تورکینـووس بێـت لـە تورکیـادا. زمانـی تورکـی بەدەسـتی ئـەوەوە کەرەسـتە بـوو، زمانـی نووسـینی ئـەو تورکـی بـوو.

پرسـیار: سـاڵی 2008 لـە کاتـی بەخشـینی گـەورە خەڵاتـی کولتـوور و هونـەری سـەرۆکایەتی کۆمـاری تورکیـا لـە کۆشـکی چانکایـا بـە یاشـار کەمـال، بـە ئامادەبوونـی سـەرۆککۆمار و سـەرۆکوەزیران، ئێـوە لەهەمـوو

شـوێنێک لەگەڵـی بـوون، لـەوێ نەبێـت. هۆکارێکـی تایبەتـی هەبـوو لـەوێ ئامـادە نەبـن؟

زولفو لیڤانەلی: بەم جۆرە وەڵامی پرسـیارەکەتان دەدەمەوە:

مـن لـە دژی ئـەو خەڵاتـەی دەوڵـەت بـووم بـۆ یاشـار کەمـال. لەوەیـە یەکێـک بووبێـت لـە گفتوگـۆ سـەرنجڕاکێش و دیارەکانـی ژیانمـان. گوتـم "وەریمەگـرە"، گوتـم؛ چ پێویسـت دەکات بچیـت و خـەڵات لـە دەوڵـەت وەربگریـت؟ گوتـم؛ بەبۆچوونـی مـن رەتـی بکەیتـەوە باشـترە. گوتـی نەخێـر، نابێـت، خەوشـە نەچـم. گوتـی دەچـم و وەریدەگـرم. لەبـەر ئـەو هۆکارانـە لـەو کۆبوونەوەیـەدا ئامادە نەبـووم. نەچـووم. یەکێکبـوو لـەو کۆبوونـەوە و بۆنـە هـەرە دەگمەنانـەی پێکـەوە نەبوویـن. ئـەو چـوو، بـەڵام بێگومان یاشـار کەمـال لەوێیـش تەنیـا بۆچوونـی خـۆی، بیـری خـۆی پێشـکەش کرد؛"دونیـا گوڵسـتانی هـەزار گوڵـە. بـە یـەک گـوڵ پێکنایـەت. هەمـوو زمـان و هەمـوو کولتوورێـک مافـی ژیانیـان هەیـە". لەوێیـش بۆچوونـی خـۆی، ئـەوەی خـۆی بـاوەڕی پێیەتـی دەریبـڕی و گوتـی.

بەڵام من بام، نەدەچووم[34] .

پرسـیار: ئـەو دەمـەی لـە ژووری چاودێـری چڕبـوو چوونـە لای، کاتێـک ئیـتر کەم کەسـی دەناسـییەوە، ئێـوەی ناسـییەوە؟ شـتێک هەیە باسـی بکەن؟

زولفـو لیڤانەلـی: کەسـێک کـە لـە راگەیانـدن، لـە رووبـەری ئەدەبیـات، نووسـین و هونـەردا لـە ئیسـتانبوڵ سـاڵانێکی زۆر ناوێکـی درەوشـاوە بـووە، پاشـانیش لـە زۆر شـوێنی دونیـا بەنێوبانـگ دەبێـت، لـە هەمـوو ئـەو شـوێنانەی مـن

34 - ئـەم بۆچوونـەی زولفـو لیڤانەلـی زۆرتـر پەیوەنـدی بـە پاشـاخانی چەپێتـی و لایەنگری وی هەیـە بـۆ کۆمـار، هەروەهـا شـتێک لـە دژبەرێتـی ئیسـلامی سیاسـی تێدایـە، بەتایبەتـی لـە هەمبـەر ئـاک پارتـی. بـەڵام یاشـار کەمـال وەکـو خـۆی دەیگـوت و (بەکـر شـوانی و مـن) لێـمان پرسـی سـەبارەت بـەو خەڵاتـە، ئـەو دەیگـوت مـن هەمـوو دەرفەتێـک بـۆ قسـەکردن لەسـەر دۆخ و دۆزی کـورد بەکاردێنـم. یاشـار کەمـال هەروەسـا گوتـی؛ وەکـو دەزانـن ئـەو رۆژە و لـە وتـاری خەڵاتکردنەکەیشـدا هـەر وەهـام کـرد.

بینیومـە؛ لـە فەرەنسـا، لـە سـوێد، لـە ئەمەریـکا، چەنـد ڕێزیـان لێدەگـرت، چەنـد خوێنـەری هەبـوو، هەروەهـا خەڵاتـی گـەورە گـەورەی درایـە، لـە دوا وێسـتگەدا دەوەسـتێت، ئەمـە تەمەنـە. بمانەوێـت یـان نـا شـتەکە ڕوودەدات. پـاش تێپەڕینـی نـەوەد سـاڵ لـە تەمـەن بـەرەو کەوتـن چـوو. بـەڵام بەجۆرێـک ڕۆیشـت کـە بەرانبـەر بـە مـردن بەرگـری دەکـرد. کاتێـک لـە ژووری چاودێریـی چـڕدا بـوو، بـەردەوام سـەرم لێـدەدا. ڕۆژێـک لـە ژووری چاودێریـی چـڕ هۆشـی دەهـات و دەچـوو، لـەو ڕۆژەدا مـن سـەرم لێـدا، منـی ناسـییەوە، گوتـی؛ وەرە، پرسـی؛"ئەسـپە سـپییەکەت لێرەیـە؟"، ئەوانیدیکـە سەرسـام بـوون بێگومـان، پرسـیارەکەم دەبینـی لـە سیمایاندا،"ئەسـپەکەت لێرەیـە؟" واتـای چـی؟.

مـن تێگەیشـتم، ماشـینێکی گـەورەی سـپی هەیـە، بـەو ماشـینە زۆر دەگەڕایـن، مەبەسـتی ئـەو ئۆتۆمبیلەیـە کـە دەڵێـت "ئەسـپەکەت لێرەیـە؟" گوتـم؛ "لێرەیە"، یاشـار ئابی"ئەسـپەکە لێرەیـە"، گوتـی؛ باشـە، هەڵمبگـرە و بمبـە بـەرەو لای ئەسـپەکە، بـاژۆ، گوتـی. بـاژۆ و بـەرەو چیـاکان دەچیـن و هتـد..... قسـەی دەکـرد. هەوڵیـدەدا و دەیویسـت خـۆی ڕزگار بـکات لـەو هەمـوو تـەل و وایـەر و کەرەسـتانەی پێـوەی بەسـترابوون. گوتـم؛ یاشـار ئابـی بێگومـان دەتبـەم و دەچیـن، بـەڵام ئەمـڕۆ نابێـت، ئەمـڕۆ یەکشـەممەیە و دکتـۆر لێـرە نییـە، هەروەهـا دەبێـت ئـەو شـتانە لێبکەینـەوە، ئـەو قسـانەم لەگـەڵ کـرد. گوتـی؛ مـن ئـەو شـتانە لێدەکەمـەوە و فڕێیـان دەدەم. گوتـم؛ تکایـە وا مەکـە، ئابـی تکایـە. گوتـم؛ ئـارام بـە تکایـە، سـبەی یـان دووەی دەچیـن، زۆر تـووڕە بـوو، لەنـاکاو تـووڕە بـوو، بەڵام چـۆن تووڕەبوونێـک! گوتـی؛ بەدرێژایی ژیـان متمانەم بـە تـۆ کـردووە، تۆیـش جوامێـر دەرنەچوویـت، تـۆ چـۆن لـەم دۆخـەدا مـن تەنیـا جێدەهێڵیـت؟ پـاش ئـەوە مـن چوومـە دەرەوە و کەمێـک گریـام، کەمێک هاتمـەوە سـەرخۆم، گەڕامـەوە ژوورەکـە، قسـەم لەگـەڵ کـرد، یاشـار ئابـی ئەمـە

و ئـەوە و هتـد. بێگومـان یەکجـار سـەخت بـوو، کێماسـییەکی گـەورەی ژیانـم بـوو مردنەکـەی، بۆشـاییەکی گـەورەی لـەلا دروسـتکردم، نزیکتریـن دۆسـت و هاوڕێـم لەدەسـتدا. ئـەو خـۆی بـە منـی دەگـوت؛ "تـۆ دەبێـت نـزا بـۆ ئـەم رۆژانـە بکەیـت، پـاش مردنـی مـن، دەبینـی چیـت بەسـەر دێـت".

بێگومـان تەنیـا تورکیـا نـا، بەڵکـو دونیـا کەسـێکی لەدەسـتدا، کـە هـاوکات بـە هونـەر و بـە کەسـایەتی خـۆی کەسـێکی گـەورە بـوو.

وەکو ئەوەی دونیا بایەکی خۆی بزر کردبێت.

واتا با-ی ئێمەیش هەیە. بای وەشت، شەماڵ، ڕەشەبا و سروە...

وەکـو ئـەوەی شـتێک لەوانـە بـزر بووبـن. یاشـار کەمـال وەکـو بـا وابـوو. بـۆ منیـش دونیـا پـاش مردنـی وی شـتێکی لـێ کەمـە.

پرسیار: پاش مردنی یاشار کەمال هەستتان بە چی کرد؟

زولفـو لیڤانەلـی: تاکـو ئێسـتا بـە مردنـی یاشـار کەمـال رانەهاتـووم. پـاش ئـەوەی چـووە نەخۆشـخانە، کاتـی داپێـمان تاکـو چاوەڕوانـی مردنـی بکەیـن و بـە مردنـی رابێیـن. ئێمـەی راهێنـا لەسـەر کاتێـک بـۆ مـردن. واتـە لـە رۆژێکدا یـان لەنـاکاو لـە رووداوێکـدا، یاخـود بـە وەسـتانی دڵ نەمـرد. پرۆسـەیەکی بەکاوەخـۆی مـردن بـوو. بێگومـان هەمـوو قۆنـاخ و لڤینەکانـی ئـەو پرۆسـەی مردنـە ژیایـن. کاتێـک دۆخـی تەندروسـتی بـە تـەواوی تێکچـوو، بردمانـە نەخۆشـخانە. پاشـان دووبـارە هێنامانـەوە مـاڵ. کاتێکیـش برێـک هەسـتی بـە باشـی کردبـا، دەمانـبردە دەرێ تاکـو هەوایـەک هەڵمـژێ.

هەرگیـز بیـرم لـەوە نەکردبـووەوە رۆژێـک دێت یاشـار کەمـال لەدەسـتدەدەم. وەکـو ئـەوەی هەمیشـە بـژی. ئەوەنـدە پـڕ وزە، ئەوەنـدە لەشـساخ، بەجۆرێک گەرموگـوڕ، راسـتییەکەی چونکـە بـە کێشـەی دڵ، یـان بـە رووداوێـک نەمـرد، وەکـو ئامـاژەم بـۆ کـرد، ئێمـەی لەسـەر مردنـی خـۆی راهێنـا. تاکـو

دەهـات نەخـۆش دەكـەوت، دەمانـبردە نەخۆشـخانە، دەمانهێنایـەوە مـاڵ، دووبـارە دەچووینـەوە دەرێ، دیسـانەوە دەچووینـە شـوێنێک و دادەنیشـتین، دەچووینــە ئــەو خواردنگانــەی پێمانخــۆش بــوون، خواردنێکــمان دەخــوارد، لەنێـو پارکـەکان پیاسـەیەکمان دەکـرد. ئەمانەمـان دەکـرد و پاشـان وردە وردە تەندروسـتی ناجۆرتـر دەبـوو، پرۆسـەیەک بـوو، بـەڵام دوا مانـەوەی لـە ژووری چاودێریـی چڕ زۆر سـەخت بـوو. ئیـتر حاڵـی بوویـن کـە گەشـتی ئەمجـارەی بـێ گەڕانەوەیـە، بـەڵام نەماندەویسـت بچینـە ژێـر ئـەو بـارە و ئەمەیـان پەسـەند بکەیـن.

رۆژانـی چاودێریـی چـڕ یەکجـار سـەخت تێپەڕیـن، رۆژانێکـی تـاڵ بـوون. ئیـتر تێگەیشـتین گەڕانـەوەی نییـە. لـە رۆژانـی دواییـدا زۆرتـر نەخـۆش دەکـەوت. ژمـارەی هاتوچـۆکان بـۆ نەخۆشـخانە هەڵکشـان. حاڵـی بوویـن دۆخەکـە دژوارە و گەڕانـەوەی کاری کـردە نییـە. بەتایبەتـی پـاش چاودێریـی چـڕ. ئایشـە بابـان-ی هاوسـەری زۆر بـە وردی چاودێریـی دەکـرد، لـە بـاری شـارەزایی پزیشـکییەوە لــە مــاڵ پەرسـتار هەبــوون. ئــەوەی کــە دەبــوو بکرێــت، دەوروبـەر و دکتـۆرەکان بـە خۆشەویستییەکی گـەورەوە کردیـان. بـەڵام پـاش ئـەوەی بـە خاڵـی بنبەسـت گەیشـتین، بیرمـان لـە مردنـی کەسـێکی وەکـو یاشـار کەمـال دەکـردەوە، بانـدۆری ئـەو مردنـە، دەنگدانـەوەی ئـەو مردنـە لەسـەر تورکیـا و هتـد. لەوێـدا ئەگـەری روودانـی زۆر شـتی سیاسـی هەیـە. دەبـوو بیربکەینـەوە، پرسـیار بکەیـن؛ چـۆن یادێـک سـاز بکەیـن بـۆ ئـەم نووسـەرە؟ چ تەدارەکێـک رێکبخەیـن بـۆ پرسـە، بـۆ یـاد و بـۆ شـینی وی؟ ئـەی تەرمەکـەی چـۆن بـەڕێ بکرێـت؟ دەیـان پرسـیاری وەهـا دروسـت دەبـوون و لــە زار دەردەچــوون. دەبــوو بڕیــار بدەیــن. پــاش ئــەوەی ئــەو بڕیــارە کردارسـازانەمان دا؛ لـە مزگەوتـی تەشـفیکییەوە تەرمەکەمـان بـرد، بێگومـان

کارێکـی زۆر سـەخت و گەلێـک تـاڵ بـوو. زۆر سـەنگینانە، تاکـو پێـی بڵێین "تۆ شـکۆی ئێمەیـت"، بـە نووسـینێکی سـەردەمی لاوێتـی خۆیـەوە، زۆر شایسـتە و بەڕێزانـە، لـە کەشـی تاسـەباریی راسـتەقینەدا تەرمەکـەی بـەرەو گۆڕسـتان گواسـترایەوە. هەنـدێ لـەو کەسـانەی بەشـداربوون دێنـەوە بیـرم، هاوڕێـمان تـورکان شـۆرای[35] بـاری تەندروسـتی زۆر تێکچـوو، تەنانـەت دکتـۆر فریـای کەوتـن. بەچـاوی خۆمـان بینیـمان تووشـی چ تەنگژەیەکـی تەندروسـتی بـوو. رۆژێکـی تـاڵ و دژوار بـوو. تەرمەکەمـان بـرد بـۆ گۆڕسـتانی زنجیرلـی کوێـی. لـەوێ ناشـتمان و خۆڵـمان بەسـەردا کـرد.

منیـش لەنـاکاو، لـە ناخمـەوە دەنگـی شـیوەنێک بـۆ حەمـەدۆک دەرپـەڕی. لەسـەر گۆڕەکـەی ئـەو شـینەم بـۆ گێـڕا:

**پەڕەسێلکە هێلانەی خۆی لە قوڕ ساز دەکات**
**سواخی دەدات و سواخی دەدات..**
**لەبەر بەگی زاڵم بە ئێمە دەڵێن حەمەدۆک...**

بەوجۆرە بەڕێمانکرد...

35 - تـورکان شـۆرای: (1945) ئەکتـەری نێـوداری بـواری سـینەما لـە تورکیـا. بـە سـوڵتانی سـینەمای تورکیـا نـاسراوە. لـە سـاڵی 2010 بـەدواوە باڵیـۆزی نیازپاکییـە.

# لوسیەن لایتس بەڕێوەبەری بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئونیۆن زویرخ - سویسرا

**هیچ کاتێک لە تورکیا دیموکراسی راستەقینە دەستەبەر نەبوو.**

**هیچ کاتێک تورکیا بۆی نەکرا خۆی لە گوشاری فاشیزم رزگار بکات..**

**پێویستە کولتوورەکان کار بۆ لەنێوبردنی یەکتر نەکەن، پێویستە پێکەوە هەڵبکەن.**

یاشار کەمال

## سەبارەت بە یاشار کەمال
## لەگەڵ لوسیەن لایتس بەڕێوەبەری بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
## ئونیۆن زویرخ - سویسرا

- "لـە یەکـەم دیـدارەوە یاشـارم خۆشویسـت. عاشـقی بـووم. چـۆن کەسـێک، مرۆڤێکـی کاریگـەر، مرۆڤێـک کـە دڵێکـی گـەورەی هەیـە، دەخاتـە دڵـی خۆیـەوە، بەوجـۆرە بـوو".

- " بـەر لـە بیسـت سـاڵ یاشـار کەمـال گوتـی: تەماشـای رێگەکانـی سـەر نەخشـە بکـە، بۆچـی تورکیـا ئـەو هەمـوو شـاڕێیانە بـە ئاراسـتەی سـووریا بنیـات دەنێـت؟ لـەوێ چـی هەیـە؟ چـاوەڕێ بـە و بزانـە رۆژێـک دێـت تورکیـا بـەرەو ئـەوێ دەکشـێت و هێـرش دەباتـە سـەر خاکـی ئـەوێ".

- " یاشـار کەمـال دەیگـوت: بـەر لـە نووسـینی هـەر رۆمانێکـی نوێـم، ئـەو نووسـەرەم دەخوێنـدەوە، بـۆ؟ بـۆ ئـەوەی بەهـرەم پێببەخشـێت".

- " ... ئیـتر یاشـار کەمـال ناوێکـی گـەورە و جێگیـر بـوو لـە ئەدەبیاتـی جیهانیـدا".

پرسـیار: ئەوروپاییگـەل، بەتایبەتیـش لـە زمانـی ئەڵمانیـدا بـەردەوام دەگوتـرێ و دەنووسرێـت "کـوردەکان"، منیـش دەمەوێـت بـەم پرسـیارەم دەسـتپێبکەم؛ چـۆن کوردەکانتـان ناسـین؟

لوسـیەن لایتـس: وەکـو مرۆڤێـک زانسـتی مێـژووی خوێندبێـت و هەروەهـا مەیلـی زانسـتی سیاسـەتی هەبێـت، هەمووومـان دەمانزانـی کـورد هەیـە. کـورد هـەن و دابەشـکراون بەسـەر چەنـد دەوڵەتێکـدا. دیرۆکێکـی سـەختە، زمـان و کولتووریـان قەدەخەکـراوە و دۆخـی گوشارخستنەسـەر لـە زۆر بـواردا سەردەسـتە لـەوێ، ئەوانـە شـتگەلێک بـوون مـرۆڤ لـە رۆژنامەکانـدا دەیخوێندنــەوە.

بـۆ منیـش ئاڵنگاریـی ئەوەبـوو لـەوێ، لەنێـو کـورد، چ نووسـەرێک هەیـە؟ بەوجـۆرە پەنـام بـردە بـەر هـاورێ و ناسـیاوانم، لێکۆڵینـەوەم لەسـەر لەکسـیکۆنەکان دەکـرد، لەکسـیکۆنی ئەدەبیاتـی جیهانـی، بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە پیتـی "ئـا"-وە تاکـو پیتـی "م" کارم کـرد، ئـەو دەمـە تەکنیکەکـە وەهـا بـوو، دیـارە ئێسـتا تەکنیکـی دیکـە هـەن. ئەڵماسـێک لەنـاکاو دەرکـەوت. بـۆ نموونـە دەوڵەتئابـادی لـە ئێـران.

سـاڵی 1980 لـە لەکسـیکۆندا هێڵـم بـە ژێـر نـاوی دەوڵەتئابادیـدا هێنابـوو. هەنـدێ جـار دە سـاڵ، پانـزە یـان بیسـت سـاڵ دەخایێنێـت تاوەکـو مـرۆڤ دەگاتـە ئامانجێـک. بۆیـە رۆژێـک لەسـەر کاخـەز و بەرێگـەی پۆسـت بەرهەمـی ئـەو نووسـەرەم پێگەیشـت. دەسـتم بـە خوێندنـەوەی کـرد و گوتم، بەڵـێ ئەمـە ئـەو نووسـەرەیە لـە لەکسـیکۆن دەستنیشـانم کردبـوو، شـتم سـەبارەت بـەو نووسـەرە خوێندبـووەوە. بـە سـادەیی بڵێـم ئەمـە مەراقـە. دەبێـت مـەراق هەبێـت. دەپرسـن: چـۆن کۆلۆمبـوس ئەمەریـکای دۆزییـەوە؟

ڕاستییەکەی دەبێت مرۆڤ دڵنیا بێت لەوێ شتێک هەیە، لەو پێشەوە، یان لە بەرانبەرت و بەرەوڕووی بڕۆیت. پاشان دەبێت ڕێک و ڕەوان، هەروەها بە پشووی درێژەوە بەرەو ئەوێ، بەرەو جێگەی مەبەست بەڕێکەویت.

پرسیار: ئەی یاشار کەمال، کەی ئەو نووسەرەتان ناسی؟ بەر لە دەوڵەتئابادی یان پاشتر؟

لوسیەن لایتس: پێشتر بە ئەدەبیاتی یاشار کەمال ئاشنا بووم. لە هاوڕێیەکم پرسی، بە زمانی ئەڵمانی شتێکی ئەوتۆ نییە لە ئەدەبیاتی تورکییەوە وەرگێڕدرابێت. چ نووسەرێکی گەورە هەیە لەلای ئێوە؟ ئەویش وەها وەڵامی دامەوە: یاشار، یاشار، یاشار و...

لەبیرمە ئەو هاوڕێیە پەیوەندی بۆ دروستکردین. وەکو لەبیرم بێت ساڵی 1975 یاخود 1976 بوو. یەکەمجار لە باڕی هۆتێلێکی پاریس پێیگەیشتم. لە ژێرزەوینی بچووکی ئەو هۆتێلە، لەوێ یاشار کەمال وەکو زنارێکی ئانادۆڵ دانیشتبوو. هەر لەو شوێنە دەستیکرد بە گێڕانەوە، گێڕانەوە و گێڕانەوە. قسەی بۆ دەکردم و بەسەرهاتی دەگێڕایەوە سەبارەت بە شتی پیرۆز، سەبارەت بە ڕێگر و دزەکان، سەبارەت ئاووهەوا و سەبارەت بەو مێشهەنگانەی ئەوندەی ترێیەک گەورەن. دەربارەی زۆنگاو و تووندوتیژی قسەی دەکرد، بە سادەیی بڵێم: چیرۆک، چیرۆک و چیرۆک. چیرۆک لە دوای چیرۆک.

بێگومان من زۆر سەرسام بووم پێی. لەبەرئەوەی یاشار کەمال حیکایەتخوانێکە بەشێوەیەکی زۆر چڕ چیرۆک دەگێڕێتەوە. ئەو گەنجینەیەکە لە چیرۆک و بەسەرهات پێکهاتووە. بەشێوەیەکی زۆر زیندوو، هەروەها بە هۆشیاری و ئاگاییەوە. یاشار کەمال کەسێکە هەموو ژیانی

ئـەو بەسـەرهات و چیرۆکانـەی هەڵمژیـوە و لای خـۆی کۆیکردوونەتـەوە. بـۆ مـن ئـەوە ئاشـکرابوو ئـەم مرۆڤـە ئـەو نووسـەرەیە کـە مـن دەمەوێـت بەرهەمـی بڵاوبکەمـەوە.

دەبێـت ئەوەیـش بڵێـم ئێمـە ئـەودەم هێشـتا نووسـینگەمان بـۆ وەشـانخانەکەمان نەبـوو، مـن لـە ماڵەکـەی خـۆم کاروبـاری بنکـەی بڵاوکردنـەوەم بەڕێوەدەبـرد. ئەویـش گوتـی، فەرمـوون و مۆڵەتـی دایـن بەرهەمەکانـی بڵاوبکەینـەوە، بەوشـێوەیە رۆمانەکانـی یـەک لـە دوای یـەک لـە وەشـانخانەی ئێمـە بڵاودەبوونـەوە. تاوەکـو ئێسـتا 24 کتێبـی یاشـار کەمـال لـەلای ئێمـە بڵاوکراونەتـەوە، بێگومـان بـە درێژایـی چەندیـن سـاڵ.

لـەو بـوارەدا بەشـێوەیەکی شایسـتە کار لەگـەڵ وەرگێـڕی بـاش کۆرنێلیـوس بیشـهۆف کـراوە. بێگومـان ئـەو هاوڕێـی یاشـار کەمـال بـوو. یاشـار کەمـال سـەبارەت بـە بیشـهۆف دەیگـوت: بیشـهۆف تورکـی هەمـوو ئەڵمانەکانـە و ئەڵمانـی هەمـوو تورکەکانـە.

پرسـیار: چ سـاڵێک یەکـەم کتێبـی یاشـار کەمـال لـەلای ئێـوە بـە زمانـی ئەڵمانـی بڵاوکرایـەوە و چ رۆمانێـک بـوو؟

لوسـیەن لایتـس: بابـەت و هەنـگاوی زۆر سـەخت ئەوەیـە مـرۆڤ چـۆن و بـە چ کتێبێـک بـۆ یەکەمجـار نووسـەرێک دەناسـێنێ و پێشکەشـی دەکات. مـرۆڤ دەبێـت بیـر لـە واتـای کارەکـەی بکاتـەوە و لـەو بـوارەدا حیسـاب بـۆ خوێنـەر بکات.

مـن بڕیـارم دا ئـەو بەرهەمـەی چـاپ بکەیـن کـە تاوەکـو ئەمڕۆیـش کتێبـی دڵگیـری منـە، ئەفسـانەی هـەزار گا. چیرۆکـی خێڵـە کۆچـەرەکان، چیرۆکـی کۆچەرانـی دێریـن کـە شـانازی بەخۆیانـەوە دەکـەن. بەسـەرهاتی ئـەو مرۆڤانـەی سـەدان ساڵە دێـن و دەچـن، پاشـان لـە شـوێنێکدا هـەوار دەخـەن،

وەکـو فیودالّیزمـی کەڤـار خاوەندارێتـی بنەڕەتـی نییـە لەلایـان و لەسـەر هەنـدێ شـتی وەکـو راو و کەرەسـتەی سـەرەتایی دەژیـن. دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات لەلایـان، ژینگەیـان، هەروەهـا وەرچەرخانـی مێژووییـان، یاشـار کەمـال بەشـێوەیەکی زۆر ورد پێناسـەی ئـەو چەمـک و بوارانـە دەکات. دەتوانـم تاکـو ئەمڕۆیـش ئـەو رسـتانە دووبـارە بکەمـەوە: [بێگومـان بـە زمانــی ئەڵمانــی]

"ئێمـە لـە خوراسـانەوە هاتیـن، خاکـی درەوشـاوەمان بـە کۆڵـدا داوە، لـە ژێـر خێوەتـدا، خێوەتێـک چنـدراو لـە مـووی رەشـی بـزن". زۆر کـەس دەڵێـن ئـەوێ، ئـەو ناوچەیـە ناوەنـد یـان دڵـی کولتـووری تورکمانەکانـە.

ئـەو کتێبـەی یاشـار کەمـال، یەکێکـە لـە کتێبـە گـەورە و پـڕ لـە حیکمەتەکانی، لەبەرئـەوەی بابەتـی کتێبەکـە باس لـە زەبەلاحیـی فیودالّیـزم دەکات، هەروەها باسـیش لـە ترسـناکیی فیودالّیـزم دەکات، هاوشـانی ئـەوە ئامـاژە بـە رووحـی دەرەبـەگ دەکات لـە دژی بێدڵـی، پیسـکەیی، ترسـناکیی سـەرمایەداریی نـوێ. ئـەوە شـێوازی ئـەو بـوو بـۆ سۆسـیالیزم کـە دەیگـوت:

رووحــی پێڤـاژۆی دەرەبەگایەتـی لەگـەڵ گیانـی هاوڕێیەتـی، هاوسـێیەتی ئاوێتـە بکرێـت، بەجۆرێـک پێکـەوە ببەسـترێنەوە، بەیـەک بگـەن و بـەرەو داهاتـوو ئاراسـتە بکرێـن. تاکـو دواڕۆژ رزگار بکەیـن. ئـەوە مرۆڤپەروەریـی یاشـار کەمـال بـوو.

پرسـیار: یاشـار کەمـال کەنگـێ بـە تـەواوی لـە رووبـەری زمانـی ئەڵمانیـدا نـاسرا؟

وەڵام: یاشـار کەمـال لـە ئەڵمانیـا سـەرکەوتنی گـەورەی ئەدەبیـی وەدەسـتهێنا. پـاش بڵاوبوونـەوەی بەرهەمەکانـی زۆر بـاش نـاسرا، سـاڵی 1997یـش کاتێـک خەڵاتـی ئاشـتیی کتێبـی ئەڵمانیـای وەرگـرت، ئیـتر نووسـەرێکی تـەواو ئاشـنا

بـوو. ئـەو خەڵاتـە گەورەتریـن خەڵاتـە لـە ئەڵمانیـا کـە مـرۆڤ وەدەسـتی بخـات. خەڵاتەکـە هەروەهـا بانـدۆری سیاسـی و میدیایـی زۆری هەیـە. لـە بـواری خوێنەریشـدا، ژمـارەی خوێنەرانـی لەنێـوان سـەت بـۆ دوو سـەت هـەزار هەڵکشـا، هەڵبەتـە ژمـارەی خوێنـەری نـوێ کـە لـە ئەڵمانیـا بـە یاشـار کەمـال ئاشـنا بـوون. دیـارە پێـش ئـەو خەڵاتەیـش یەکەمیـن کتێبەکانـی یاشـار کەمـال کرابوونـە ئەڵمانـی و گەیشـتبوونە خەڵـک.

خەڵــک ئاشــنا بــوون بــەو ئەدەبیاتــە. لــە وڵاتێکــی وەکــو ئەڵمانیــا کــە ژمارەیەکـی زۆری کۆچبـەری تـورک دەژیـن، کەنارخسـتن و گوێنـەدان بە یاشـار کەمـال کاری کـردە نەبـوو. پرسـیارەکە ئـەوە بـوو؛ لـە وڵاتـی ئـەم کۆچبەرانـە چ نووسـەرێکی گـەورە هەیـە. ئیـتر بـۆ ئێمەیـش وەکـو بنکـەی وەشـان و بڵاوکردنـەوە چەنـد سـاڵێکی پـڕ لـە کاری سـەخت لەگـەڵ ئەدەبیاتـی یاشـار کەمـال دەسـتپێکرد.

بەڵـێ کارێکـی سـەخت بـوو، ئاسـان نەبـوو. ئیـتر یاشـار کەمـال ناوێکـی گـەورە و جێگیربـوو لـە ئەدەبیاتـی جیهانیـدا. بێگومـان ئەدەبیاتڤـان یـان نووسـەرێک بەبـێ ئـەوەی ڕەچـاوی بابەتـی کۆچبـەری و کەشـی کۆچبـەران لـە بـواری نرخاندنیـدا ڕەچـاو بکرێـت، نەخێـر نرخاندنـی وی لـە بـواری بەرهەمەکانییـەوە بـوو، کـە لـە ئاسـتێکی یەکجـار بڵنـددا بـوون.

پرسـیار: لـەوە دەچێـت پێکـەوە زۆر گەشـتی هاوبەشـتان کردبێـت؟ لەگـەڵ نووسـەرە گـەورەکان گەشـتەکان سـەخت نابـن؟

وەڵام: لەگـەڵ یاشـار کەمالـدا کـۆڕ و سـەمیناری زۆرمـان دەکـرد. هـاوڕێ لەگـەڵ ئـەو نووسـەرە بـە هەمـوو ئەڵمانیـادا گـەڕام، لـەم تیڤـی بـۆ ئـەوی دیکـە، لـەم ڕادیـۆ بـۆ ئـەوی دیکـە، ژوان، دیـدار و هەڤپەیڤینـی جۆراوجـۆر لەگـەڵ ڕۆژنامەکانـدا، ئـەودەم زۆرینـە دەیانویسـت یاشـار کەمـال ببینـن،

بیدوێنــن، باســی ئەدەبیــات، تورکیــا و کێشــەی کــوردی لەگــەڵ بکــەن. بــەڵام بــۆ ئێمەیــش هەمــوو ئــەو شــتانە کار بــوون، کارێکــی کــەم و ئاســانیش نــا. ئــەم شــتانە لــە خۆیانــەوە یــان لــە خــۆڕا بەرهــەم نایــەن و چــێ نابــن، کاریــان دەوێــت، بــەڵام لــە بنەڕەتــدا ئەگــەر نووســەرێک بیهێنێت، واتــادار بێــت، خوێنەر خۆشـیانبوێت و ئامـاژەی بـۆ بکـەن، مـرۆڤ خـۆی پێشـنیازی کاری بـۆ دەکات، تەنانـەت کاری لـەو جـۆرە سـەختیش، چونکـە مـرۆڤ دڵنیایە ئەنجام سـەرکەوتن دەبێـت. لای مـن ئـەو بـاوەڕە هەیـە کـە خوێنـەر بـە وەفـا و راسـتگۆن، ئەگـەر نووسـەرێک لـە دڵیانـدا بلڤێـت، لـە گیانیانـدا، لـە سـەریاندا، لـە خەیاڵیانـدا، ئەو دەم خوێنـەران لەگـەڵ نووسـەرەکە بـەردەوام دەبـن. هەمـوو جـۆر و رەنگەکانی خوێنـەر بـەردەوام دەبـن لەگـەڵ نووسـەر ئەگـەر بـەو جـۆرە بێـت.

پرسیار: وەکو وەشانگەرێک چۆن یاشار کەمالتان ناسی و چۆن خۆشتانویست؟

وەڵام: دەتوانـم سـەبارەت بـە کارەکـەی خـۆم بڵێـم؛ ئەرکێکـی سـەخت و گرانـە، مـرۆڤ نووسـەرێک بەهەنـد وەربگرێـت، رێـزی لێبگرێـت، کاتـی بـۆ تەرخـان بـکات یان سـەرمایەگوزاری لەسـەر بـکات، یاخود سـەرچڵیی بەکارەکەیـەوە بکات. بـە سـادەیی بیڵێـم کاتێـک نووسـەرێکت خۆشـبوێت، بـۆ خـۆم و سـەبارەت بـە خـۆم قسـە دەکـەم، بانـدۆری بەسـەر سـەرجەم بابەتەکـەوە هەیـە و دەبێـت. کاردانـەوە سـەرەتاییەکان لـە کارەکـەدا زۆر گرنگـن، بەڕاسـتی مـن لـە یەکـەم دیـدار و دیتنـەوە یاشـارم خۆشویسـت. عاشـقی بـووم. چۆن کەسێک مرۆڤێکی کاریگـەر، مرۆڤێـک کـە دڵێکـی گـەورەی هەیـە، دەخاتـە دڵـی خۆیـەوە، بـەو جـۆرە بـوو. جگـە لـە دەربڕینـی ئـەم هەسـتە ناتوانـم شـتێکی دیکـە بڵێـم. بـەڵام سـەرباری ئـەو خۆشەویسـتییە، مـرۆڤ دەبێـت ئەرکـی خـۆی جێبەجـێ بـکات.

هەمـوو جارێـک کاتێـک یەکـمان دەگـرت، گاڵتەیەکـمان هەبـوو، دەمانگـوت: "بـا دۆڵابەکـە بکەینـەوە". بـا بیکەینـەوە و سـەبارەت بـە کتێـب قسـە بکەیـن. قسـەمان دەکـرد، سـەبارەت بـەم کتێـب و ئـەوی دیکـە، دەربـارەی ئـەوەی پێشـوو و یـان کتێبـی داهاتـوو، قسـەمان سـەبارەت بـە پـلان و نەخشـەکانمان دەکـرد. ئەمـە کاری سـەرەکیی ئێمـە بـوو. لەوەیـە ئـەوە شـێوازێک بێـت لـە کاری پێکەوەیـی کاتێـک مـرۆڤ دەیەوێـت پڕۆژەیەکـی هاوبـەش ئەنجامبدات. نووسـەرێک هەسـت بـەوە دەکات کەسـانێک هـەن کار بـۆ کتێبەکـەی، بـۆ بەرهەمەکـەی دەکـەن. ئـەوە نـەک هـەر منـی خسـتە دڵـی یاشـارەوە، بەڵکـو هەمـوو رۆژێکیـش دەیخسـتمە کارەوە.

هەندێـک کاتیـش هەبـوون پێکـەوە لـە گەشـت و گەڕانـدا بوویـن. کاتـی کۆبوونـەوەکان، لـە سـەمینارەکان، مـرۆڤ لـە یەکـتر نزیـک دەبێتـەوە، لـە شـەواندا پـاش کار و چالاکـی، لـە سـاتی لاوازی و لـە سـاتی سـەرکەوتندا، لـە دەمـی تەنیاییـدا، لـە هۆڵـە گەورەکانـی سـەمینار سـازکردندا، لـە زۆر چاوتروکاندنـدا، لـە گەلێـک دەمـی جیـاوازدا و لـە بـواری باسـکردن سـەبارەت بـە زۆر بابەتـی جێڕەنگـی وەکـو سیاسـەت، تاراوگـە، سەردەسـتی، چەوسـاندنەوەی سیاسـی و هتـد.

وەشـانگەر بەرپرسـە لـەو ئەرکـە سـەختە و پێویسـتە لەسـەری کارێـک بـکات نووسـەران بتوانـن لەسـەر بەرهەمەکانیـان بژیـن و بـەردەوام بـن. ئـەم کارەمـان لەگـەڵ زۆر نووسـەری دیکەیشـدا کـرد، بەڕاسـتی پشـتگیریمان کـردن تاکـو بتوانـن بـەردەوام بـن و کتێبەکانیـان، بەرهەمەکانیـان و پەیامەکانیـان بگـەن. ئـەو نووسـەرانەی لـە تاراوگـەن یـان لـە دۆخێکـی ترسـناکدان. ئـەو نووسـەرانەی خێزانـدار بـوون، هـاوکات ناچـاری ڕاکردنیـش بـوون، یـان لـە دۆخـی رووخانـدا بـوون، دەبێـت بڵێـم ئەمـە بەشـێک بـووە لـە کارەکـەی مـن،

بەردەوامیش منی بەختەوەر کردووە. ئێمە لێرە[36] لە وڵاتێکی تێر و پۆشتە دەژین، لە جڤاکێکی تێردا، لە دەرەوەیش، لە زۆر شوێنی دونیا، ئەوەندە دژواری و ئاستەنگ هەن، نەک هەر بۆ مرۆڤ، بەڵکو بۆ ئەدەبیاتیش، بۆیە هەندێک جار ئەو باهۆزە خۆی دەکات بە نووسینگەکانماندا، بۆ ئێمەیش ئەرێنی و باشە کاتێک کارێکی وەها دەکەین.

پرسیار: یاشار کەمال لە هەموو بەرهەمەکانیدا بەرگری لە مرۆڤ دەکات، بە رەنگ و دەنگی جیاوازەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەم نووسەرە پارێزڤانێکی گەورەی سرووشتیشە، بۆ ئێوە یاشار کەمال چییە و چ ناسنامەیەکی دەدەنێ؟

وەڵام: لە دنیای ئەدەبیاتدا جوگرافیا هیچ رۆڵێک نابینێ. سنوورەکانی وڵاتان وەکو لەسەر نەخشەکان دەبینرێن هیچ رۆڵێک نابینن، سنوورەکان هەر هەموو سنووری مێژوویین، دێن و دەچن. لە کەنگێوە سنوورەکانی ئێستای تورکیا هەن؟ بەڵام بەرانبەر بەوە ئەدەبیاتی ئەنادۆڵ هەزاران ساڵە هەیە. ئێمە لە زمانی ئەڵمانیدا هێشتا لە دەمی سازکردن و بەرهەمهێنانی شتێکدا بووین پێودانگێک بدات بە سەروای شیعر و هۆنینەوەکان، بەڵام ئەودەم، ئەوان لەوێ دەیان هەزار لاپەڕەیان بەرهەمهێناوە. مەبەستم لەوێ، لەو ناوچەیە. (روو لە من دەکات)، لە ناوچەکەی ئێوە، لە رۆژهەڵات.

ئەگەر ئێمە پرسیارەکە وەها بکەین هەڵەیە، نووسەران سەر بە چ نەتەوەیەکن؟ نووسەران سەر بە هیچ نەتەوەیەک نین. ئەوان موڵکی دونیان. هەروەها بە هیچ جۆرێک سەر بە هیچ سنوورێکی سیاسی ژ خوە نین. ئەوەی من لەم پەیوەندییەدا بە گرنگی دەزانم رەگە، رەگی نووسەرێک لە کوێوە سەرهەڵدەدات و لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵاوە.

36 - مەبەستی وەڵاتی سویسرایە.

نووسـەر لـە چ رەگێکـەوە ئەدەبیاتـی خـۆی بەرهەمهێنـاوە. بێگومـان لـە لای یاشـار کەمـال یەکێـک لـە رەگـەکان ئـەو شـێوازە کوردییـە بـاوەی گێڕانەوەیـە، حیکایەتخوانـی و دەنگبێـژی ئـەو جڤاکەیـە. یاشـار کەمـال لـەو کۆمەڵگەیـەدا گـەورە بـووە. ئـەو وای پێخـۆش بـووە ببێتـە دەنگبێـژ، بـەڵام دەنگـی بـاش و گونجـاو نەبـووە، سـەری، مێشـکی باشـتر و گونجاوتـر بـوو، بـەڵام دەنگـی بـاش نەبـوو (پێدەکەنێـت)، خـۆش نەبـوو، بۆیـە بـووە نووسـەر.

مـن وای بـۆ دەچـم هیـچ میللەتێـک نابێـت نووسـەرێک بکاتـە موڵکـی خـۆی و تەنیـا بـۆ خـۆی بانگەشـەی بـۆ بـکات. دیـارە هـەر ناوچەیـەک، هـەر کولتوورێـک رووبـەری فێربوونـە، ناوچـە و کولتوورێـک نووسـەرەکەی لێـوە هاتـووە، لـەوێ گـەورە بـووە و گەشـەی کـردووە، سـەر بەوێیـە و لـەو شـوێنەوە هاتـووە. لـە لای یاشـار کەمـال سـەرچاوەی دیکەیـش هـەن، بـۆ نموونـە رۆمانـی گرنـگ و گـەورەی فەرەنسـایی وەکـو لـە فلـۆ بێـر[37] یـان نووسـەرێکی وەکـو سـتاندال[38]، بـە تایبەتـی رۆمانـی سـوور و رەش[39]-ی ئـەو نووسـەرە، رۆمانێـک یاشـار کەمـال دەیگـوت: "بـەر لـە نووسـینی هـەر رۆمانێکـی نوێـم، ئـەو نووسـەرەم دەخوێنـدەوە، بـۆ؟ بـۆ ئـەوەی بەهـەرەم پـێ ببەخشـێت".

پرسـیار: لـە هەنـاوی ئەدەبیاتـی یاشـار کەمالـدا دەتوانـن گوێتـان لـە چ دەنگێـک بێـت؟ دەنگـی خـاک؟ یـان چ دەنگێـک؟

وەڵام: بـۆ مـن هەمیشـە یاشـار کەمـال دەنگـی ئانـادۆڵ بـووە. لـە دە هـەزار سـاڵی رابـردوودا ئانـادۆڵ بێشـکەی شارسـتانیی نـوژەن بـووە. لـە هیـچ شـوێنێکی دونیـا ئـەو هەمـوو چینـە جیـاوازە لـە کولتـوورەکان کۆنەبوونەتەوە. گەشـتێک بەنـاو ئانادۆڵـدا بکـە دەبینیـت چ هەبـووە، لـە رۆمەکانـەوە تاکـو

37 - لە فلۆ بێر – گوڵە شینەکان: ڕۆمانی نووسەری فەرەنسایی ڕیمۆن کۆنو، ساڵی 1965 بڵاوکراوەتەوە.

38 - نووسەری فەرەنسایی ماری – هێنری بەیلە ناسراو بە ستاندال (1783-1842) .

39 - رۆمانـی سـوور و ڕەش یـان "لـە ڕووژ ئـەت لـە نـوار"، رۆمانێکـی نووسـەری فەرەنسـایی سـتانداڵە و لـە سـاڵی 1830دا لـە پاریـس بڵاوکراوەتـەوە.

گریکــەکان، لەوانــەوە تاکــو خاچپەرســتان، زۆر شــت، گەلێــک کولتــوور و دیرۆکـی جـودا جـودا لـەوێ بەناویەکـدا چـوون. هەمـوو ئەوانەیـش کولتووری دونیـا و مرۆڤایەتیـن.

یاشــار کەمــال بــەردەوام دەیگــوت: "**ئانــادۆڵ وڵاتــی 72 زمانــە**". وڵاتــی خێڵـەکان، گرووپـە جـوداکان و گەلانیشـە بەهەمـان شـێوە. ئـەو گشـتە پـڕ و پتـەوە کـە یـەک ئـەوی دیکـە تـەواو دەکات، یـەک دەگاتـە ئـەوی دیکـە و لـە بـاری دیرۆکییـەوە لەگـەڵ یەکـتر، دژی یەکـتر و هاوشـانی یەکـتر دێـن و دەچن، لـە ململانـێ و بەریەککەوتنـدان، ئـەوە نـەک هـەر ئەمـڕۆ وایـە، بەڵکـو ئـەو کارلێککـردن و بەریەککەوتنـە لـە دەمـی دێرینیشـدا بـەردەوام وەهـا بـووە. ئـەوێ سـەرزەوینێکی سەرسـامکەری فێربوونـە، رێـک وەکـو ئـەوەی یاشـار کەمـال پێناسـەی چوکورئۆڤـای دەکـرد و کردوویەتـی.

یاشار کەمال باسی لە بەروبوومی کشتوکاڵی دەکرد لەوێ و دەیگوت:

خاکەکـەی بـە بەرەکەتـە و جـار هەبـوو بەروبـووم ئەوەنـدەی باڵایـەک هەڵکشـاوە. سـاڵ هەبـووە سـێ جـار بەرهەمـی هەندێـک جـۆری دانەوێڵـە پێگەیشـتووە. چـۆن ئـەوێ سـەرزەوینێکە لەبـار بـۆ کشـتوکاڵ و دانەوێڵـە، بەهەمـان شـێوە دەڤـەر و سـەرزەوینی کارای ئەدەبیاتیشـە. ئـەو خـۆی لـە ناوچەکـەدا ژیـاوە، کارا بـووە، یاشـار خـۆی بـۆ مـن گەورەتریـن و روونتریـن مۆدێلـی ئەنادۆڵـە. خـۆی ئەنادۆڵـە و ئەنادۆڵـی کەڤنـار لـە خـۆدا بەرجەسـتە دەکات. تورکیـا لـە بەردەوامیـی خـۆی و لـە گەشـەی خۆیـدا وەکـو وڵاتێکـی هاوچـەرخ هێشـتا کـۆن نییـە، دێریـن نییـە بـە واتـا و پێناسـەی دێرینـی، بـەڵام ئـەو کولتوورانـەی لـەوێ هـەن دێریـن و کەڤنـارن. ئەوەیـش لـە یاشـار کەمـال خۆیـدا دێتـە بینیـن. یاشـار کەمـال لـە شـێوە تاقانـە و چڕەکـەی خۆیـدا.

من چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە:

یاشــار کەمـاڵ لێـرە بـوو، لـە سـویسرا، لـە شـاری زویـرخ. پێکـەوە سـەرقاڵی گەشـتی خوێندنـەوە[40] بوویـن. جارێکیـان گوتـی حـەزم لـە پیتزایـە و دەمەوێ پیتــزا بخــۆم. لەســەر ئــەو گۆشــەیەی نزیــک بنکــەی وەشــانخانەکەمان خواردنگەیــەک هەیــە. بێگومــان ئیتالیایــی نیــن، کــوردن، ئــەو کەســانەی خواردنگەکـە بەڕێـوە دەبـەن هەمـوو کـوردن، یاشـار کەمـال دەچێتـە ژوورەوە، ئەوانـەی لـەو خواردنگەیـە کار دەکـەن سەرسـام دەبـن. وشـک دەبـن بـۆ چاوتروکاندنێـک. یاشـار کەمـال لـە زویـرخ؟ لـە پیتزاخانەکـەی ئێمە؟ چ شـتێک روودەدات؟ چ پێشـوازیکردنێک؟ ئیـتر مـرۆڤ دەتوانێـت بـۆ خـۆی وێنـای ئـەو دۆخـە بـکات.

بەهەرحــاڵ، دانیشــتین و خزمەتگوزارەکــە هاتــە لامــان. یاشــار کەمــال لێــی پرســی تــۆ خەڵکــی کوێیــت. ئەویــش نــاوی گوندێکــی گــوت لــەوێ، لــە ئەنــادۆڵ. پاشــان یاشــار کەمــال پێیگــوت ئــەو گونــدە بــاش دەناســم. باســی بەســەرهاتێکی کــرد لــەو گونــدە لــە کاتــی خۆیــدا روویــداوە. کــوڕی نانــەوای گونــد ئەڤینــداری کچــی قەســابی گوندەکــە بــووە، بــەڵام دایــک و باوکــی کەنیشــکەکە ناڕازیبــوون و نەیانــداوە بــە کوڕەکــە. یاشــار لێیپرســی؛ ئــەرێ ئـەو بەسـەرهاتە بـە چ ئەنجامێـک گەیشـت. ئـەو دوو عاشـقە چییـان لێهـات. ئیـتر خـۆت دۆخەکـە بێنـە بەرچـاوت، بیـری لێبکـەوە، بزانـە چییـان گوتـووە و چییـان باسـکردووە. یاشـار کەمـال ئەنادۆڵـی وەکـو ناولەپـی خـۆی دەناسـی. زۆر کەمــن ئــەو نووســەرانەی دنیــای ئەدەبیــات بــەو شــێوەیە ناوچەیەکــی دەوڵەمەنــد لــە خۆیانــدا بەرجەســتە دەکــەن.

پرســیار: پێموایــە شــتێکی تایبەتیــت هەیــە، وەکــو گوتــت لێــرەدا باســی بکەیــت؟

---

40 - گەشتی خوێندنەوە: نووسەرانی وەها پاش چاپکردنی هەر کتێبێک گەشتی خوێندنەوە دەکەن، کتێبەکەیان دەناسێنرێت، خۆیشیان چەند بەشێکی لێدەخوێننەوە و پاشان بۆ خوێنەرانی خۆیان کتێب واژۆ دەکەن.

وەڵام: یاشار کەمال بەردەوام منی سەرسام دەکرد، سەرسامکردن بە غەریزەی سیاسی خۆی. ئەو بە حیساب خوێندنی تەواو نەکردبوو، بۆی نەڕەخسابوو خوێندن تەواو بکات، بەڵام یاشار کەمال زانا بوو، زۆری دەزانی. زۆری خوێندبووەوە و هەروەها غەریزەیەکی باوەڕنەکردووی سیاسی هەبوو. ئەو نەک خۆی دەیتوانی گوهداری دەنگی خاک بکات، بەڵکو دەیتوانی باڵاکردنی گیای سیاسەتیش ببینێت و هەستی پێبکات. بیست ساڵ لەمەوبەر [41] بە منی گوت:

"تەماشای ڕێگەکانی سەر نەخشە بکە، بۆچی تورکیا ئەو هەموو شاڕێیانە بە ئاراستەی سووریا بنیات دەنێت؟ لەوێ چ هەیە؟ کەس هەیە؟ شتێک هەیە؟ خۆ شتێکی ئەوتۆی لێ نییە. هیچ پێویستییەک بەو ڕێگەیانە نییە. بەڵام چاوەڕێبە و بزانە ڕۆژێک دێت تورکیا بەرەو ئەوێ دەکشێت و هێرش دەباتە سەر خاکی ئەوێ".

یاشار کەمال ئەمەی بەر لە بیست ساڵ بە من گوت.

41 - ئەم دیدارەی لوسیەن لایتس ڕۆژی 28\2\2020 لە شاری زویرخ لە بنکەی وەشانخانەی ئونیۆن سازکراوە. واتە یاشار کەمال ئەو قسەیەی لە ساڵی 2000دا بۆ بەڕێز لایتس کردووە.

نۆربێرت مێکلەنبورگ[42] سەبارەت بە یاشار کەمال

# "بە یەکێک لە گرنگترین رۆماننووسانی نوژەنی دەبینم لە ئەدەبیاتی جیهاندا".

**-"لـە دەڤـەری وان- ەوە دوور بـووم، بـەڵام داسـتان، لاوک و نهێنیـی زمانـی کوردیـم لـە هـۆش و گۆشـدا هەڵگرتـووە".**

**-"چەنـد لـە سرووشـت و گیانلەبـەران دوور بکەوینـەوە ئەوەنـدە لـە خۆمـان دوور دەکەوینەوە".**

یاشار کەمال

42 - پرۆفیسۆر، دۆکتۆر نۆربێرت مێکلەنبورگ (1943 - ئەڵمانیا) نووسەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانستگە. پسپۆڕی ئەدەب، رەخنەی ئەدەبی، هەروەها گێرمانیستیکە. کتێب و نووسینەکانی سەرچاوەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانستگە و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەدا.

**- " یاشـار کەمـال لەڕێـی حەمەدۆکـەوە بـە خوێنەرانـی تـورک دەڵێـت؛ ئـەم دۆخـی یاخیبوونـە لـە ئانـادۆڵ هەمیشـە هەبـووە و هەیـە".**

**- "خوێنەرێـک بـۆ ئـەو بەرهەمانـە کـراوە نەبێـت و نەیانخوێنێتـەوە، شـتێک لەدەسـت دەدات، شـتێک بـزر دەکات".**

**- " یاشـار کەمـال: ئـەوەی زمانـی ئەوانـی دی دەتوێنێتـەوە زمانـی خۆیشـی لەدەسـتدەدات".**

پرسیار: چۆن لەگەڵ یاشار کەمال و ئەدەبیاتەکەیدا ئاشنا بوون؟

نۆربێـرت مێکلەنبـورگ: ئاشـنابوون، مـرۆڤ دەتوانێـت وابڵێـت. دیـارە مـن پیشـەکەم ئەدەبیاتـە و لـەو ڕێگەیـەوە ئاشـنای یاشـار کەمـال و ئەدەبیاتـی وی بـووم. پاشـان مـن لـە تورکیـاش کاری زانسـتیم دەکـرد و لەوێیـش دەژیـم، ژیان لـە تورکیـا و هاوژینێکـی تورکیـش، ئەدەبیاتـی وڵاتەکـە بـۆ مـن سـەرنجڕاکێش بـوو کـە بیناسـم. لەنێـو ئـەو ئەدەبیاتەیشـدا، لـە ڕێگـەی ئەزموونـی ئەدەبـی و کاری زانسـتیی خۆمـەوە، پێموایـە لەنێـو ڕۆماننووسـانی تورکیـادا یاشـار کەمـال زۆر لـە پێشـەوەیە، نووسـینەکانی بـەردەوام خوێندنـەوەی نوێـم لـەلا بەهێـز دەکـەن. مـن یاشـار کەمـال بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن ڕۆماننووسـانی نـوژەن دەبینـم لـە ئەدەبیاتـی جیهانـدا.

پرسـیار: ئێـوە سـەبارەت بـە مـژاری ناوچەگـەرا - ناوچەگەرابـوون – لۆکاڵبوون، لـە ئەدەبیاتـی یاشـار کەمالـدا دەنووسـن، هـاوکات وەکـو بەشـێک لـە ئەدەبیاتەکـەی بـەراوردی دەکـەن بـە ئاسـتی جیهانیـی نووسـەرەکە خـۆی..
نۆربێـرت مێکلەنبـورگ: بـە دڵنیاییـەوە نووسـەرێکی ناوچەگەرایـە، ناوچەگـەرا دەسـتەواژەیەکی زانسـتییە بـۆ ئـەو نووسـەرانەی سـەبارەت بـە جیهانـی نوژەن دەنووسـن، بـەڵام چـەق لەسـەر هەرێمێـک یـان ناوچەیـەک دەبەسـتن. چـەق لەسـەر ئـەو هەرێمانـە دەبەسـتن کـە لـە پرۆسـەی مۆدێرنـە و پیشەسـازی دوادەکـەون یـان دادەبڕێـن. بەڵـێ یاشـار کەمـال لـەو نووسـەرانەیە، بەرهەمگەلێـک دەنووسـێت وەکـو نووسـەرانی دیکـەی ناوچەگـەرا کـە بەرهەمێکـی بەجێـماو، بەرهەمێکـی نادیـدە و گۆشـەگیرە، واتـە کارەکـەی شـتێکی هەرێمـی و ئەدەبێکـی هەرێمییـە. بەرانبـەر بـەو بۆچوونـە، مـن دەڵێـم، ئـەوە بابـەت نییـە، ئـەو بابەتـەی نووسـەرێک لەسـەری دەنووسـێت، نووسـەرەکە دەکاتـە ناوێکـی جیهانـی، بەڵکـو هونـەری ئەدەبسـازی، هونەرێـک نووسـەر بەرهەمـی دەهێنێـت، دەیکاتـە ناوێکـی جیهانـی. یاشـار کەمـال ئەمـەی هەیـە، خاوەنـی ئـەو توانایەیـە.
هەروەهـا لـە ڕێگـەی چیرۆکـە هەرێمییەکانـەوە، لەنێـو ئـەو بەسـەرهاتە لۆکاڵانـەوە، یاشـار کەمـال ئـەو توخمـە دەدۆزێتـەوە کـە ببێتـە هـۆکار و پـردی قسـەکردن لەگـەڵ گـەردوون و هەمـوو مرۆڤایەتیـدا. مـرۆڤ ئەمـە لەهەمـوو شـوێنێکی بەرهەمەکانـی یاشـار کەمالـدا دەبینێـت. هـەر ڕۆمانێکـی دەگریـت، بـە تەنیـا ڕوانگەیەکـی هەرێمـی تێـدا نییـە، بەڵکـو لەهەمـوو ڕۆمانێکیـدا، کاتێـک لەسـەر هەرێمێـک دەنووسـێت، بەتایبەتـی هەرێمەکـەی خـۆی، ئانـادۆڵ، چوکورئۆڤـا، بەچەشـنێک لەبارەیـەوە دەنووسـێت، بەجۆرێـک پرسـگرێک و کێشـەکان دەبینێـت و پێشـانی دەداتـەوە، کـە هەمـان دەرد و

کێشـەی ئەمـڕۆی مرۆڤەکانـە. کێشـەگەلێک هەنووکەیـش کێشـەی مرۆڤەکانن، بـەڵام یاشـار کەمـال زۆر زووتـر وەکـو کێشـەی سـەرجەم مرۆڤـەکان، وەکـو پرسـگرێکی مرۆڤایەتـی ئـەو کێشـانەی بینیـوە.

پرسـیار: چـۆن دەکرێـت لەڕێگـەی کاراکتـەری وەکـو حەمـەدۆک، مریەمجـە و ئەوانـی دیکـەوە، خوێنـەری ئەوروپایـی لـە دەوری ئەدەبیاتێـک کۆبکرێنـەوە؟ جـۆری خوێندنـەوە، بەدواداچـوون؟ چلـۆن چێـژی لێوەردەگـرن؟

نۆربێـرت مێکلەنبـورگ: چێژوەرگرتـن بابەتێکـە پەیوەنـدی بـە تـام و چۆنیەتـی چێــژەوە هەیــە، کاردانــەوەی هەمــوو خوێنەرێــک بەرانبــەر بــە دەق وەکـو یـەک نییـە. ژمـارەی خوێنەرانـی یاشـار کەمـال یەکجـار زۆرن، نـەک هــەر بــە تورکــی، بــە زۆر زمانــی دیکەیــش. بەڵــێ ئــەو بــە زمانــی تورکــی نووسـیویەتی، سـەرباری ئـەوەی خـۆی کـوردە، بـەڵام زۆر خوێنـەر هـەن لـە دنیـادا بەرهەمەکانـی وی تەنیـا لەڕێگـەی وەرگێڕانـەوە دەخوێننـەوە، وەکـو مـن، مـن لـەو بـوارەدا سوپاسـبژێری کۆرنێلیـوس بیشـهۆفم کـە بـە ئەڵمانـی بەرهەمەکانــی دەخوێنمــەوە، دواتریــش وەرگێڕانەکانــی گێرهــارد مایــەر[43]، ئــەوە هێــز و توانــای گێڕانــەوەی رۆماننووســێک دەســەلمێنێ، دەیخاتــە بــەر تاقیکردنــەوە کاتێــک وا لــە خەڵــک بــکات ژیانــی ئەوانــی دیکەیــان بــەلاوە ســەرنجڕاکێش بێــت و بیخوێننــەوە. بەبــێ ئــەوەی گرنــگ بێــت ئــەو کەســانە لــە کوێــن؟ هاوســێی خوێنــەرن، یــان لەوپــەڕی دونیــان، دانیشــتووی شــاری گــەورە و تێکچــڕژاون یــان چیانشــینەکانی تــۆرۆس یاخــود دانیشــتووانی ئانادۆڵــن. ئــەو نووســەرە چلــۆن لــەو خەڵکــە حاڵــی بــووە و چــۆن باســیان دەکات ئــەوە بڕیــاردەرە. واتــە نووســەر چــۆن قســە لەگــەڵ خوێنــەر دەکات،

43 - پرۆفیسۆر، دۆکتۆر نۆربێرت مێکلەنبورگ (-1943 ئەڵەمانیا) نووسەر، لێکۆلینڤان و مامۆستای زانستگە. پسپۆڕی ئەدەب، رەخنەی ئەدەبی، هەروەها گێرمانیستیکە. کتێب و نووسینەکانی سەرچاوەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانستگە و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەدا.

ئـەوە مژارەکەیـە. مـن دەمەوێـت بڵێـم؛ لـەلای یاشـار کەمـال کێشـە بـۆ خوێنـەر هەیـە، دەمەوێـت وەکـو برووسـکەیەک، مینـا سـەردێڕێک بڵێـم: خاوبوونـی شـێوەی گێڕانـەوە لـەلای یاشـار کەمـال. بـەڵام مـن کێشـەکە وەهـا نابینـم؛ نووسـەرێک ژیانـی کۆمەڵێـک کارەکتـەر، ئەوانـەی لـە ئانـادۆڵ ڕۆژگار لـە یـادی کـردوون، ئـەو دەیانخاتـە بـەر دیـدەی خوێنـەر، لێـرەدا خوێنەرێکـی ئەوروپایـی، ناوەنـدی ئەوروپـا و لـە سـەدەی بیسـت و بیسـتویەکدا، ژیانێـک دەبینێـت وەکـو ڕۆژگاری سـەدەکانی ناویـن، یـان دێرینـتر، نەخێـر مـن وای دەبینـم ئـەو پردێـک هەڵدەچنێـت لەنێـوان خوێنـەری ئەوروپایـی و ئـەو مرۆڤانـەی لەنێـوان چیاکانـی تـۆرۆس و دەریـای نێوەڕاسـتدا دەژیـن، خوێنەرێـک بـۆ ئـەو بەرهەمانـە کـراوە نەبێـت و نەیانخوێنێتـەوە، شـتێک لەدەسـتدەدات، شـتێک بـزر دەکات.

سـەرچاوەی دووبارەکردنـەوە لـەلای یاشـار کەمـال داسـتان و چیرۆکـی گەلێرییـە. بـەردەوام دووبارەکردنـەوە هەیـە. بـۆ نموونـە حیکایەتخوانێـک یـان چیرۆکبێژێـک لـە دیوەخانـدا دانیشـتووە و خەڵـک بەدەوریـدا، لەوەیـە لـە هەمـان دانیشـتندا شـتێک، دیمەنێـک یـان بەسـەرهاتێک دووبـارە بکاتـەوە، یاخـود شـەوی دادێ بـە دووبارەکردنـەوەی دیمەنێـک یـان بەسـەرهاتێکی شـەوی رابـردوو دەسـتپێبکات.

ئەمـە لـە کـن یاشـار کەمـال بنەمایەکـی هونەرییـە، پەیوەنـدی بـە ریتمـەوە هەیـە، بـە موزیکـەوە، دووبارەکردنـەوە بەشـێکی گرنگـە لـە هونـەری موزیـک. یاشـار کەمـال دەزانێـت ئـەو کارە زۆر بـاش بـکات، بـەڵام بـۆ منیـش ئاسـان نەبـوو، مـن کەسـێک یـان خوێنەرێکـی کـراوەم، کەچـی لەهەوڵدابـووم، هەوڵـی ویسـت بەرگـەی ئـەو دووبارەکردنەوانـە بگـرم. بێگومـان من سوپاسـی دەکـەم کـە ئـەو بـەو شـێوازە دەینووسـی، بـەڵام مـن لـە خوێندنـەوەی چەنـد

رۆمانێکیـدا بیـرم بـۆ ئـەوە دەچـوو کـە کەمێـک دووبارەکردنـەوەی کەمـتر بکردایـەوە، لەوەیـە باشـتر بووایـە.

پرسیار: ئەدەبی گەلێری و ئەدەبی هاوچەرخ، یاشار کەمال لە کوێدایە؟

نۆربێـرت مێکلەنبـورگ: ئـەو ڕێزێکـی گەورەی بـۆ ئەدەبی گەلێـری هەیە، بەڵام هـاوکات زۆر سـەربەخۆیانە، دوور لـە بنەماکانـی ئـەو ئەدەبیاتـە کار دەکات و ئازادانـە یـاری ئەدەبیـی خـۆی دەکات. بـۆ نموونـە ئـەو دووبارەکردنـەوە لـە هونـەری گێڕانـەوەدا بەکاردەهێنێـت، بـەڵام بـۆ بەرجەسـتەکردن و پێشـاندانی رەوشـێکی رووحـی نـەک وەکـو شـێوازی دەروونسـازانە. نـەک شـێوازێک وەکو ئـەوەی لای نووسـەرانی دەروونـزان هەیـە. وەکـو نموونـە لـەلای دەستۆڤسـکی پێشـاندانی رەوشـی رووحـی بـە شـێوە راسـتەوخۆکەی.

یاشـار کەمـال لەوەیـە سـێ جـار شـتێک بگێڕێتـەوە، وەکـو ئـەوەی سـەرقاڵی کردەیەکـی سـەخت و وەڕسـکار بێـت و تێیـدا هـەر سـەرنەکەوێت، بـەڵام یاشــار کەمــال بــەو کارەی ئــەوە فێــری خوێنــەر دەکات کــە بەرگەگرتــن و دانبەخۆداگرتــن چەنــد ســەختە. ئــەم بەرجەســتەکردن و پێشــاندنە ناڕاسـتەوخۆیەی رووح، شـتێکی یەکجـار جودایـە لـەوەی کـە لـە ئەدەبیاتـی داسـتانیدا هەیـە.

یاشــار کەمــال کتێبێکــی هەیــە وەرگێڕانــە ئەڵمانییەکــەی بــەم جۆرەیــە؛ (ئەفسـانەی چیـای ئاگـری). تورکییەکەیشـی هەمـان نـاوی هەیـە، بەرهەمەکـە وەهــا دیــارە شــتێک بێــت لــە ئەدەبــی داســتانی و گەلێــری، وەشــانخانە ئەڵمانییەکـەی بەوجـۆرە بڵاویکردووەتـەوە کـە ئەمـە گێڕانـەوەی چیرۆکێکـی راسـتەقینەی کـوردی یـان ئانادۆڵـە، بـەڵام ئەمـە راسـت نییـە. بەڵکـو ئـەو چیرۆکـە بەرهەمـی بیـر و خەیاڵـی یاشـار کەمـال خۆیەتـی.

یاشـار کەمـال لـەو بەرهەمـەدا شـێوازێک یـان قاڵبێکـی ئەدەبـی گەلێـری هەیە

و گەمــەی پێکــردووە. بەجۆرێــک ئەگــەر بکرێــت لەگــەڵ برێخــت[44] بڵێیــن، ئــەو کارەی لــە پــای نامۆبوونــدا کــردووە. یاشــار کەمــال لــە وەرگرتنــی بیرۆکــە و شــێوازی ئەدەبــی گەلێریــدا، یەکــەم؛ نووســەرێکی مۆدێرنــە، هەروەهــا نووســەرێکی چــالاک و کارایــە، واتــە ئــەو هەمــوو شــتێک لــە فۆلکلــۆرەوە وەرناگرێــت وەکــو گەلناســان، ئەدەبیاتناســان، فۆلکلۆرناســان کۆیانکردبێتــەوە، ئینجــا ئــەم بێــت، بیانبــات و کاریــان لەســەر بــکات، نــا، ئــەو خــۆی ئــەو کارە دەکات و هــەر لــە دەمــی لاوێتیشــییەوە ئــەوەی کــردووە.

ئەدەبــی گەلێــری ئەدەبێکــی دژبــەری ئەدەبــی سەردەســت و دەســەڵاتدارە. ئــەو ئەدەبیاتــی یاخیبــوون بەرهــەم دەهێنێــت. خاوەنــی ئەدەبێکــی یاخییــە. ئەدەبێــک دژبــەری ئەدەبــی ســەدان ســاڵەی دەســەڵاتدارێتی عوســمانی. ئــەو دەنگــە ســەرهەڵدێرانە، ئــەو دەنگــە ناڕازییانــە، ئــەو چیرۆکانــەی بــاس لــە یاخیبــوون دەکــەن، ســەرنجی ئەویــان راکێشــاوە، نیــگا و بیریــان ســەرقاڵ کــردووە. لــەو بــوارەدا ناسراوتریــن رۆمانــی وی حەمەدۆکــە.

پرســیار: لــە روانگــە و لــە تەماشــاکردنێکی ئەوروپاییانــەوە، چــۆن کاراکتەرێکــی وەکــو حەمــەدۆک دەبیننــن و دەینرخێنــن؟ لەکاتێکــدا ئێســتایش لــەو ناوچەیــە رەتکردنــەوە، ســڕینەوە، چەوســانەوە، سەردەســتی هــەن و بەرانبــەر بــەو ستەمانەش ســەرهەڵدان و یاخیبــوون هەیــە؟

نۆربێــرت مێکلەنبــورگ: ســەرەتا دەمەوێــت ئامــاژە بــەوە بکــەم کــە، جیاوازییەکــە ئەوەنــدە گــەورە نییــە، لەنێــوان دونیــای حەمــەدۆک و ئەوروپــادا. لــە ئەدەبیاتــی ئەوروپاییشــدا نموونــەی وەهــا هــەن. رۆبیــن هــود یەکێــک لــەو نموونانەیــە لــە ئەدەبــی نەوجەوانانــدا.

مژارێــک یاشــار کەمــال دەســتی بــۆ دەبــات، پەیوەنــدی بــە ویســتی ئافراندنــی

---

44 - بێرتۆلد برێخت (1898-1956) شاعیر و شانۆنووسی ناسراوی ئەڵمان. یەکێک لە نووسەرە ناسراو و کاریگەرەکانی بواری شانۆی ئەڵمانی لەسەدەی بیستەمدا. داهێنەری چەمکی نامۆبوون لە شانۆ و لە شیعردا.

کاراکتەرێکـەوە هەیـە، کاراکتەرێکـی بـاو، هاوکاتیـش نـوژەن، واتـە مۆدێـرن بێـت. حەمـەدۆک جووتیارێکـی تـەواو سـادەی ئانادۆڵییـە. لـە ئەنجامـی ململانێـی هێشـوویی تایبەتـەوە کـە پەیوەنـدی بـە ئەڤینـەوە هەیـە، ڕووبەڕووبوونـەوەی خێـرا و لەپـڕ دەقەومێـت، وەسـتانەوە لـە دژی چینـی بـاڵا و دەسـەڵاتدار. ڕووبـەڕووی گەورەکانـی ناوچەکـە دەبێتـەوە. یاخـی دەبێـت. ئـەم دۆخـە هـەر دێـت و فراوانـتر دەبێتـەوە. بەسـەرهاتێکی تـەواو ڕیالیسـت، لەبـاری جڤاکییـەوە ڕوونـە، وەکـو چیـرۆک یـان سـەرپێهاتی ململانێـی سـەرەتای سـەدەی بیسـت خراوەتـە بەردەسـت.

ئـەوەی حەمـەدۆک ئەوەنـدە سـەرکەوتوو بـووە و گەورەکانـی تۆقانـدووە، ئـەوەی لـە بەرهەمەکـەدا وەرچەرخانـی سەرسـامکار هەیـە، ئـەوە ڕۆڵ دەبینێـت کـە یاشـار کەمـال ڕۆمانتیکـی تایبـەت بـە کاراکتەرەکـە دەئافرێنێـت، نائارامییـەک، ئاژاوەیـەک دروسـت دەکات، لەوڕێیـەوە دەیەوێـت بـە خوێنەرانـی خـۆی، بـە تایبەتـی بـە خوێنەرانـی تـورک بڵێـت؛ ئـەم دۆخـی یاخیبوونـە لـە ئانـادۆڵ هەمیشـە هەبـووە و هەیـە.

بـەڵام یاشـار کەمـال حەمـەدۆک بەجۆرێـک دەئافرێنێـت بەتەنیـا دەنـگ و پشـتی خەڵکەکـە نەبێـت، یاشـار کەمـال زۆر ڕیالیسـتانە ژیانـی گوندنشـینان پێشـاندەدات کـە چەنـد داهێـزراون، چەنـد دەترسـن، چەنـد سسـتن، یاخـی نابـن و هەوڵـی خۆگونجانـدن دەدەن. حەمـەدۆک کـە هـۆش و ئاگایەکـی پێشـکەوتووی هەیـە، بـەو دۆخـە خەمگیـن و نیگەرانـە. ئـەو نـەک هـەر لـە دژی سەردەسـتان و دەسـەڵاتداران، بەڵکـو تاکـو ئاسـتێک دەبێـت لـە دژی ئـەو خەڵکـە سسـت و ترسـنۆکەیش شـەڕ بـکات.

ئـەو دەیەوێـت پشـتگیریی بکـەن. حەمـەدۆک کاراکتەرێکـی ئاڵـۆزە. لـە کاراکتـەری حەمەدۆکـدا ڕیالیسـت و ڕۆمانتیـک کۆبوونەتـەوە. ئەگـەر مـرۆڤ

هەمـوو بەرهەمەکـە بخوێنێتـەوە، دیـارە خوێندنـەوەی هـەزار بـۆ دووهـەزار لاپــەڕە پشــوودرێژیی دەوێــت، مــرۆڤ مەرگەســاتێک دەبینێــت، نــەک خەیاڵسـتانێک کـە بەسـەرکەوتن کۆتایـی بێـت و هەمـوو شـتێک لـە جڤاکـدا بـاش و لەباربێـت. دیـارە یاشـار کەمـال خـۆی وەکـو کەسـێکی سۆسیالیسـت خوازیـاری گەشەسـەندنێکی لـەو جـۆرە بـووە، بـەڵام چیرۆکـی حەمـەدۆک بەوجـۆرە تـەواو نابێـت و دادەڕووخێـت. چیرۆکێـک یـان کارێکـی تراژیدییـە.

پرسـیار: یاشـار کەمـال کەرەسـتەکانی لـە ئەدەبیاتـی گەلێـری و لە ژیانی سـادەی خەڵکـەوە سـەرچاوە دەگـرن، بـەڵام خـۆی کەسـێکە نـوژەن، روانگـە و خواسـتی مۆدێرنـەی هەڵگرتـووە. کەچـی پـاش رۆژگارێکـی درێـژ لـە تورکیـای ئەمـڕۆدا، هـەن کەرەسـتەی نووسـینیان تـەواو جیـاوازە، کەچـی دژە مۆدێرنـە و خوازیـاری گەڕانــەوەن، لەوبارەیــەوە ئێــوە لــە نووســینێکدا ســەبارەت بــە یاشــار کەمــال ئامـاژەی گرنگتـان هەیـە، دەکرێـت لێـرەدا شـتێک لـەو بارەیـەوە بڵێـن؟

نۆربێــرت مێکلەنبــورگ: ئەمــڕۆ نــەک هــەر لــە تورکیــا، بەڵکــو لــە زۆر شــوێنی دیکــە ئــەو مەترســییە هەیــە کــە تەوژمــە سیاســی و ئیسلامیســتە کۆنزەرڤاتیڤــەکان، بەشــێوەی پەرچەکــردار وا دەکــەن مۆدێرنــە شــتێکی خــراپ و بێــزراو بێــت، بــەردەوام رەتــی بکەنــەوە و بیگێڕنــە دواوە. بێگومــان ئیسلامیســتەکان، بــە هەمــوو شــێوە و شــیوازەکانیانەوە لــەو تەوژمــی دژە مۆدێرنەیـەدان. لەومـا ئـەو نووسـەرانەی دژ بـەو تەوژمانـە دەنووسـن، ئەگـەر تـورک بـن، ئـەوا دژە کەمالیزمیشـن، هەرچەنـدە کەمالیـزم عەلمانییـە، دیـن و دەوڵەتــی لێــک دابڕیــوە، بــەڵام کۆمەڵێــک نووســەری زۆر هــەن کــە یاشــار کەمالیـش یەکێـک لەوانـە، بێگومـان نیـو نـەوەی بـەر لەوانیـش، کەسـانی وەکـو نـازم حیکمـەت، سـەباحەدین عەلـی، ئۆرهـان کەمـال، ئـەم نووسـەرانە تاکـو ئەو خاڵـە پەسـنی کەمالیزمیـان دا کـە گوتیـان بـاش بـوو کۆتایـی بـە سەردەسـتیی

عوسـمانییەکان هێنـا و تورکیـا ئێسـتا وڵاتێکـی مۆدێرنـە. بـەڵام ئـەوە خـراپ و ناجـۆرە کـە ئـەم وڵاتـە مۆدێرنـە هـەر لـە سـەرەتاوە، شـێوەی کار و شـێوازی مامەڵەکردنـی شـێوێندرا، بـووە وڵاتێکی سەردەسـت، ناسیۆنالیسـت، عەسـکەرتار و "مۆنۆکولتـوور" واتـە تاکـە کولتـوور. ئـەوان کارێکـی ژیرانەیـان کـرد و ئـەو شـێوازە کارەی دەوڵەتیـان رەتکـردەوە، دەوڵەتێـک ئێسـتایش لـەو بوار و مـژارەدا هەڵگـری ئـەو نەخۆشـیانەیە و جەسـتەیەکی دەردەداری هەیـە. لـەو روانگەیەوە مـرۆڤ دەتوانێـت بڵێـت ئانتـی کەمالیسـتە، بـەڵام نـەک بـەو ئامانجـەی سیسـتەمی عوسـمانی بگەڕێتـەوە، وەکـو ئـەوەی ئێسـتا هەندێـک رۆشـنبیری تـورک کاری بـۆ دەکـەن. بەڵکـو بـە ئامانجـی مۆدێرنەیـەک کـە هێشـتا ئامـادە نییـە. ئـەو بنەماگەلـەی لـە مۆدێرنـەدا هـەن، نـە ئـەو دەمـە، نـە لـە سـەردەمی یاشـار کەمـال و نـە ئێسـتا لـەو وڵاتـە، مۆدێرنـە دروسـتەکە نییـە.

پرسـیار: یاشـار کەمـال زۆر تێکۆشـا و لـە ئاسـتێکی بـەرزدا باسـی لـە بەدبوونـی بنەمـا سـەرەکییەکانی سیسـتەمەکە کـرد، وەکـو "یـەک دەوڵـەت، یـەک زمـان، یـەک نەتـەوە و هتـد". لـە دیدارێکـدا بـە ئێمـەی گـوت؛ ئـەوەی زمانـی ئەوانـی دیکـە دەتوێنێتـەوە زمانـی خۆیشـی لەدەسـتدەدات. لـەو بارەیـەوە ئێـوە چـی دەڵێـن؟

نۆربێـرت مێکلەنبـورگ: یاشـار کەمـال بڕیـاری ئـەوەی نەدابـوو بـە زمانـی تورکـی بنووسـێت، بـەڵام ئـەو وەکـو کوردێـک ئەوەنـدە کوردیـی نەدەزانـی بەشـی نووسـینی رۆمـان بـکات، سـەرباری ئـەوەی لەسـەرەتاکاندا بـەو زمانـە گۆرانـی گوتـووە، بەیـت و بالـۆرەی کۆکردووەتـەوە. ئـەو ناچـار بـووە بـە ئامانجـی بڵاوبوونـەوەی فـراوان بـە تورکـی بنووسـێت، هاوکاتیش بە مەبەسـت و بەشـێوەیەکی زانسـتانە بـە تورکـی دەنووسـێت، سـوود لـەو زمانـە نوێیـەی تورکیـا وەردەگرێـت، بـەڵام نـەک بەشـێوەیەکی تەسـک و تەنگـی ئەوانـەی

لــە چوارچێوەیەکــی ئایدیۆلــۆژی و نەتەوەپەرســتیدا دەیاننووســی. ئــەو دەوڵەمەندیــی زمــان لــە ئانادۆڵــەوە دێنێــت و دەیخاتــە هەنــاوی زمانەکــەوە. زمانــی ئــەو دەوڵەمەندتــر و رەنگینــترە لــە زمانــی  رۆشــنبیرەکانی تــورک لــە نێوەڕاســتی ســەدەی بیســتدا. ئەمــە کارێــک بــوو، هەنگاوێــک و سازشــێک دەبــوو بیــکات، دیــارە کوردیــش لــە هەنــدێ لــە بەرهەمەکانیــدا بە شــێوەیەکی کــەم و کــورت ئامادەیــە، بــەڵام گرنــگ ئەوەیــە ئــەو شــتەی یاشــار کەمــال هــەر لــە ســەرەتاوە بــۆ خوێنــەری تــورک و ئانادۆڵــی بــاس دەکات، دەوڵەمەندیــی کولتــووری، رەنگینــی و جیاوازییــە.

یاشــار کەمــال هــەر لەســەرەتاوە باســی لــە کێشــەی کــورد کــردووە، هــەر لــەو رۆژگارەدا هێشــتا لاو بــوو، خرایــە زیندانــەوە و ئەشــکەنجە درا. هەمــوو ئــەو شــتانەی بــۆ کــردووە، بــۆ ئــەوەی دان بــە کــورد دابنرێــت و نکوڵــی لــە هەبوونــی نەکــەن. ئــەو تاکــو کۆتایــی دەســتبەرداری ئــەو هەڵوێســتەی خــۆی نەبــوو، بــەڵام لــە رۆمانەکانیــدا، لــە بەرهەمــی ئەدەبــی، لــە لێــدوان و نووســینەکانی دیکەیــدا، ئــاوڕی لــە نەتــەوە و گرووپەکانــی دیکــەی ئانادۆڵیش داوەتــەوە، ئــەو گرووپانــەی بــە هەڤــڕا ئانــادۆڵ پێکدێنــن.

ســەرباری ئــەوەی دەوڵــەت زۆر کاری بــۆ ئــەوە کــرد کاڵیــان بکاتــەوە یــان نەیانهێڵێــت. چەرکــەزەکان، عەلەوییــەکان، راونــان و کوشــتاری گــرووپ و گەلانــی وەکــو ئێــزدی و کوشــتاری بــە کۆمەڵــی ئەرمــەن، هــەر لــە ســەرەتاوە لــە کارەکانــی ئــەودا شــوێنی خۆیــان هەبــووە، بــا بەجۆرێکیــش بووبێــت زۆر بــە هەســتیارییەوە باســی کردبــن، تاوەکــو خوێنــەرە تورکەکانــی نەترســێنێ، یــان نەیانوروژێنــێ، بــەڵام ئــەو بەجۆرێــک باســی کــردووە، بــۆ ئەوانــەی بیانەوێــت گوێیــان لــەو دەنــگ و هاوارانــە بێــت، بیانــەوێ گــوێ بگــرن، لێــی تێبگــەن، دەتوانــن و کاری کردەیــە. هەروەهــا ئــەو تاکــە نووســەرێکی

نـاسراوی تورکیایـە کوشـتاری بـە کۆمەڵـی ئەرمەنەکانـی بـە وریاییـەوە لـە بەرهەمەکانیـدا بـاس کـردووە.

پرسـیار: یاشـار کەمـال کاتێـک نووسـیویەتی، نـەک کـورد یـان تـورک، نـەک کێشـەی کـورد یـان ئەرمـەن یاخـود ئێـزدی لـە تورکیـا، بەڵکـو مرۆڤـی لەبەرچـاو گرتـووە. ئـەو نووسـەری مـرۆڤ و دونیایـە، ئێـوە لەوبارەیـەوە چـۆن بەرهەمەکانـی و بەرجەسـتەکردنەکانی دەبینـن؟

نۆربێـرت مێکلەنبـورگ: یاشـار کەمـال لـە ژیـان و نیشـتەجێبوونییەوە - دەمـی لاوێتـی- لـە گونـد تاوەکـو شـارەکانی ئەدەنـە یـان ئیسـتانبوڵ، ژیـان تەماشـا دەکات، تەماشـاکردن و هـزری خـۆی لەوبارەیـەوە دەخاتـە سـەر کاخـەز، بـەڵام هـەزاران کاخـەز و دەیـان کتێـب. ئـەو لـە رۆژگارێکـدا دەنووسـێت، کۆمەڵگـە لـە بەرگـی گوندنشـینەوە، لـە کۆمەڵگەیەکـەوە کـە کشـتوکاڵ سەردەسـتە تێیـدا، بـەرەو ئاسـتی پیشەسـازی و بەرهەمهێنانـی هاوچـەرخ دەپەڕێتـەوە، بێگومـان لـە چوارچێـوە و لـە سـایەی هێـزی سـەرمایەداریدا.

بەڵـێ تەماشـاکردنی ئـەو فـراوان بووە، ئـەو پەڕینەوەیـە لـە کۆمەڵگەیەکەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی دیکـە، لـە ئاسـتێکی ژیانـەوە بـۆ ئەویـتر، ئـەو دەیبینێـت و دەزانێـت ئەمـە و هەمـوو شـتەکانی دیکـە شـتێک نیـن تەنیـا پەیوەندییـان بـە تـورک و بـە کۆمەڵگـەی تورکـەوە هەبێـت. ئـەو وەرچەرخانانـە کـە دەبێـت مـرۆڤ خۆیـان لەگـەڵ باربهێنێـت. هەمـوو ئـەو بەسـەرهات و رووداوانـە لـەلای نووسـەرانی دیکـەی ناوچەگـەرا هـەن و تەنیـا پەیوەنـدی بـە ئانادۆڵـەوە نییـە، بـۆ نموونـە لـە لای ڤۆلکنـەر، لـە کـن مارکیـز یـان لـەلای جەنگیـز ئایتماتـۆڤ. لـەلای ئەوانیـش ئـەو وەرچەرخانـە یـان وەرچەرخانانـە هـەن، وەرچەرخانـی هەسـتیار لـە کۆمەڵگەیەکـی کشـتوکاڵی

یـان فیودالـەوە بـەرەو قۆنـاخ یـان شـێوازێکی نوێـی ژیـان؛ سـەرمایەداری – پیشەسـازی – ژیانـی شـار.
مۆدێرنـە یـان مۆدێرنەبـوون لـە فۆرمـی سـەرمایەداریی جیهانگیـردا، واتـە وێرانکردنـی سرووشـت و ژینگـە دەگەیێنێـت. یاشـار کەمـال بەشـێوەیەکی بەرجەسـتە بەشـێک لـە کارەکانـی بـۆ ئـەو مـژارە تەرخـان کـردووە. بـۆ نموونـە لـە بەرهەمەکانـی پاشـتریدا، دیارتـر لـە کۆرۆمانـی "حیکایەتـی دوورگەیـەک"دا، بەشـێوەیەکی تایبـەت بـاس لـەو بابەتـە دەکات، بابەتـی ژینگـە و سرووشـت.
کۆمەڵکوژی و ژینگەکـوژی، مەبەستی یاشـار کەمال لـە کۆمەڵکـوژی تەنیا کۆمەڵکوژیـی ئەرمـەن و ئێزدیـان نەبـووە. ئـەو تاوانانـەی تورکـە لاوەکان کردیـان، مەبەسـتی ئـەو راپێچکـردن و تێکەڵکردنـی هەمووانیـش بـووە لـە کات و لـە پـاش شـەڕی جیهانیـی یەکەمـدا. تاوەکـو گۆڕینـەوەی هاووڵاتیانـی تـورک و یۆنانسـتان لـە سـاڵی 1923دا، هەمـوو ئەمانـە تـاوان بـوون لـە دژی مافـی مـرۆڤ. ئەمـە هەروەهـا کارێکـی هۆشـیارانە بـوو بـۆ وێرانکردنـی ژینگـە لـە رێگـەی ئـەو هەمـوو راگواسـتن و تێکەڵەکردنـە زۆرەملێیانـەوە. سرووشـت بـۆ یاشـار کەمـال مژارێکـی زۆر تایبەتـە، سرووشـت لای ئـەو تەنیا کەوالیسـی ئـەو مرۆڤانـە نییـە لـە بەرهەمەکانیـدا باسـیان دەکات، سرووشـت خـۆی ئـەو ئامێزەیـە مرۆڤـەکان هەڵدەگرێـت. دایکـە زەوی، مـرۆڤ خـۆی بەشـێکە لـە سرووشـت، کاتێـک خـۆی ئـەو سرووشـتە وێـران بـکات، کەواتـە لـە بەردەوامیـی کاتـدا خۆیشـی وێـران دەکات. لـەو بـوارەدا یاشـار کەمـال رۆمانێکـی نایابـی هەیـە بـە نـاوی (باڵندەکانیـش چـوون)، رۆمانەکـە بـە هیـچ جۆرێـک سـەر بـە ئانـادۆڵ نییـە و رووداوەکانـی لـە ناوەنـدی ئیسـتانبوڵدا دێـن و دەچـن. بـاس لـە کوڕوکاڵـی سـەر شـەقامەکان دەکات،

ئەوانـەی لـە ئیسـتانبوڵ باڵنـدە دەگـرن تاکـو شـتێک پارەیـان دەسـتبکەوێت. بـەڵام لـە سـۆنگەی کێشـە گەردوونییەکانـی ژینگـەوە، ئیـتر باڵنـدەکان بەسـەر ئاسـمانی ئیسـتانبوڵدا بەجۆرێکـی دیکـە دەفـڕن، پـاش ئـەوەی رۆمانەکـەم خوێنـدەوە، ئەوجـا لەگـەڵ هاوژینەکـەم لـە ئیسـتانبوڵ و لەنـاکاو لـە پارکـی یڵـدز پۆلێـک باڵنـدەم بـە ئاسـمانەوە بینـی، سەرسـام بـووم. ئـەو ئامـاژە بـەو بابەتـە دەکات. یـان مـژاری ماسـیگرتن و ماسـییەکان لـە دەریـای مەڕمـەڕەدا. داکشـانی بەردەوامـی ژمـارە و جـۆری ماسـی لـە دەریـادا، لـەو مژارانـەن لای یاشـار کەمـال، کـە مـژاری گەردوونـی و کێشـەی ژینگـەن. ئەوانـە کۆمەڵێـک بابەتـی یەکجـار گرنگـن ئـەو نووسـەرە وەکـو رێنیشـاندەرێک دەیانخاتـە بەردەسـت، بـەڵام بێگومـان ئـەو کاری خـۆی کـرد، بڕیـار بـۆ مـرۆڤ دەمێنێتـەوە کـە ئایـا دەیەوێـت بـژی، بـەردەوام بێـت لەڕێگـەی پاراسـتنی ژینگـەوە، یـان دەیەوێـت کۆتایـی بـە ژیانـی خـۆی و سرووشـتیش بهێنـێ.

پرسـیار: خاڵێکـی دیکـە کـە هەردوولامـان بـە پێویسـتمان بینـی باسـی بکەیـن، رزگارکردنـی دێـری ئاختامـارە، رزگارکردنێـک لـە رێگـە و بـە هـۆکاری وشـەوە لـەلای یاشـار کەمـال...

نۆربێرت مێکلەنبورگ: تەواو وایە.

یاشـار کەمـال بەگشـتی سـەبارەت بـە باشـوور و باشـووری رۆژهەڵاتـی ئانـادۆڵ، سـەرزەوینی نێـوان تـۆرۆس و دەریـای نێوەڕاسـتی نووسـیوە. ئەگەرچـی لـە رۆژگاری شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا ماڵباتەکەیـان ناچاربـوون لـە کەناراوەکانـی دەریاچـەی وانـەوە کـۆچ بکـەن و روو لـەو ناوچەیـە، لـە چوکورئۆڤـا بکـەن. پێشـتر دانیشـتووانی هەرێمەکـە کـورد و ئەرمـەن بـوون. ئـەو هەمیشـە پەیوەندییەکـی ناوخۆیـی هەبـووە لەگـەڵ هەرێمـی دێ و باڤیـدا. وەکـو رۆژنامەڤانێکـی لاو، سـەبارەت بـە هەمـوو ناوچەکانـی ئانـادۆڵ

دەنووسـێت، کاتێکیـش دەگاتـە ناوچـەی وان، هەسـت دەکات مەترسـی لەسـەر دێـری کەڤنـاری ئاختامـار هەیـە. لەڕێگـەی ئەفسـەرێکی لیبراڵـەوە دەتوانـێ رێ لـە رووخاندنـی کەنیسـەی ئاختامـار بگرێـت، چالاکییـەک کـە دەوڵەتـی تـورک خـۆی بـۆ ئامـادە کـردووە، تاوەکـو ئـەم گەنجینـە کولتوورییـەی ئەرمـەن نەهێڵـن، یاشـار کەمـال رێـی لێدەگرێـت.

کەنیسـەکە شـوێنێکی جـوان، دڵگیـر و هەڵکەوتـەی دوورگەیەکـی بچووکـە لەنێـو دەریاچـەی وانـدا و وەکـو گوتمـان نـاوی ئاختامـارە. ئـەو ئەفسـەرە لیبراڵـە هانـی یاشـار کەمـال دەدات لەسـەری بنووسـێت، ئەویـش ریپۆرتاژێکی نایابـی لەسـەر دەنووسـێت. نووسـینەکە لـە رۆژنامـەی (جمهورییـەت) بڵاودەبێتـەوە، دەگاتـە دەسـتی وەزیـری کولتـوور، رادەچڵەکێـت و پـێ بـە هەمـوو سـتۆپەکاندا دەنێـت. ئـەوە لەکاتێکـدا هێـزی لەشـکریش لـەدژی نابـن، بەوشـێوەیە کەنیسـەکە رزگاری دەبێـت. کەنیسـەکە تاوەکـو ئەمـڕۆ کـە مـاوە و بەجوانـی نـوژەن کراوەتـەوە، کارێکـە دەبێـت لەوبارەیـەوە سوپاسـی یاشـار کەمـال بکرێـت.

یاشـار کەمـال لـە کۆمەڵێـک ئاسـتی جیـاوازدا کاری بـۆ مـرۆڤ کـردووە. بـۆ نموونـە لـە پاراسـتنی دێـری ئاختامـاردا، بەرگـری لـە دەوڵەمەنـدی و فرەڕەنگیـی کولتـوور لـە تورکیـا دەکات، بـەڵام راسـتەوخۆیش بەرگـری لـە مـرۆڤ دەکات، بـۆ نموونـە ئـەو نووسـینانەی سـەبارەت بـە ئیسـتانبوڵ، چیرۆکـی باڵنـدەکان، بـەر لـەو بەرهەمانـە، کردەیەکـی گـەورەی هەبـوو، ریپۆرتـاژ سـەبارەت بـە منداڵانـی شـەقام لـە ئیسـتانبوڵ. هەشـت ریپۆرتـاژی گـەورەی سـەبارەت بـەو منداڵانە نووسـی، بەشـێوەی گێڕانەوە. (سـەربازەکانی خـوا)، نـاوی ریپۆرتاژەکانـی بـوو. رشـتەیەک ریپۆرتـاژی نایابـن بـۆ پشـتگیری لـەو منداڵانـەی سـەر شـەقام. لـەو جـۆرە شـارانەدا، لـە شـارێکی وەکـو

ئیسـتانبوڵ منداڵانـی شـەقام کێشـەیەکی گـەورەن. ژمارەیشـیان هەردەچێـت هەڵدەکشـێت. ئێسـتا منداڵانـی ئـاوارەی سـووریا[45] لـە شـەقامەکانی ئیسـتانبوڵ زۆر دەبینرێـن. مـرۆڤ کاتێـک ئـەو منداڵانـە دەبینـێ، دەیەوێـت هاوکارییـان بـکات، بـەڵام ئەگـەر نووسـینەکانی یاشـار کەمالـت لەوبارەیـەوە خوێندبێتـەوە، بـە دڵنیاییـەوە هاوکارییـان دەکەیـت.

45 - ئەم دیدارە لە رۆژی 10-10-2015 لەگەڵ نۆربێرت مێکلەنبورگ سازکراوە.

# ئەحمەد گوینەشتەکین و یاشار کەمال

# ئەزموونی باب و کوڕ

**" یاشار کەمال زانستگەی من بوو".**

ئەحمەد گوینەشتەکین سەبارەت بە یاشار کەمال

- " بڕوانە چۆن ئاوخواردنەوەی مێروولەیەک دەبینێت؟ سەرتاپای ژیانی مێروویەک؟ تەنانەت بەرهەمهێنانی هەنگوینی هەنگێک؟ ئەمانە بە زمانێک بۆ ئێمە باس دەکات لە باوەڕ بەدەرە".

- " دەتوانێت ئەسپێکی باڵداری ئەفسانەی گریکی و (رەخشێکی سپی) ی داستانی مەمی ئالان پێکەوە کۆبکاتەوە، پێکەوە لە ئاسمانێکی هاوبەشدا بیانخاتە فڕین و خوێنەریش لەگەڵیان کۆبکاتەوە".

- " کاری ئەو بۆ مسۆگەرکردنی ماف و ئازادیی رادەربڕین بوو. ساڵانێکی زۆر کارەکانی وی، داخوازی و ویستەکانی کە کاری بۆیان دەکرد، لەلایەن کۆماری تورکیاوە قەدەخەکران. هەوڵیاندا لە قسەی بخەن، نووسینەکانی، زمانی، زۆر شتی دیکەی رووبەڕووی قەدەخە و دادگا دەکرایەوە. شتگەلێکی زۆر ژیا. سەرباری ئەو دژواریانە هیچ کاتێک بەژنی نەچەمایەوە و خۆی نەدا بەدەستەوە".

- " دونیایەکی یەکجار تایبەت بەخۆی هەبوو، دونیایەک لە رەنگی ئەفسانە، دونیایەک بە تەواویش لەسەر ئازادی بنیاتنرابوو".

پرسـیار: ئەمـڕۆ ویسـتمان لەگـەڵ کەسـێکی زۆر نزیـک لـە یاشـار کەمـال، لەگـەڵ هونەرمەنـد و نیگارکێـش ئەحمـەد گوینەشـتەکین سـەبارەت بـە یاشـار کەمـال و ئەدەبیاتـی ئـەو نووسـەرە بدوێیـن. ئێـوە دوو هـاوڕێ و هاوکاتیـش کـوڕ و بابـی میناکـی بـوون، بەڵام لـە دەرەوەی ئەو هەسـت و خۆشەویسـتییە، ئەدەبیاتـی یاشـار کەمـال چـۆن دەبینـی؟

ئەحمـەد گوینەشـتەکین: گوتـاری یاشـار کەمـال بـەر لـەوەی بـۆ چـاو بێـت بـۆ گوێیـە. چونکـە ئـەو سـەر بـە شـوێنێکە تێیـدا ئەدەبیاتێکـی زارەکـی سەردەسـتە. جگـە لـەوە ئەدەبیاتـی وی، ئەدەبیاتێکـی گەشەسـەندووی تاراوگەیـە. لـەو بـوارەدا سـوود لـەو وشـانە وەردەگرێـت کـە لـە نەسـتی دەنگبێـژ و بەیتبێژەکانـدا هـەن. ئـەو وشـانەی ئـەوان نایڵێـن ئـەم دەیبیسـتێ و کاریـان لەسـەر دەکات. راسـتییەکەی ئەدەبیاتـی یاشـار کەمـال ئەدەبیاتێکـە سـەرباری تیشکخسـتنە سـەر ئەمـڕۆ، بـاس لـە داهاتـوو دەکات. چونکـە ئـەو سـەرچاوەیەکی هـەزار سـاڵەی کـردووە بـە پاشـخانی کاری خـۆی. چیرۆکـی کـوردی و ئەدەبیاتـی دەڤکیـی کـورد، هەروەهـا هەمـوو ئـەو زمـان و کولتـوورە جیاوازانـەی ئانادۆڵـی کـردووە بـە کەرەسـتەی داهێنـان بـۆ رووماڵکردنـی مەبەسـتی ئەدەبیـی خـۆی. بۆیـە لـەم رووەوە ئێمـە بـاس لـە نووسـەرێکی یەکجـار گـەورە دەکەیـن.

یاشـار کەمـال هەرچـی بەدبەختییـەک لـە سـەردەمی زارۆکیـدا بەسـەری هاتبێـت، هەرهەموویانـی کـردووە بـە کەرەسـتە و سـوودی لێوەرگرتـوون. کوشـتنی باوکـی لـە تەمەنێکـی زۆر زوودا بەبەرچاوییـەوە، دەبێتـە مۆتەکـە بـۆی، سـەرەتا لاڵ دەبێـت و پاشـتریش لـە سـەربڕینی قوربانیـدا لەلایـەن مامییـەوە چاوێکـی کوێـر دەبێـت. سـێ مۆتەکـە، سـێ خەونـی هەراسـانکەر لـە یـەک کاتـدا بەرۆکـی دەگـرن، کوشـتنی باوکـی، لاڵبوونـی و لەدەسـتدانی

چـاوی. هەمـوو ئەمانـە ژیانـی لاوێتـی ئـەو گیـرۆدە و کەنەفـت دەکـەن. لەپێگەیشـتن و گەورەبوونیـدا سـەختیی زۆری بـۆ دروسـت دەکـەن. لەدەسـتدانی چاوێکـی دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی شـتەکان لـە چوارچێوەیەکـی فراوانـدا نەبینـێ، بەڵکـو بەشـێوەیەکی تەنـگ کات و دونیـا و بەسـەرهاتەکان ببینـێ، بـەڵام نەخێـر، کاتێـک لـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی بکۆڵینـەوە، دەگەیـن ئـەو ئەنجامـەی ئـەو کارەسـاتە وایکـردووە، زۆر وردکارانـە و یەکجـار هەسـتیارانە بنووسـێت، چونکـە ئیـتر بەشـێوەیەکی ئەوەنـدە ورد و وریـا تەماشـای هەمـوو شـتێکی کـردووە، بڕوانـە ئـەو چـۆن ئاوخواردنـەوەی مێرووڵەیـەک دەبینـێ؟ سـەرتاپای ژیانـی مێروویـەک؟ تەنانـەت بەرهەمهێنانی هەنگوینـی مێشـهەنگێک؟ ئەمانـە بەزمانێـک بـۆ ئێمـە بـاس دەکات لـە بـاوەڕ بـەدەرە.

لاڵبوونیشـی هـۆکارە بـۆ ئـەوەی گرنگیـی زۆرتـر بـە نووسـین بـدات و زۆرتـر بەرهـەم بهێنێـت. لـە سـۆنگەی قسـەنەکردنەوە زۆرتـر مەیـل بـە نووسـین دەدات. ئەوەیـش کارێـک دەکات زمانـی دەربڕیـن و گەیاندنـی بەهێزتـر بێـت. واتـە لـە هەنـاوی ئـەو مۆتەکـە و ژیانـە بـە بـرک و ژانـەدا لەدایکبوونێکـی دیکـە دەسـتپێدەکات. هـەر لـەو رۆژگارەیشـدایە بەهـۆی هەژارییـەوە دەسـتبەرداری خوێنـدن دەبێـت و بـۆی ناکرێـت لـەو بـوارەدا بـەردەوام بێـت. لەبەرئـەوەی ناتوانێـت بچێتـە قوتابخانـە و تاسـەکردنی قووڵـی بـۆ فێرگـە هـۆکارە بچێتـە کتێبفرۆشـییەک، لـەوێ دەسـتدەکات بـە خوێندنـەوەی هەمـوو ئـەو کتێبانـەی لـەوێ هـەن. دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ دەڕەخسـێ هەمـوو ئـەو کتێبانـە بخوێنێتـەوە. پـاش خوێندنـەوەی ئـەو هەمـوو کتێبـە و پـاش پەنگخواردنـەوەی ئـەو گشـتە لـە زانیـاری و بەسـەرهات و رووداوانـەی نێـو کتێـب و گلدانـەوەی لـە رووبەرێکـی تەنگـی هەنـاودا، لەپـڕدا ویسـتی

نووسـین و گێڕانـەوەی لـە کـن دروسـت دەکـەن. بەوشـێوەیە دەسـتدەداتە نووسـینی چیـرۆک و گێڕانـەوە.

پـاش ئەوانەیـش دەسـتدەکات بـە گەشـتێکی گشـتگیر بـە ئانادۆڵـدا. سـەرەتا بەیـت و باڵـۆرەی گەلێـری کۆدەکاتـەوە، گـوێ لـە چیـرۆک و داسـتانەکان، بەسـەرهات و دەقەکانـی لاواندنـەوە دەگرێـت. سـاڵانێک پاشـتر بـەرەو رەگـی خـۆی دەگەڕێتـەوە، بەئاراسـتەی سـەرچاوەی خۆیـدا دەچێـت. لـە مێزۆپۆتامیـا، جوگرافیـای کوردسـتان بەسـەردەکاتەوە و لـەو سـەرزەوینە دەگەڕێـت. کاتێـک لـە گەشـتی کوردسـتاندایە، دەچێتـە نێـو دونیـای دەنگبێژانـی کوردسـتانەوە، دونیایەکـە لـە گێڕانـەوە و لـە داسـتان. دواتـر هەسـت بـەوە دەکات و کاری لەسـەر دەکات؛ ئـەو چیـرۆک و بەسـەرهاتانە، چیـرۆک و بەسـەرهاتی منـن. ئـەو چیرۆکانـەی لـە کولتـوور و لـە دڵـی منـەوە سـەرچاوە دەگـرن، چیرۆکەکانـی دێ و باڤـێ مـن، چیرۆکـی فـرە رەنگیـن کـە لـە دنیـای دێرینـەوە دێـن. دواتـر بێگومـان ئـەو زەخیرەیـە لـە نووسـینی رۆمانـدا بەکاردێنێـت. دەسـتدەکات بـەو شـێوازە نووسـینەی وەکـو کەسـێکی مێزۆپۆتامیایـی، کوردێکـی ئـەوێ داسـتانێکی گریکـی سـەر بـە هەرێمـی ئەگـە[46] بەزمانـی کـوردی دابڕێژێـت.

لەبەرئـەوەی نەسـتی ئـەو پـڕ پـڕە لـە یەکەکانـی کولتوورەکـەی خـۆی. بۆیـە لـە پـڕدا دەبینیـت لـە مێرگێکـی مـووش[47] - ـەوە، لەنـاکاو بـەرەو پەسـنی ئاوێکـی بـن ئاشـی گوندێکـی رۆمییـان دەچێـت و یەکانگیریـان دەکات، ئـەو دەتوانـێ ئەمـە بـکات و لـە نووسـیندا بەرجەسـتەی بـکات.

ئـەو خوێنـەر وەهـا دەخاتـە گەشـتی فڕینـەوە؛ دەتوانێـت ئەسـپێکی باڵـداری ئەفسـانەی گریکـی و "رەخشـێکی سـپی"ی داسـتانی مەمـی ئـالان پێکـەوە

---

46 - هەرێمی ئەگە، یان ئیجە، لەسەر دەریای ئەگە. بەشێک لە سنووری ئەمڕۆی نێوان تورکیا و یۆنان.

47 - مەبەست شاری مووشە لە باکووری کوردستان.

کۆبکاتـەوە، پێکـەوە لـە ئاسـمانێکی هاوبەشـدا بیانخاتـە فڕیـن و خوێنەریـش لەگەڵیـان کۆبکاتـەوە.

بەواتایەکـی دیکـە، ئـەو یـادەوەری و زەخیـرەی کولتـووری وەهـا دەخاتـە کار؛ تـۆ وەکـو خوێنـەر بـەرەو دونیایـەک دەبـات و دەتخاتـە ناوییـەوە، وەکـو خوێنـەر دەتخاتـە نێـو دەوڵەمەندییەکـی وەهـاوە، ئەگـەری ئـەوە زۆرە لـە پـڕدا و بەبـێ هیـچ هەسـتپێکردنێک خـۆت بـزر دەکەیـت. نووسـەرێکە دەتوانێـت ئەدەبیـات بەشـێوەی فرەئالـی، فـرە رەهەنـد و فـرە دەنـگ بخاتـە بەردەسـت و دیـدەی تـۆ. جیاوازیـی لـەلای ئـەو لـە بـاوەڕ بـەدەرە.

لەنێـو کاری خۆیـدا دەتوانێـت بـە زەبـری نووسـین و دەربڕیـن ئانـادۆڵ و مێزۆپۆتامیـا پێکـەوە بگۆڕێـت بـۆ باخچەیەکـی پـڕ ئەفسـوونی کولتـووری دونیـا.

پرسـیار: چـۆن بۆتـان رەخسـا بەوشـێوە نایابـە هاوڕێیەتـی یاشـار کەمـال دەسـتەبەر بکـەن؟ تەنانـەت مسـۆگەرکردنی پەیوەندییەکـی نایابـی "کـوڕ و باوک"-ێتـی. ئەمـە چـۆن و کـەی دەسـتپێکرد؟

ئەحمـەد گوینەشـتەکین: سـاڵی 2000 باوکـم مـرد، پـاش مردنـی بـە سـێ سـاڵێک، واتـە سـاڵی 2003، پێشـانگەیەکی گـەورەم کـردەوە، یاشـار کەمـال هـات بـۆ ئـەو پێشـانگەیە و لـە نزیکـەوە یەکترمـان ناسـی، ناسـینێکی بـێ دابـڕان، تاکـو وای لێهـات بووینـە کـوڕ و بـاوک.

سـەرەتا حـەزی لـە شـێوازی هونەرەکـەم کـرد و پاشـان منیشـی خۆشویسـت. ئیـتر بەشـێوەیەکی بـەردەوام و رێکوپێـک یەکترمـان دەبینـی، هەمـوو هەفتەیـەک چەنـد جارێـک بەیـەک دەگەیشـتین. بـە تێپەڕبوونـی کات ئـەو بـە منـی دەگـوت کـوڕم و منیـش بـەوم دەگـوت بابـە.

واتـە لـە هەوڵـی ئـەوەدا بوویـن کێماسـیی یەکـتر پڕبکەینـەوە. یەکـتری

تـەواو بکەیـن. راسـتییەکەی ئـەو خـۆی دەیگـوت، ئـەوەی مـن بـە ئەدەبیـات دەیکـەم، تـۆ بـە نیگارکێشـان هەمـان کار دەکەیـت.

مـن لـە تەمەنێکـی زۆر زوودا هەوڵمدابـوو یاشـار کەمال بناسـم، ئەدەبیاتەکەی بەگشـتی، بێگومـان بەتایبەتـی حەمەدۆکـم دەناسـی. هەروەهـا ئەفسـانەی هــەزار گام خوێنــدەوە، واتــە هەوڵــم دەدا کارە گرنگەکانــی بخوێنمــەوە. سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کەسـێک کـە مـن سەرسـام بـووم پێـی، رۆژێـک دێتـە ژیانمـەوە، نـەک هـەر بـە بیـر، بەڵکـو بـە جەسـتەیش شـوێنێکی گرنـگ لـە ژیانمـدا دەگرێـت. دەبیـن بـە بـاوک و کـوڕ.

پاشـان کاریگـەری دەبێـت لەسـەر هونەرەکـەم، لەسـەر ژیانـم و تێڕوانینـی سیاسـیم، بۆچوونـم بەرانبـەر بـە مـرۆڤ دەگۆڕێـت. فێـرم دەکات مـرۆڤ چـۆن دەتوانێـت بەخشـندە و لێبـووردە بێـت. ئەمـە گەورەتریـن دەسـتکەوتی ژیانـی مـن بـوو.

بـەردەوام گوتوومـە، یاشـار کەمـال زانسـتگەی منـە، ئـەو مرۆڤەیـە بڕوانامـەی بـە مـن بەخشـی. کەسـێک بـوو وای لـە مـرۆڤ دەکـرد راسـت و دروسـت بێـت، ئـەوەی دەسـتەبەر دەکـرد کـە مـرۆڤ، مرۆڤـی بـاش بێـت.

دەیگـوت: "مرۆڤـە باشـەکان بگەنـە یـەک شـتی بـاش دەکـەن، هەوڵبـدەن مرۆڤـی بـاش بـن".

یەکێکـی دیکـە لـە ئامۆژگارییەکانـی کـە مـن زۆر بـە گرنگـی دەزانـم و زۆر بانـدۆری لەسـەر مـن دانـا، ئـەوە بـوو؛ دەیگـوت: "رۆڵـە تاوەکـو گەورەتـر بیـت بچووکـتر دەبیتـەوە". چونکـە یاشـار کەمـال خـۆی کەسـایەتییەکی وەهـا خاکـی هەبـوو، مـن لـە سـاڵانی دواتـردا حاڵیبـووم ئـەم " تاکـو گەورەتـر بیـت بچووکــتر دەبیتــەوە" واتــای چییــە. لەبەرئــەوەی کاری ئــەو تەنیــا و تەنیــا بەرهەمهێنـان بـوو، تەنیـا لەپێنـاوی مرۆڤـدا بـوو، بـۆ ئـازادی بـوو، تێکۆشـانی

وی تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەبوو کە هاووڵاتیان مافی جیاوازبوونیان هەبێت، کاری ئەو بۆ مسۆگەرکردنی ماف و ئازادیی ڕادەربڕین بوو، لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئەم ویستانەدا کێشەی زۆر گەورەی تووش بوو، دژواریی زۆر ژیا. ساڵانێکی زۆر کارەکانی وی، داخوازی و ویستەکانی کە کاری بۆیان دەکرد، لەلایەن کۆماری تورکیاوە قەدەخەکران. هەوڵیاندا لە قسەی بخەن، نووسینەکانی، زمانی، زۆر شتی دیکەی ڕووبەڕووی قەدەخە و دادگا دەکرانەوە. شتگەلێکی زۆر ژیا. سەرباری ئەو دژواریانە هیچ کاتێک بەژنی نەچەمایەوە و خۆی نەدا بەدەستەوە. بەردەوام بوو لەسەر ئەو ڕێیەی خۆی دەیناسی.

ئەگەر ئەمڕۆ[48] لە تورکیا شتێک، بڕێک ئازادی بۆ کورد هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە یاشار کەمال یەکێک لەو کەسانەیە کە ڕۆڵی گەورەیان لەو دەستکەوتەدا هەیە. یاشار کەمال 30 - 35 ساڵ بەر لە ئێستا باسی لە بابەتەکانی ئەمڕۆ کردووە، ئەو لەو ڕۆژگارەدا ئاماژەی بە کێشەگەلی ئەمڕۆ کردووە. هەر لەبەر ئەو قسانەیش زۆر سزادرا، ناچاربوو ڕووبکاتە تاراوگە، بەڵام هەرگیز پاشگەزنەبووەوە، هەرگیز نەکشایەوە. هەموو ئەو وتار، ئاخافتن، هەموو ئەو هەڵوێستانەی لە چوارچێوەی کتێبی (ئەمە بانگەوازێکە) کۆکردوونەتەوە. لە ساڵانی کۆتاییدا بەردەوام دەیگوت؛ ئیتر من قسەی خۆمم کرد. ئەگەر ئێوە هەستی پێنەکەن و گوێتان لێنەبووبێت، وا من لە کتێبێکدا چاپیان دەکەم، پاش من کتێبەکە بخوێننەوە، بزانن چیم گوتووە. هەڵوێست و قسەکانی لەو ڕووەوە زۆر گرنگ بوون.

سەبارەت بە خۆیشم، لە ژیانی مندا، لە دەستەبەرکردنی دەوڵەمەندی و گەشەی هونەرەکەمدا، لە تێڕوانیندا بۆ ژیان، یەکێکبوو لە گرنگترین

48 - ئەم دیدارە پاییزی ساڵی 2015 لە شاری ئیستانبوڵ ساز کراوە.

کەسەکان. ئەو ڕۆژەی یاشار کەمالی تێدا مرد، من گوتم: بۆ جاری دووەم باوکم دەمرێت. چونکە باوکم کاریگەریی زۆری بەسەرمەوە هەبوو.
لەو ساڵانەدا من ئیتر بێ باوک مابوومەوە، لەوە دەچوو خودا میهرەبانییەکی گەورەی لەگەڵ من کردبێت کە یاشار کەمالم لە نزیکەوە ناسی. بێگومان ئەو ڕووداوە بووە باندۆری گەورە و گۆڕانکاری زۆری لە ژیانمدا کرد. زوو گەشەم کرد، بۆچوونمی بەرانبەر بە ژیان گۆڕی، وایکرد زۆرتر مرۆڤ و سرووشتم خۆشبوێن.
پاشان زۆر باندۆری لەسەر کاری هونەری و شێوازی کارکردنم دانا. ڕەنگی شینی لا خۆشەویست کردم. من لە خۆم دەپرسی ئایا یاشار کەمال بۆچی ئەوەندە حەز لە ڕەنگی شین دەکات؟
دواتر بۆم دەرکەوت ڕەنگی شین دەربڕینێکە بەمەبەستی هەست و خواستی ئازادی لە هەناویدا، خواستی کارکردنی بەردەوام بۆ جوانکردنی ژیان لە دڵی ویدا، وادەکات شین بەوجۆرە خۆشەویست بێت لەلای. ئەو دەمە بە جۆرێک کاری لە من کرد، بووە قۆناخێک لە ژیانی هونەریمدا و ڕەنگی شین بووە ڕەنگێکی سەردەست لەلام.
لە هەموو تەلەفۆنێکدا پرسیاری لێم دەکرد، "کوڕم شینێکی نوێ هەیە؟".
دەمگوت: بەڵێ بابە هەیە.
دەیگوت: دەوەرە هەڵمبگرە و بمبە بۆ لای خۆت.
دەهاتینە نیگارخانەکەم و بێگومان دەبووە تابلۆیەکی شین بنەخشێنین.
ناوبەناو هەموومان پێکەوە کۆدەبووینەوە. زۆر حەزی لە نیگارکێشان دەکرد. بەهرەیەکی گەورەی نیگارکێشانی هەبوو. پێکەوە چوارچێوە و کەرەستەکانمان ئامادە دەکرد. فڵچەی دەگرت و بەزۆریش بەرەو ڕەنگی شین دەچوو، پاشان دەستی دەکرد بە نیگارکێشان. هەندێ

جـار چیاکانـی تۆرۆسـی دەنەخشـاند، چیـا لەدەمـی داپۆشـینیاندا بـە بەفـر. هەندێـک جـار نیـگاری چنارێکـی پیـری دەنەخشـاند. جارنـا ژی بـە هـۆکاری هەسـتی بیرکـردن و تاسـەی تـەواو زلزەریایەکـی شـین و فراوانـی دەنەخشـاند و دەیتوانـی گەمیشـی بـۆ بنەخشـێنێ. دونیایەکـی یەکجـار تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو، دونیایـەک لـە رەنگـی ئەفسـانە و دونیایـەک کـە بـە تەواویـش لەسـەر ئـازادی بنیاتنرابـوو.

پرسـیار: دەکرێـت شـتێکی زۆرتـر سـەبارەت بـەو گوتەیـەی یاشـار کەمـال "تاکـو گەورەتربیـت بچووکـتر دەبیتـەوە"، بڵێیـت؟

ئەحمـەد گوینەشـتەکین: ئـەو قسـەیەی یاشـار کەمـال کـە دەڵێـت "تاوەکـو گەورەتـر بیـت بچووکـتر دەبیتـەوە"، راسـتییەکەی وەهابـوو؛

پێویسـت نـاکات هەرگیـز خـۆت گـەورە پیشـان بـدەی، یـان هەسـتێکی وەهـا دەربـبڕیـت. چیـت کردبێـت، لەهـەر بوارێکـدا، کارەکانـت لـە بـواری هونەریدا بـن، لـە هـەر بوارێکـی ژیانـدا بـن، یـان لـە بـواری کاری هزریـدا بـن، یاخـود هەڵوێسـتی سیاسـی، لـە هەمـوو بـوار و لـە هەمـوو دەمێکـی ژیانـدا خاکـی بـە. ئەگـەر شـتێکی بـاش بکەیـت، مرۆڤـەکان مافـی خـۆت پێـدەدەن.

یاشـار کەمـال لەگـەڵ منداڵـدا منـداڵ و لەگـەڵ دەسـتگێڕێکی نـاو بـازاڕدا و لەگـەڵ هیـچ مرۆڤێکـدا جیاوازیـی نەبـوو، بـەڵام ئەدەبیاتەکـەی کارێکـی گـەورە بـوو. مـن کاتێـک یاشـار کەمـاڵم بینـی، وەکـو دوو کـەس دەمبینـی؛ یاشـار کەمالێـک نەمـر، واتـە کەسـێک کـە ئـەو ئەدەبیاتـەی ئافرانـدووە، ئەدەبیاتێکـی دەوڵەمەنـدی وەهـا کـە ئـەو بـۆی ژیـاوە و دەژی، کەسـێک لەوەیـە لـە سـەت سـاڵی رابـردوودا، لـە بـواری ئەدەبیاتـدا لەنێـو یەکەمیـن دە نـاوی گرنگـدا بێـت کـە ئەدەبیاتێکـی بەرچـاوی وەهایـان نووسـیبێت. واتـە تۆلسـتۆی چ بێـت، سـارتەر چ بێـت، سـتاندال چ بێـت، دۆستۆیەڤسـکی چ

بێـت، بـۆ دونیـا و بـۆ ئێمەیـش یاشـار کەمـال نرخێکـە لـەو ئاسـت و لەوجۆرە. یاشـار کەمـال هەرگیـز خەیاڵـی شـتی دیکـە یـان هەنـدێ دەسـتکەوتی نەبـوو. ئـەو بـەردەوام سـەرقاڵی کاری ئەدەبیـی خـۆی بـوو. ڕۆمانـی خـۆی دەئافرانـد و لەجێگـەی شـیاو دایدەنـان. ئـەوە دیاردەیـەک بـوو نـاوی وی بـە نەمـری دەهێڵێتـەوە.

یاشـار کەمالەکـەی دیکـە، وەکـو ئێمـە کەسـێک بـوو لـە نێـو کوچـەکان، وەکـو ئێمـە؛ کەسـێک بـوو لـە نێـو ژیاندا، برسـی دەبـوو، مانـدوو دەبوو، سەرئێشـەی تـووش دەبـوو، دەگریـا و پێدەکەنـی، کەسـێکی وەهـا بـوو. کەسـێک نەبـوو خـۆی لەسـەرووی هیـچ مرۆڤێکـەوە ببینێـت، هەرگیـز. بەرانبـەر بـە هەمـوو کەسـێک هەمـان شـت بـوو. پێکـەوە دەچوویـن لـە شـوێنێک خواردنێـک بخۆیـن، گاڵتـەی لەگـەڵ کارمەندەکانـی خواردنگەکـە دەکـرد، دڵـی هەمووانـی بـۆ خـۆی کێـش دەکـرد، هەمـووان خۆشیاندەویسـت. لەسـەر شـەقامەکان نەدەکـرا بـەردەوام بـڕوات، رایاندەگـرت. سـەرنجڕاکێش ئەوەبـوو، ئەمـە نـەک هـەر لـە تورکیـا، بەڵکـو لـە زۆر شـوێنی دیکەیـش وەهـا بـوو، لـە ئەڵمانیـا، لـە فەرەنسـا، دەچـوو بـۆ هـەر شـوێن و وڵاتێـک هەمـان نیـگا، هەمـان چـاوی خۆشەویسـتی لەسـەر بـوو، لـە هەمـوو ئـەو شـوێنانە هەمـان ئـەو نزیکبوونـەوە و گەرمبوونەوەیـە بەڕوونـی دەبیـنران. گرنگیـش نەبـوو زمانـی ئـەو شـوێنە دەزانێـت یـان نـا.

# ئەمینە ئۆجاک
# دایکێک لە دایکانی شەممە

**" ئەشکەنجە دراین، لێمان درا. یاشار کەمالیش خۆشەویستی پێشکەشی ئێمە کرد".**

ئەمینە ئۆجاک سەبارەت بە هەڵوێستی یاشار کەمال

**- "تورکیـای ئەمـڕۆ لـە دۆخێکـی باشـدا نییـە. ئەشـکەنجە هەیـە لـە تورکیـا. زیندانـەکان بـە هـەزاران کـەس سـیخناخن. زیندانەکانـی تورکیـا ئەمـڕۆ وەکـو کامپەکانـی کۆکردنـەوەن. ئـەوەی لـەم وڵاتـەی ئێمـە ڕوودەدات بـەدەرە لـە بڕواپێکـردن".**

**- "جگـە لـە تـورک، هیـچ کەسـێک دۆسـتی تـورک نییـە. تەماشـای ئـەم کارەسـاتە بکـەن! هیـچ کاتێـک شـتێکی وەهـا سـەیر و ناجـۆر نابێـت بگوترێ. ئەگـەر میللەتێـک دۆسـتی نەبێـت، کەواتـە ئـەو میللەتـە بوونیشـی نییـە. لەمـە خراپـتر بـۆ هاووڵاتیانـی نیشـتمانێک ناگوترێـت".**

یاشار کەمال

**- "یاشـار کەمـال لـە دڵـەوە لەگـەڵ ئێمـەدا بـوو، دەمبینـی چەنـد بـە روونـی ئازارەکانمـان دەبینێـت و پشـتگیریمان دەکات".**

**- "لـە دادگایـش یاشـار کەمـال پشـتیوانی لـە ئێمـە کـرد. ئـەو هێـزی دەداینـێ و هاوکاریـی دەکردین".**

## هەناسە و بزەیەکی دایکانەی بانباو [49] ..

بەبـێ ئـەوەی شـتێکی ئەوتـۆ سـەبارەت ئەدەبیـات و دنیـای کتێبەکانـی بزانێـت، بەبـێ ئـەوەی پەڕەیەکـی ئـەو نووسـەرەی خوێندبێتـەوە، کاتێـک سـەبارەت بـە یاشـار کەمـال پرسـیارمان لێکـرد، بـەر لـە دەربڕینی هیچ شـتێک؛ هەناسـەیەکی هەڵمـژی، هەناسـەیەکی دایکانـە، بزەیەکـی دایکانـەی بانبـاوی بـۆ دەوروبەرەکـەی نـارد، ئـەو ئاماژانـەی سـیمای بـەس بـوون بـۆ ئـەوەی ئیـتر هیـچ نەڵێـت. ئـەو دوو ئاماژەیـە دوو تیشـکی پڕاوپـڕ لـە خۆشەویسـتی بـوون کـە ئـەو دایکـە ئاراسـتەی یاشـار کەمـال و گیانـی وی دەکـردن. لەوێـدا، لـەو چرکـە لەزگینـەدا مـرۆڤ بـۆی دەردەکەوێـت، یاشـار کەمـال نووسـەری نێـو رووداوەکان بـوو، نـەک بـە تەنیـا نووسـەری نێـو کتێـب و رۆمـان.

لەوێ بووە، لە هەر شوێنێک شکۆ و مافی مرۆڤ کەوتبێتە مەترسییەوە.

---

49 - بانبـاو: بـان؛ سـەر، ژوور. بـاو؛ نەریتـی، شـتی هەرتـم و بـەردەوام.. بانبـاو؛ شـتێک لـە دەرەوە، لـە سـەرەوەی نەریـت و شـتی بـاو.

دایکێـک لـە دایکانـی شـەممە، دایکـی حەسـەن ئۆجـاک، لـە هەڤپەیڤینێکـی کورتـدا، کـورت، بـەڵام بـە واتـا یەکجـار فـراوان، وەکـو جەرگـی خـۆی بـاس لەو نووسـەرە دەکات. ئـەو دایکـە جگەرسـووتاوە لـە سـۆنگەی نەخوێندەوارییـەوە بەرهەمـی ئەدەبیـی یاشـار کەمـاڵ ناناسـێت، بـەڵام لـە روانگەی هەڵسـوکەوت و بــۆن و بەرامــەی مرۆڤبوونییــەوە، بــۆی دەرکەوتــووە یاشــار کەمــاڵ چ پەیامێکـی گرنگـی لـە نووسـیندا هەیـە.

دایکانــی شــەممە، ئـەو دایکانــەن کــە کــچ و کوڕانیــان لــە تورکیــا کــوژراون یــان شــوێنبزر کــراون. ئــەم دایکانــە لــە ســاڵی 1999 بــەدواوە، هەمــوو ڕۆژانـی شـەممەیەک لەبـەردەم ئامادەیـی گەلاتەسـەرای لـە شـاری ئیسـتانبوڵ کۆدەبنــەوە، لــە دژی شــەڕ، کوشــتن، جیــاکاری و توندوتیــژی چالاکــی ســاز دەکـەن. نزیکـەی هەمـوو شـەممەیەکیش ئـەو دایکانـە ئامانجـن بـۆ هێرشـی جۆراوجــۆری پۆلیــس، توونــدڕەو، کەســانی رەگەزپەرســت. یاشــار کەمــاڵ زۆرجـار بـۆ پشـتگیرییان لـەوێ ئامـادە دەبـوو، لەگـەڵ ئـەو دایکانـەدا کاتـی بەســەردەبرد و هێــزی دەدانــێ.

پرسـیار: وەکـو دایکێـک لـە دایکانـی شـەممە دەتوانـن بـاس لـە یەکترناسـینتان لەگـەڵ یاشـار کەمـاڵ و شـتێک سـەبارەت بـە بیرئانینـی خۆتـان لەوبارەیـەوە بڵێـن؟

ئەمینـە ئۆجـاک: مـن دایکێکـم لـە دایکانـی شـەممە. کوڕەکەمـم لەدەسـتدا. کوڕەکەمـم بەخـاک سـپارد. پاشـان ئیـتر هاتـم و بەشـداربووم لەگـەڵ دایکانـی شــەممە و لەبــەردەم ئامادەیــی گەلاتەســەرای دادەنیشــتین. لــەو ڕۆژانــەدا لەگـەڵ یاشـار کەمـاڵ یەکترمـان ناسـی.

بـۆ پشـتیوانیکردن لـە ئێمـە دەهاتـە ئـەوێ و ئامـادە دەبـوو. پـاش ماوەیـەک لـە یەکـتر ناسـینمان دەهـات، منیشـی دەبـرد و دەگەڕایـن. کاتێـک حەسـەنی

کـوڕی منیـان لـە گـۆڕ دەرهێنـا، ئـەودەم باشـتر یەکترمـان ناسـی. لەکاتـی دادگایـی، لـە بنکـەی پۆلیـس، لـە گۆڕەپانـەکان، لـە زیندانەکانیـش ئێمەیـان ئەشـکەنجە دا. ئەشـکەنجە درایـن، لێـمان درا. یاشـار کەمالیـش خۆشەویسـتی پێشکەشـی ئێمـە کـرد.

ئەمینـە ئۆجـاک سـەبارەت بـە حەسـەنی کـوڕی دەڵێـت: خۆزگە حەسـەن هەر لـە زینـدان دەرنەدەچـوو، حەسـەنی مـن، ئـەو دەم لـەوە بـوو نەکوژرێـت. کاتێـک لـە زینـدان بـوو بـەردەوام سـەرم لێـدەدا. بەشـێوەیەکی زۆر دڕندانـە حەسـەنی کـوڕی منیـان کوشـت.

پـاش ئـەوەی کوشـتیان، رۆژانـی شـەممە لەگـەڵ دایکانـی دیکـەدا دەچوومـە بـەردەم ئامادەیـی گەڵاتەسـەرای، لـەوێ یاشـار کەمـاڵم ناسـی.

پیاوێـک یەکسـەر خۆشمویسـت و تاوەکـو مردنیـش لـە دڵمـدا دەژی. یاشـار کەمـال لـە دڵـەوە لەگـەڵ ئێمـەدا بـوو، دەمبینـی چەند بـە روونـی ئازارەکانمان دەبینـێ و پشـتگیریمان دەکات.

پـاش مردنـی حەسـەن منیـش چوومە ریـزی دایکانی شـەممەوە و بەشـداربووم لـە چالاکیـی رۆژانـی شـەممەدا. لـەوێ یاشـار کەمـاڵم ناسـی، چونکـە ئـەو دەمـە زۆر دەهاتـە ئـەوێ و دایکانـی شـەممەی بەسـەر دەکـردەوە. بەداخـەوە مـن نەدەتوانـم بخوێنمـەوە و نـە دەتوانـم بنووسـم، بـەڵام دەمبینـی یاشـار کەمـال بـەردەوام دەهاتـە بـەردەم فێرگـەی گەڵاتەسـەرای و سـەردانی ئێمـەی دەکـرد.

ئەمینە ئۆجاک هەروەها دەڵێت:

کاتێـک ئێمـە لـە بـەردەم ئامادەیـی گەڵاتەسـەرای سـەرقاڵی چالاکـی بوویـن، وێنەیەکـی حەسـەنم بەدەسـتەوە گرتبـوو. پۆلیـس بەسـەر ئێمەیانداگـرت، منیـان گـرت، وێنەکـەی حەسـەنیان لـە دەسـتم راکێشـا، وێنەکەیـان دڕانـد

و خستیانە تەنەکەی خۆڵەوە. کاتێک ئێمەیان دایە دادگایش یاشار کەمال هات و پشتیوانی لێکردین. یاشار کەمال هێزی دەداینێ و هاوکاری دەکردین. هەندێک جاریش لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەدا ئێمەی کۆدەکردەوە، پێکەوە دەگەڕاین، هاوڕێیەکانی خۆی، هاوڕێیەکانی ئێمە، پێکەوە کۆیدەکردینەوە. پێکەوە کاتێکمان بەسەر دەبرد. وێنەمان دەگرت، خۆشەویستیی خۆی پێشکەشی هەموومان دەکرد.

### کۆرنێلیوس بیشهۆف* وەرگێڕی بەرهەمەکانی یاشار کەمال:

## "ئێمە هاوڕێی ژیان بووین"

**"بەیانیـــان کاژێـــر حـــەوت هەڵدەســـتام و دەچوومـــە کەنـــار دەریاچـــەی ئابانـــت[50]، حـــەوت کیلۆمەتـــرم بەپـــێ دەبـــڕی، بیـــرم دەکـــردەوە و رۆمانـــم دەنووســـی. پاشـــان دەچوومـــەوە دەمخســـتە ســـەر کاخـــەز، پێمـــوابێـــت نـــۆ رۆمانـــم لـــە کەنـــار ئـــەو دەریاچەیـــە نووســـی".**

یاشار کەمال

---

50 - دەریاچەی ئابانت 30 کیلۆمەترێک لە خوارووی شاری بۆڵو- یە لە تورکیا.

* (1928-2018) پارێـزەر، سیناریسـت و وەرگێـڕی ئەڵەمـان بـوو. لـە بـواری وەرگێڕانـی بەرهەکانـی یاشـار کەمالـەوە ناوێکـی گرنگـی لـە بـواری وەرگێڕانـی ئەدەبیـات لـە زمانـی تورکییـەوە بـۆ زمانـی ئەڵەمانـی بـۆ خـۆی دەسـتەبەرکرد.

**- " تەنەکە؛ کتێبێکی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی بوو".**

**- "ژیانی بیشهۆف خۆی ڕۆمانێکە، ڕۆمانێکی پڕ لڤین و هەمیشە زیندوو".**

- " ئۆرهان پەکەر گوتی:

**ئەم گەنجە خوێنگەرمە ناوی یاشار کەماڵە، پێموایە نووسەرێکی گەورەی لێدەردەچێت".**

**- "یاشار کەمال گوتی: ئەگەر پیاسە و ڕۆیشتن نەبێت ناتوانم بنووسم. لەو ڕۆیشتن و پیاسانەمدا دەنووسم و پاشان دەیانخەمە سەر کاخەز".**

وەرگێڕ و زمانناسی ئەڵمان کۆرنێلیۆس بیشهۆف، کەسێک بوو زمانناس و یاساناس. مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و وەرگێڕێکی شارەزا بوو. 13 ڕۆمانی یاشار کەمالی لە زمانی تورکییەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە. چیرۆکی ئەم مرۆڤە یەکێکە لە چیرۆکە هەرە سەرنجکێشەکان. بیشهۆف ساڵی 1928 لە دایکێکی جووی تورکیا و باوکێکی ئەڵمان لە شاری هامبورگ لەدایکبووە. لە ترسی قڕکردنیان لەلایەن نازییەکان، ساڵی 1939 لە ئەڵمانیاوە بەرەو فەرەنسا هەڵدێن و لەوێوە بەڕێگەی دەریادا دەگەنە تورکیا. بیشهۆف لە تورکیا لە شاری چۆرم دەگیرسێتەوە. لەوێ فێری تورکی دەبێت، ئەو لە چنگی مردن، لە نەهەنگی نازیگەل ڕزگاری دەبێت، تورکی فێر دەبێت

و پاشـان پەیامـی یاشار کەمـال، رۆمانـی نایابـی یاشـار کەمـال لەگـەڵ خـۆی دێنێتـەوە ئەڵمانیـا. بیشـهۆفی زیندوو بـە کۆمەڵێـک رۆمانی زینـدووی نایابەوە دەگەڕێتـەوە زێـدی خـۆی، ئـەوان دەژیـن، بـۆ هەتاهەتایـە، چەوسـێنەران و هەڵگیرسـێنەرانی شـەڕیش لەنێودەچـن. ژیانـی بیشـهۆف خـۆی رۆمانێکـە، رۆمانێکـی پـڕ لڤیـن و هەمیشـە زینـدوو.

بیشــهۆف ســاڵی 2018 کۆچــی دوایــی کــرد و دڵــە پــڕ لــە حەزەکــەی بــۆ ئەدەبیـات و بـۆ وەرگێـڕان لـە لێـدان کـەوت. زسـتانی سـاڵی 2015 لـە ماڵـی خـۆی هەڤپەیڤینێکـم لەگـەڵ سـازدا، سـەبارەت بـە یاشـار کەمـال و ئەدەبیاتـی ئـەو نووسـەرە. بیشـهۆڤ دەیگـوت؛ هێشـتا زۆر بەرهەمـی یاشـار کەمـال هـەن دەمەوێـت بیانکەمـە ئەڵمانـی. نازانـم تەمـەن رێمـدەدا یـان نـا. جەخـار تەمـەن رێگـر بـوو.

بیشهۆف سەبارەت بە ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی ئەو نووسەرە دەڵێت:

سـاڵی 1951 نیگارکێشـی تـورک ئۆرهـان پەکـەر کـە هاوڕێـی نزیکـم بـوو، رۆمانێکـی پێشـکەش کـردم.

باشـم لـە بیـرە ئۆرهـان لەوبارەیـەوە گوتـی: نووسـەرەکەی لـە تەمەنـی 22 سـاڵیدا ئـەم رۆمانـەی نووسـیوە. ئۆرهـان گوتـی:

ئـەم گەنجـە خوێـن گەرمـە نـاوی یاشـار کەمالـە، پێموایـە نووسـەرێکی گـەورەی لێدەردەچێـت.

بیشهۆف کاتێک رۆمانەکەی بەدەستەوە بوو، دەیگوت:

ئەمـە ئـەو رۆمانەیـە کـە ئـەودەم ئۆرهـان پەکـەر پێشکەشـی منـی کـرد، رۆمانـی تەنەکـە.

لـە ئاشـنابوونی مـن و ئەدەبیاتـی تورکیـدا تەنەکـە یەکەمیـن بەرهەمـی ئەدەبـی بـوو، ئـەو دەیگـوت.

تەنەکــە لــە بەرهەمەکانــی ســەرەتای کاری یاشــار کەمالــە، پاشــان دەبێتــە یەکێـک لـە بەرهەمەکانـی ئەدەبیـات و هونـەر لەسـەر ئاسـتی جیهـان. هـەر لـەو سۆنگەیەشـدایە یەکێـک لـە ئۆپێـرا گرنگەکانـی ئەوروپـا، (ئۆپێـرای سـکالآ دی میلانـۆ) ئـەو بەرهەمـە بـە شـێوازی ئۆپێـرا پێشـکەش دەکات.

کۆرنێلیـۆس بیشـهۆف بـە خۆشەویسـتییەوە باسـی ڕۆمانـی تەنەکـەی دەکـرد و دەیگـوت:

ڕۆمانــی تەنەکــە یەکــەم بەرهــەم بــوو بــە زمانــی تورکــی خوێندمــەوە. خوێندنــەوەی ڕۆمانەکــە ئــەو بڕیــارەی لــەلا دروســتکردم کــە دەســت بــە وەرگێڕانــی بکــەم بــۆ زمانــی ئەڵمانــی.

بێگومـان کتێبەکـە بەرهەمێکـی ئانادۆڵیـی رووتـە، بـەڵام ئەوەنـدەم بـە دڵ بـوو، نەمتوانـی پشـتگوێی بخـەم، بـۆ؟ چونکـە کتێبێکـی ڕەسـەنی ڕۆژهەڵاتـی بـوو. لـەو سـەردەمەدا بـە زمانـە ئەوروپاییـەکان کتێـب زۆر بـوون سـەبارەت بـە تورکیـا و ڕۆژهــەڵات، بـەڵام تەنەکـە شـتێکی دیکـە بـوو. ڕۆمانەکـە زۆر دڵکێشـی کـردم. بـە سـادەیی بیڵێـم: کتێبێکـی زۆر زۆر بـاش بـوو.

کۆرنێلیـۆس بیشـهۆف سـەبارەت وەرگێڕانـی بەرهەمەکانـی یاشـار کەمـال دەڵێــت:

مـن هـەر وەرگێـڕی بەرهەمەکانـی ئـەو نووسـەرە نەبـووم، بەڵکـو ئێمـە دوو هاوڕێـی زۆر نزیکـی یەکـتر بوویـن. هاوڕێیەتـی ئـەوان بـە جۆرێـک نزیـک بـووە، بیشـۆف بـە "هاوڕێیەتـی ژیـان" پێناسـەی دەکات.

بیشهۆف سەبارەت بە ئاشنایەتی خۆی و یاشار کەمال دەڵێت:

ئـەو دەمـە، سـاڵانی پەنجاکانـی ئیسـتانبوڵ، یاشـار کەمـال لـە بەشەشـاری باسـن کوێـی دەژیـا و منیـش لـە یەشـیل کوێـی. یاشـار کەمـال بـەردەوام لـە باسـن کوێیـەوە بەپـێ دەچـوو بـۆ یەشـیل کوێـی. خوشـکەزا و برازاکانـی منیش

ئەودەمە لە ئیستانبوڵ دەژیان، لە ڕێگەی ئەوانەوە بە یاشار کەمال ئاشنا بووم، چۆن؟ ئەوان باسیان کرد بۆم کە یاشار کەمالی نووسەر هەموو سبەینانێک لە باسن کوێیەوە بەرەو یەشیل کوێی پیاسە دەکات. دەڕوات و دەگەڕێتەوە. ئەمە کاری ڕۆژانەی بوو. من بەوجۆرە و لە ڕێگەی خوشکەزا و برازاکانمەوە بە یاشار کەمال خۆی ئاشنا بووم، بەڵام بە تەواوی نازانم کەی یاشار کەماڵم ناسی، تەنیا ئەوە دەزانم لەڕێگەی خوشکەزا و برازاکانمەوە ناسیم.

بیشهۆف لە دەمی قسەکردندا ناوبەناو پشوویەک دەدات و پاشان بەردەوام دەبێت؛

لەو پیاسانەیدا لە لێواری مەڕمەڕە، یاشار کەمال بەردەوامیش بەدەم منداڵانەوە دەوەستا و قسەی لەگەڵ دەکردن، بە جۆرێک هەموو منداڵانی ئەو سەرڕێیە ببوون بە هاوڕێی. جارێک لێم پرسی: ئەم هەموو منداڵە لە کوێیەوە دەناسی و چۆن ئاشنای یەکتر بوون؟

پێکەنی و گوتی بەهۆی پیاسەکردنمەوە.

سەبارەت بە پیاسەکردن و نووسین بەدەم ڕێوە بیشهۆف دەڵێت:

ئەفلاتۆنیش وەها بوو، پرێپاتێتیکەر بوو. پیاسەی دەکرد. دەجوڵا، واتە گەڕۆک بوو، دەهات و دەچوو. یاشار کەمال، نووسەرێک بوو، پرێپاتێتیکەر، کەسێک بوو دەهات و دەچوو، پرێپاتێتیکەر؛ کەسێکە پیاسە دەکات و بەدەم جوڵەوە دەنووسێت. جارێک خۆم لە یاشار کەماڵم پرسی، بۆ ئەو هەموو کاتە دەدەی بە پیاسەکردن؟ ئەی کەی دەنووسیت؟ وەڵامی ئەو وەهابوو:

ئەگەر پیاسە و ڕۆیشتن نەبێت ناتوانم بنووسم. لەو ڕۆیشتن و پیاسانەمدا دەنووسم و پاشان دەیانخەمە سەر کاخەز.

واتــە ئەویــش وەکــو ئەفلاتــۆن پرێپاتێتیکــەر بــوو. ئەفلاتۆنیــش لــە شــەقام و کۆڵانەکانــی ئەســینا دەهــات و دەچــوو، ئەوانیدیکەیــش بەدوایــەوە، بــەو جــۆرە هــزر و فەلســەفەی خــۆی دەنووســی.

وشــەکە بــە گریگــی واتــای پیاســەکردن دەگەیێنێــت، چــوون بــۆ پیاســەکردن، پرێپاتــۆ، چــوون و هاتنــە.

بیشهۆف سەبارەت بە هێزی نووسینیش لە کن یاشار کەمال دەڵێت:

یەشــار کەمــال، نووســەرێکی گەردوونییــە. بــێ دوودڵــی ئــەو نووســەری هەمــوو جیهانــە. بەختــەوەرم زمانــی تورکــی دەزانــم و توانیــم بــەو زمانــە لــە بەرهەمەکانــی حاڵــی ببــم. ئەوەیــش هــەر بەختەوەرییەکــی گــەورە بــوو بــۆ مــن کــە لەڕێگــەی زمانــی تورکــی و وەرگێــڕان لەنێــوان ئــەو دوو هاوڕێیــەدا، یاشــار کەمــال و گوینتــەر گــراس، لەنێوانیاندابــم و ئاشــنابم بــە گراســیش. واتــە مــن بــێ زانینــی زمانــی تورکــی ئــەو شانســەم نەدەبــوو گــراس بناســم، بەهــۆی زمانــی تورکــی و هاوڕێیەتــی گــراس و یاشــار کەمــال، گوینتەر گراسیشــم ناســی. یاشــار کەمــال، یەکێک لــە داهێنەرانــی ئەدەبیاتــی جیهانییە. بەهــۆی بەرهەمی یاشــار کەمالــەوە، ئەدەبیاتــی تورکــی بــووە بەشــێک لــە ئەدەبیاتــی جیهــان. گــراس چــی بــۆ زمانــی ئەڵمانــی کــرد، یاشــار کەمالیــش ئــەوە و زیاتریشــی بــۆ زمانــی تورکــی کــرد، لەڕێگــەی ئــەوەوە زمانــی تورکــی گەیشــتە ئــەم ئاســتەی ئێســتای. ئــەم نووســەر و بەهــرە گەورانــە لــە هەنــدێ هەلومەرجــی زۆر تایبەتــدا دروســت دەبــن.

بێگومــان بەبــێ یاشــار کەمــال ئەدەبیاتــی تورکــی لــە وڵاتێکــی وەکــو ئەڵمانیــا نەدەنــاسرا. لەومــا دەبێــت تورکــەکان سوپاســی یاشــار کەمــال بکــەن. بێگومــان ئەڵمانەکانیــش، چونکــە ئەوانیــش لەڕێگــەی ئــەو زمانــەی یاشــار کەمالــەوە تورکیایــان ناســی.

# ئارا گویلەر*
# وێنەگری نێوداری ئەرمەنی

**" یاشار کەمال کەسێکە پێویستە بخوێندرێتەوە و گوێی لێبگیرێت "...**

ئارا گویلەر سەبارەت بە هەڵوێستی یاشار کەمال

* وێنەگری نێوداری بە رەچەڵەک ئەرمەنی (1928-2018 ) ناسراوترین وێنەگری تورکیا و ساڵانێکی زۆر لەو بوارەدا پێشەنگ بووە. هاوڕێی تەمەن بوون لەگەڵ یاشار کەمالدا.

**"ئەو داهێنەرانە سامانی هەموو دونیا و هەموو شارستانییەکان بوون".**

**"لەگەڵ یاشار کەمال رابردوویەکی جوانمان پێکەوە هەیە".**

**"یاشار کەمال کەسێکە پێویستە بخوێندرێتەوە و گوێی لێبگیرێت".**

ئـارا گویلـەر (1928-2018) بـە رەچەڵـەک ئەرمەنـی و یەکێـک لـە وێنەگـرە هـەرە نێودارەکانـی تورکیـا بـوو. ئـەو و یاشـار کەمـال هاوڕێـی دێریـن بـوون. سـاڵی 2015 ئـارا گویلەرمـان بینـی، ئـەودەم تـەواو لـە بـن بـاری تەمـەن و لێژبوونـەوەدا چەمابـووەوە، بـەڵام بەخۆشـحاڵییەوە قسـەی لەسـەر یاشـار کەمـال کـرد. گوتـی؛ ئیـتر کەڵکـی قسـە و ئاخافتنـی بـەردەم کامێـرام نەمـاوە، نـە کەڵـک و نـە حەوسـەڵە، بـەڵام ئەگـەر شـتەکە لەبـارەی یاشـار کەمـال بێـت، ناچـارم. حەزدەکـەم قسـە بکـەم. ئـارا گویلـەر و یاشـار کەمـال نـەک هـەر لـە کۆمەڵێـک وێنـەی رەش و سـپی، کۆمەڵێـک گرتـە و دەمـی دیرۆکیـدا پێکـەوە بـوون، بەڵکـو هاوڕێیەتیشـیان لـە هاوڕێیەتییـە نایـاب و گرنگەکانـی تەمـەن بـوو.

پێمگـوت، وەسـتای گـەورەی وێنـە، سـەبارەت بـە ناسـین و دەربـارەی هاورێیەتیتـان لەگـەڵ یاشـار کەمـال چیـمان بـۆ بـاس دەکـەن؟

ئـارا گویلـەر: یاشـار کەمـال هاورێـی منداڵیمـە. لـەو رۆژەوەی هاتووەتـە ئیسـتانبوڵ دەیناسـم. یاشـار کەمـال کەسێکە پێویسـتە بخوێندرێتـەوە و گوێـی لێبگیرێـت. کەسێکە زۆری بـۆ ئـەم وڵاتـە و بـۆ مرۆڤایەتـی کـردووە. یاشـار کەمـال ناوێـک نییـە نەنـاسراو. نووسـەرێکە نـاسراو، پێویسـتی بـە بانگەشـە یان پڕوپاگەنـدەی کـەس نییـە. نووسـەری هەمـوو دونیایـە. نووسـەری تورکیایـە و هـاوکات نووسـەری سەرتاسـەری دونیـا، ئـەو دیاردەیـەک بـوو بـۆ خـۆی.

نووسـەری وەکـو یاشـار کەمـال بـۆ تاکـە میللەتێـک یـان تاکـە لایـەک نانووسـێت، نەخێـر، گەلـۆ گۆتـە تەنیـا بـۆ گەلـی ئەڵـمان دەینووسـی؟ ئایـا ژان پـۆڵ سـارتەر تەنیـا بـۆ فەرەنسـا دەینووسـی؟ نەخێـر، ئـەو داهێنەرانـە سـامانی هەمـوو دونیـا و هەمـوو شارسـتانییەکان بـوون. نووسـەران و هونەرمەنـدان موڵکـی هەمـوو دونیـان. ئەمانـە کەسـانی سیاسـی یـان حیزبـی نیـن، تێگەیشـتن؟

پرسیار: بۆ ئێوە یاشار کەمال هاورێیە یان نووسەر، یاخود هەردووکیانە؟

ئـارا گویلـەر: یەکەمجـار هاورێیـە بـۆ مـن. ئـەو رۆژنامەڤـان بـوو، منیـش هەمـان کارم دەکـرد. پێکـەوە دەسـتمان بـە کاری رۆژنامەڤانـی کـرد. سـاڵانی 1956-1957 لـەو دەمـەوە یەکـتر دەناسـین. هەرچەنـدە لـە دوو رۆژنامـەی جیـاوازدا کارمـان دەکـرد، بـەڵام هـاورێ بوویـن و هەروەهـا هەرگیـز لـە رۆژنامـەی تـەوش و مەوشـدا کارمـان نەکـرد..

پرسـیار: لـە ئەرشـیفی یاشـار کەمالـدا زۆر وێنـە هـەن ئێـوە گرتووتانـن. دەتوانـن شـتێک لەسـەر مێـژوو یـان بەسـەرهاتی ئـەو وێنانـە بڵێـن؟

ئـارا گویلـەر: نازانـم تەماشـای کام وێنانەتـان کـردووە، وێنـەکان زۆرن، بـەڵام

بۆ نموونە کاتێک یاشار کەمال خەڵاتی Legiôn de Honor- ی وەرگرت و خەڵاتەکەیان پێبەخشی، لە ئاهەنگەکەدا منیش ئامادەبووم. لەوێ وێنەم گرتووە. وێنەی زۆریم گرتووە، لە زۆر شوێن و کاتی جیاوازدا. ئەو خۆی، هاوسەری و تەنانەت باوکی هاوسەرەکەیشی هاوڕێم بوون. لەگەڵ یاشار کەمال رابردوویەکی جوانمان پێکەوە هەیە. من سوپاسبژێرم کەسێکی وەکو یاشار کەماڵم ناسی و بووە هاوڕێم. بەڕاستی سوپاسبژێرم.
سەبارەت بە وێنەیش چەندین وێنەی باشمان هەن کە وەکو یادەوەری زیندوو مانەوە.

# موسلیم یوجەل*
# " پێنجسەت ساڵ گێڕانەوە"

**"یاشار کەمال نووسەرێکە هەموو مەرجێکی نووسەری جیهانیی تێدا کۆبووەتەوە"...**

موسلیم یوجەل

* موسلیم یوجەل (1969 روحا) نووسەری کوردی تورکینووس. لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریدا کار دەکات. ناوێکی ناسراوی ئەو بوارەیە لە تورکیا و باکوری کوردستان.

**" دیاره زۆر شت لە دونیادا ئاسانن، بەڵام مرۆڤبوون دژوارە".**

یاشار کەمال

**"یاشــار کەمــال دەیتوانــی ئەفســانە دروســت بــکات، دروســتکردنی کاراکتــەر ســەخت نییــە، بــەڵام ئافراندنــی ئەفســانە کاری نەکردەیــە".**

**" لـە ئەفسـانەی چیـای ئاگـری-دا کـە لـە رۆژگارێکـی دێرینـدا دێـت و دەچێـت، یاشـار کەمـال بـاس لـە پرچـی ژن دەکات. پێیوایـە پرچـی ژن پیـرۆزە ".**

**"بــە بۆچوونــی مــن یاشــار کەمــال ئەگــەر بــە ئینگلیــزی یــان بــە فەرەنگـی یاخـود بـە ئەڵمانیـش بینووسـیبا گرنـگ نەبـوو، لەبەرئـەوەی بـە زمانـی تورکـی نووسـیویەتی بگوترێـت یاشـار کەمـال کـورد نییـە، ئەمــە نەشــیاوە. کاری نەکردەیــە".**

پرسیار: ئێوە لێکۆڵینەوە و نووسینی جۆراوجۆرتان سەبارەت بە یاشار کەمال نووسیون. سەبارەت ئەدەبیاتی ئەو نووسەرە، سەبارەت بە دنیابینی و فەلسەفەی وی، دەتوانن چیمان بۆ باس بکەن؟

موسلیم یوجەل: دەستپێک دەبێت ئەوە بڵێم، یاشار کەمال نووسەرێکە هەموو مەرجێکی نووسەری جیهانیی تێدا کۆبووەتەوە.

زمانی نووسینی یاشار کەمال تورکییە، بەڵام روح و فەلسەفەی وی، هەروەها زۆرینەی سەرچاوەکانی کوردین و دنیایەکن سەر بە کوردان. لە رۆمانی حەمەدۆکەوە تاوەکو دوا رۆمانی بەناوی (چیرۆکی دوورگەیەک)، دنیای یاشار کەمال، هەمان شتە.

بۆ نموونە لە (چیرۆکی دوورگەیەک)دا، یاشار کەمال باس لە دەنگبێژێک دەکات، ئەو دەنگبێژە، واتە (ئوسۆ) وەکو هەموو ئەوانی دیکە روو لەو دوورگەیە دەکات، بەڵام کابرا هیچ پیشەیەکی نییە. کاتێک لێی دەپرسن کارت چییە؟ دەڵێت: من دەنگبێژم. یەکێک لە سەرکارەکانی ئەوێ پێیدەڵێت: تۆ دەبێ کارێک بکەیت و پیشەیەکت هەبێت. پاشان تۆ بەیت و سترانەکانیشت بەزمانی کوردین، کەس لێت تێناگات، بەڵام دەنگبێژەکە پێ لەسەر کارەکەی خۆی دادەگرێت و دەڵێت: من بە زمانی کوردیش ستران بڵێم هەموو کەسێک تێمدەگات. لە بنەڕەتدا ئەمە رووح و راگەیاندنی رۆمانی یاشار کەمالە. یاشار کەمال هەر شتێک بنووسێت، بەڵێ بەزمانی تورکی دەینووسێت، بەڵام بەرهەمێکە بۆ هەمووان، بۆ کورد، تورک، ئەرمەنی و بۆ رۆمیش.

تەماشا لە هەموو رۆمانەکانی یاشار کەمالدا گەل - گەلان هەن. ئەم گەلانە هەموو یەکسانن لە دنیای ئەودا، کەس لەوی دیکە بچووکتر یان گەورەتر نییە. هەموو وەک هەڤن، یەکسان و لە یەک ئاستدان. لەلای

ئـەو مـرۆڤ خراپـە، هیـچ کاتێـک میللەتێـک، گەلێـک هـەر هەمـووی خـراپ نابێـت، مرۆڤـی خـراپ هەیـە، نـەک گـەل و میللەتـی خـراپ. لـە دەربڕینـی ئـەودا، لـە وشـە و داڕشـتنیدا، مرۆڤایەتـی گوڵسـتانێکی هـەزار ڕەنـگ و هـەزار گوڵـە، بێگومـان لـەو گوڵسـتانەدا گـوڵ و گیـای کێویـش هـەن. دەبێـت ئەمەیش پەسـەند بکرێـت. لـەلای یاشـار کەمـال و لـە هەمـوو ڕۆمانێکیشـیدا لـەڕووی تەکنیکـەوە شـێوازی فۆرمـی ئاهەنـگ و گۆرانـی هەیـە.

بەجۆرێـک ڕۆمانەکانـی نووسـیوە و دایڕشـتوون وەکـو ئـەوەی گـوێ لـە سـتران بگریـن وایـە، بـەڵام ڕۆمانەکانـی، داڕشـتنەکانی، بونیـادی کارەکانـی، لەلایـەن نووسـەرانی تـورک و ڕۆشـنبیرانی تورکـەوە زۆر نەنـاسرا و لێـی حاڵـی نەبـوون. لـە دونیـای ئـەو ڕۆشـنبیرانەی تورکـدا بـۆ ماوەیەک یاشـار کەمـال ڕۆماننووسـی گونـد بـوو، وەکو ئەدەبیاتی لادێ باسـیان لـە بەرهەمەکانی دەکرد. دەیانویسـت لـەو شـوێنگەیەدا قەتیسـی بکـەن. ئـەو پەیوەنـدی و داڕشـتنەی ئەدەبیاتـی یاشـار کەمـال بـە گونـدەوە، لـەلای نووسـەری ئەمەریکایـی، بـراوەی خەڵاتـی نۆبـڵ، فۆڵکنەریـش هـەس. هیچ جیاوازییـەک لەنێـوان گێڕانەوەکانی شـتاینبێک لـە رووبـەری گونـد، لـە ئەمەریـکا و گێڕانەوەکانـی یاشـار کەمـال سـەبارەت بـە مـرۆڤ نییـە.  بابەتەکـە لـەلای ئـەو کەسـانە پەیوەنـدی بـە خوێندنـی یاشـار کەمالـەوە هەبـوو. یاشـار کەمـال بـەردەوام لـە سـنووری دیاریکـراوی گونـدەدا دێـت و دەچێـت، ئـەوە بیانـووی ئـەوان بـوو. گونـد حەقیقەتێکـە ڕێک وەکـو گونـد لـە بەرهەمەکانـی فۆڵکنـەردا، وەکـو گوندییەکانـی شـتاینبێک. ڕووداوەکانـی مـادام بۆڤـاری لـە شـارۆچکەیەک دا دەگوزەرێـن، بـەڵام هەرگیـز بـە گوسـتاف فلۆبێـر ناگوتـرێ؛ نووسـەری شـارۆچکە. لـەم بـوارەدا دەتوانیـن بابەتەکـە درێـژ بکەینـەوە ئەگـەر پێویسـت بێـت و نموونـەی دیکەیـش بدەیـن. لەبەرئەوەیـە کاتێـک یاشـار کەمـال لـەم شـوێنە و لـەو دەوروبـەرەوە بـەرەو

ئاستی گەردوونی دەچێت، کارێکە دەگمەن و یەکێکە لە نووسەرە پێشەنگ و ناوازەکان لەو بوارەدا.

یاشار کەمال نووسەرێکی کەم وێنەیە، هیچ کاتێک ناتوانین بیکەینە موڵکی شوێنێک یان کەسێک. لە سەردەم و رۆژگاری خۆیدا هۆمیرۆس نموونەی باڵای بووە. خاوەنی تایبەتمەندیی گرنگ بە خۆیەتی. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگ و ناوازەکانی ئەم نووسەرە ئەوە بوو، دەیتوانی ئەفسانە دروست بکات، دروستکردنی کاراکتەر سەخت نییە، بەڵام ئافراندنی ئەفسانە کاری نەکردەیە. کارێکە یەکجار سەختە و توانای لەڕادەبەدەری نووسەرێکی پێویستە. تەماشا کاتێک باس لە فەقێ تەیران دەکات تیشک دەبارێت، مۆتیڤی کوردەواری ئامادەیە. لەلای "جەمبەلیێ کوڕێ میرێ هەکاری"، لەو دەمەیدا ران لە ئاوەکە دەپەڕێنێتەوە، لەو شوێن و دەمەیدا بلوێر دەژەنێت. ئەمانە ئەو توخمە سەرەکییانەن دونیای یاشار کەمال تێر دەکەن. یاشار کەمال لەسەر ئەم توخمانە رۆمان بنیات دەنێت. سازکردن، یان بەرجەستەکردنی رۆمانەکەیش هەر لەو شتانەوە سەرچاوە دەگرێت. رەوشی مێژوویی نا، دۆخی رۆژگار و کات نا، بەڵکو رۆماننووس شێواز و تەکنیکی کارەکەی بەلاوە گرنگە، لەو دەمەدا کە نووسەر خۆی لە دونیایەکدا دەبینێتەوە و خێزانێک دەئافرێنێ، لەو خاڵەدا خۆیشی لە کارەکەدا دەدۆزێتەوە. راستییەک هەیە ئەم ئافراندنە موڵکی یاشار کەمال خۆیەتی، چۆن مارکیز خاوەنی شێوازی خۆیەتی، یاشار کەمالیش لە بواری سازکردنی ئەفسانەدا دونیای خۆی هەیە.

پرسیار: شتێکی زۆر کاریگەر لە سەرەتادا، لە گەشە و باڵاکردنی دەستپێکدا، تێکستی دەنگبێژان و هەروەها دەقی شیننامە یان لاواندنەوەکانی ژنانە

لـەلای یاشـار کەمـاڵ. تێکەڵکردنـی ئـەو دەقانـە تاکـو کۆتایـی لەگـەڵ ڕووداو، هەڵچنیـن و زمانـی ڕۆمانـدا، لـەو بارەیـەوە سـەرنجی ئێـوە چۆنـە؟

موسـلیم یوجـەل: ڕۆشـنبیری یـان کولتـووری دەڤکـی لـە کـن یاشـار کەمـال جێگەیەکـی تایبەتـی هەیـە. دەکرێـت بڵێـم شـوێنگەیەکی لەبـاری لـەلای هـەس. یەکـەم کتێبـی یاشـار کەمـال کۆکارێکـە لـە دەقـی شـیوەننامە یـان لاواندنەوەکانـی چوکورئۆڤـا. بێگومـان لاواندنـەوەی بـە زمانـی کوردیـش تێـدان کـە لـە دایکـی خـۆی وەرگرتـووە. لاواندنـەوەی کـوردی و تورکـی پێکـەوە هـۆش و گۆشـی یاشـار کەمـال، یـادەوەری وی و توانـای هەڵگرتنـی وی پێکدەهێنـن. یاشـار کەمـال لەسـەر سـتوونەکانی یـادەوەری ڕۆمـان بنیات دەنێـت. لـە هەمـوو ڕۆمانەکانیـدا یـان لـە شـوێنێک لـە شـوێنەکاندا نەریتـی دەڤکـی لـەلا دەبینیـن. نموونـەی هـەرە لەبەرچـاو لـەم بەرهەمانەیـدا دەبینرێـن؛ (ئەڤدالـێ زەینکـێ) و (زەوی ئاسـن و ئاسـمان مـس). بێگومـان لەوێـدا ئامـاژە بـە هەنـدێ شـتی فەلسـەفیش هـەن.

بـۆ نموونـە لـە ڕۆمانـی (زەوی ئاسـن و ئاسـمان مـس)دا، تابـاش بـە زۆر کـراوە بـە ئەولیـا. ڕاسـتییەکەی تابـاش ئەولیـا نییـە، بـەڵام خەڵکەکـە کردوویانـە بـە ئەولیـا. هێزێکـی زۆریـان پێبەخشـیوە. لەنێـو ئـەو هێـزەدا کـە بـە تابـاش بەخـشراوە، تاباشـی تاقانـە هەیـە، مردنـی تاباشـیش خۆکوژییـە. هەروەهـا تەماشـا بکەیـن لـە دونیـای ڕۆمـان و کاراکتەرەکانیـدا، یاشـار کەمـال لـە ڕۆمانـی (ئەڤدالـێ زەینکـێ)وە دەسـتپێدەکات و تاکـو ئـەو قارەمانانـەی دواتـر دەیانئافرێنێـت، تاوەکـو دێتـە سـەر (ئوسـۆ)، لـە نزیکـەی هـەر ڕۆمانێکیـدا دەنگبێـژ هـەن. لـە گۆشـەیەکی دیکـەوە تەماشـا بکەیـن، دەبینیـن؛ یاشـار کەمـال ئالییەکـی ڕۆژنامەڤانیشـی هەیـە. لـە قۆناخـی کاری ڕۆژنامەڤانیـدا، لـە پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا، دەچێتـە

چیـای ئانـدۆک[51] و لـەو دەڤـەرە ریپۆرتـاژ سـاز دەکات. لـەوێ دەنگبێـژان دەبینێـت. دەمەوێـت بڵێـم؛ هـاوکات لـە ئەدەبیاتـی تورکـی و لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا کاری لەسـەر کولتـوور و زەخیـرەی دەنگبێـژان کـردووە، کارکردنێکـی تایبـەت. لـەو بـوارەدا مـن نموونەکانـی درەنگتریـم ناسـین، شـاکیرۆ[52] و ئایشـە شـان، بەتایبەتـی شـاکیرۆ.

پرسـیار: رۆژگار و کاتـی گێڕانـەوە لـە رۆمانەکانـی یاشـار کەمالـدا یەکجـار درێـژن، دەتوانـن ئاماژەیـەک بـەو کاتـە گرنگـە بکـەن لـە بەرهەمەکانیـدا؟

موسـلیم یوجـەل: کات یـان ئـەو قۆناخانـەی یاشـار کەمـال لەنێویانـدا دێـت و دەچێـت، بـۆ نموونـە؛ دێرینترینـی (ئەفسـانەی چیـای ئاگری)یـە. رووداوەکانـی ئـەو رۆمانـە لەنێـوان سـەدەکانی 16 و 17 دان. دوا رۆمانیشـی بـاس لـە بەسـەرهات و حیکایەتـی سـەدەی بیسـت دەکات. واتـە لـە کـن یاشـار کەمـال 500 سـاڵ نێـوان کات هەیـە لـە گێڕانـەوە و باسـکردندا. 500 سـاڵ گێڕانـەوەی هەیـە. بنگـە و سـەنگی مەحەکـی ئـەم هێـزی گێڕانەوەیەشـی زمان و شـێوازی گێڕانەوەیەتـی. کاتێـک یاشـار کەمـال زمانـی تایبـەت بـە خـۆی دەئافرێنـێ، ئـەو دەمـەی لەنێـو زمانـی خۆیـدا ئەدەبیـات دەئافرێنـێ، ئیـتر ئـەو دیرۆکـە تەنیـا بـۆ ئـەو دەبێتـە کەرەسـتە. دیـرۆک یـان بەسـەرهاتێکی مێژوویـی بـە تەنیـا ناتوانێـت ببێتـە رۆمـان، ئـەو شـتانە رۆمانێـک پێکناهێنـن. بـۆ نموونـە لـە رۆژئـاوا رۆمانـی دیرۆکـی هـەن. نووسـەر لەسـەر بناخـەی بەڵگـەی دیرۆکـی رۆمانەکـەی دەنووسـێت. لـە تێڕوانینـی یاشـار کەمالـدا بـۆ مێـژوو، مێـژوو بـە تەنیـا کەرەسـتەیەکە بـۆ رۆمـان. بـۆ نموونـە لـە (عەبـدال خـان)دا بەهەمـان شـێوە دیـرۆک بووەتـە کەرەسـتە بـۆ ئەدەبیـات. لـە (ئەفسـانەی

51 - چیای ئاندۆک، بە بەرزیی 2840 مەتر لە ئاستی دەریاوە، بڵندترین چیای دەڤەری ئامەدە.

52 - شاکیرۆ: شاکیر دەنیز (1936-1996)، ناودارترین دەنگبێژی کوردە لە باکووری کوردستان. بە شای دەنگبێژان ناسراوە.

چیای ئاگری)دا بەو زمانە پتەوە، بەو داڕشتنە پڕ پرشنگ و دڵگرە، بەڵام لێرەیشدا تایبەتمەندیی خۆی و زمانە گەلێرییەکە دەبینین.

لە (ئەفسانەی چیای ئاگری)دا کە رووداوەکانی لە رۆژگارێکی دێریندا دێن و دەچن، یاشار کەمال باس لە پرچی ژن دەکات. پێیوایە پرچی ژن پیرۆزە. قارەمانی رۆمانەکە لە کۆتاییدا دەپرسێت: (تۆ چۆن بە تاڵێکی پرچت توانیت من لە زیندان رزگار بکەیت). بەوشێوەیە دەپرسێت، بەڵام بەداخەوە پێکناگەن، دوو ئەڤیندارەکە پێکناگەن.

قژ لەلای هەموو کورد پیرۆزە، لە هەمان کاتیشدا ئەمە کەرەستەیەکی فۆلکلۆرە.

پرسیار: تاکو مرۆڤ زۆرتر لە سرووشت دووربکەوێتەوە، زۆرتر لە خۆی دووردەکەوێتەوە، ئەمە قسەی یاشار کەمالە. ئەو نووسەرێکە جگە لە مۆتیڤەکانی شیوەننامە، یان هۆنراوە و چیرۆکی دەنگبێژان، سرووشت هاندەری گەورەیەتی، سرووشت سەرچاوەی بەهرە، کار و بیرکردنەوەیەتی. دەتوانن باسێک لە ئەردنیگاری یان جوگرافیای کارکردنی ئەو نووسەرە بکەن؟

موسلیم یوجەل: جوگرافیای یاشار کەمال، بەمجۆرەیە؛ ئاگری، وان، سەرحەد، چوکورئۆڤا، بەڵام تاکو ئیستانبوڵیش دەکشێت و درێژ دەبێتەوە. پەیوەندیی یاشار کەمال لە ئیستانبوڵیش بە سرووشتەوە یەکجار نزیکە، پەیوەندییەکی پتەوە. بۆ نموونە نەوڕەسەکانی ئیستانبوڵ هەراسان و بێزارن لەدەست گەشەسەندنی شارسازی و پیشەسازیی شارەکە. زیانلێکەوتوو ئەوانن. شێوازی ئاوەڕۆکان، پاشماوە فڕێدانە نێو ئاوی زەریاوە، ژینگە وەها وێران دەبێت. یاشار کەمال لە ئیستانبوڵیش باس لە شێواندنی ژینگە دەکات و سکاڵا لە دەست ئەو کارە دەکات. هاوکات لە باسی چیای ئاگری،

دەریاچـەی وان، ئورفـا[53] - یشـدا بـە هەمـان شـێوە. بـۆ نموونـە رووبـەری رووداوەکان لـە رۆمانـی (تاوانـی گـوزەری ئاسـنگەران) دا شـاری رووهایـە. لـە شـاری رووهـا دارێکـی زۆر گـەورەی تـوو هەیـە. رۆمانەکـە بـە تاوانێـک لـە بـن ئـەو دارەدا دەسـتپێدەکات. یاشـار کەمـال رۆمانـی هەیـە بـاس لـە شـاری وان دەکات، شـاری ئادانـا، هەروەهـا بـاس لـە شـاری ئیسـتانبوڵ دەکات. بـۆ نموونـە لـە دوا رۆمانیـدا (چیرۆکـی دوورگەیـەک)، باس لـە ئێزدییـەکان دەکات. هەوڵـدەدات تیشـک بخاتـە سـەر لالـش. ئەمـە بـە ئاسـۆییکردنی جۆگرافیایـە لـەلای ئـەو.

یاشـار کەمـال پـاش 12ی سـێپتەمبەر[54] بـۆ ماوەیـەک لـە ئەوروپـا دەژیـا. سـەرباری ئـەوەی لـە ئەوروپـا بـوو، سـەری دەدا، دەهـات و دەچـوو. بـەڵام هیـچ کات رۆمانێـک، یـان چیرۆکێکـی نەنووسـی پەیوەنـدی بـە ئەوروپـاوە هەبێـت. یاشـار کەمـال بـۆ کـوێ دەچێـت بـا بچێـت، لـە هـەر کـوێ بێـت، تورکیـا و کوردسـتانی لەخـۆدا، لـە هەنـاودا هەڵگرتـووە، پێکـەوە لـە نـاو ئـەو دوو جوگرافیایـەدا دەژیـا.

ئەگـەر بەراوردێـک بکەیـن لەنێـوان ئـەم و ئۆرهـان پاموکـدا، بـۆ نموونـە لـە مـژاری نووسـینی رۆمانـی مێژووییـدا. ئۆرهـان پامـووک راسـتەوخۆ سـوود لـە مێـژوو وەردەگرێـت لـە نووسـینی رۆمانـدا. مێـژوو ناتوانێـت ببێتـە کەرەسـتەی کاری ئەدەبـی. بـەڵام یاشـار کەمـال مێـژوو دەکاتـە کەرەسـتەی خـۆی و زمانـی تایبەتـی خۆیشـی دەداتـە مێـژوو لـە کارەکـەدا. لـە رۆمانـی (مـن نـاوم سـوورە)ی ئۆرهـان پامـووک-دا نیگارکێشـان لـە چواچێـوەی زمـان و کولتـووری ئـەو رۆژگارەدا هەڵسـوکەوت دەکـەن، بـەڵام ئەمـە لـە دارشـتن

53 - شاری روحا لە باکووری کوردستان.

54 - مەبەست کودەتای 12ی سەپتەمبەری ساڵی 1980یە لە تورکیا. ژەنەراڵەکان بە سەرکردایەتی کەنعان ئەڤرەن کودەتایان کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست.

و لـە خەياڵـدا نابێـت. ياشـار کەمـال چ دەکات؟ کاتێـک دەسـت بـۆ مێـژوو دەبـات، مێـژوو دەبێتـە کەرەسـتە بـۆی، یەکێـک لـە کەرەسـتەکانی چنینـی. ئـەو وەکـو خەياڵێـک دەسـت بـۆ مێـژوو دەبـات و بەکاریدەهێنێـت. ئەمـە جیاوازییەکـی گەورەیـە.

بـە بۆچوونـی مـن ياشـار کەمـال ئەگـەر بـە ئینگلیـزی یـان بـە فەرەنگـی یاخـود بـە ئەڵمانیـش بینووسـیبا گرنـگ نەبـوو، لەبەرئـەوەی بـە زمانـی تورکـی نووسـیویەتی بگوترێـت ياشـار کەمـال کـورد نییـە، ئەمـە نەشـیاوە. کاری نەکردەیـە. بەهەمـان شـێوە مارکیـز بـە چ زمانێـک نووسـیویەتی گرنـگ نییـە، گرنـگ نیانـی و نارینـی نووسـەرە لـە نووسـیندا، دونیـای رووح گرنگـە. بـۆ نموونـە ئـەو رۆمانانـەی ماکسـیم گۆرگـی کـە بـاس لـە شـۆڕش دەکـەن، خراپـن. (دایـک) رۆمانێکـی خراپـە، بـەڵام ئـەو چیرۆکانـەی ماکسـیم گۆرگـی کـە بـاس لـە منداڵێتـی خـۆی دەکـەن زۆر جوانـن. بۆچـی؟ چونکـە لەوێـدا مرۆڤەکـە خۆیەتـی، هەروەهـا مـرۆڤ چەقـە. ياشـار کەمالیـش بـەردەوام بـاس لـە مـرۆڤ دەکات. ئـەو زمانـەی بەکاردێـت بابەتێکـی دیکەیـە، گرنـگ گێڕانـەوەی مرۆڤـە، دونیـای نـاوەوە گرنگـە. بۆیـە کاتێـک کەسـێکی فەرەنگیزمـان ياشـار کەمـال دەخوێنێتـەوە، نووسـەرێک دەخوێنێتـەوە بـۆی نامـۆ و نەنـاس نییـە.

# کۆچی کێوەکان [55]

هەمـوو کۆچـەکان شـوێنەواری خۆیـان هەیـە. کۆچـەکان کپـی و خامۆشـییەکی سـەرنجڕاکێش لـە پـاش خۆیـان بەجێدەهێڵـن. بێگومـان هــەر کۆچــە و بــە رێژەیــەک کاریگــەری "نەمــان" بەجێدەهێڵێــت. کاریگــەری کۆچــەکان پەیوەنــدی بــە ســەنگی کۆچکەرانــەوە هەیــە.

کۆچــی پەپوولەیــەک، یــان کۆچــی کۆترێــک، یاخــود کۆچــی پەڵەهــەور و کۆچــی کێــوەکان چوونیــەک نیــن.

بــەڵام هــەر هەمـوو کۆچـەکان ئـەو ڤاڵابوونـە، ئـەو کپـی و شـوێنەوارە لـە دووی خۆیــان بەجێدەهێڵــن.

ئـەو دەمـەی کۆتـرەکان کـۆچ دەکـەن و باخـەکان بەجێدەهێڵـن، کـێ هەیـە یەکسـەر هەسـت بـە تەنیایـی و بـە خەمگینیـی بـاخ نـەکات؟

کاتێـک پەپوولـە کـۆچ دەکات و گـوڵ تەنیـا دەمێنێتـەوە، ئـەوە هــەر گـوڵ خۆیەتـی دەزانـێ تەنیایـی چییـە، پەپوولـە چ بێدەنگـی و چ خامۆشـییەکی بـۆ دروسـتکردووە.

---

55 - ساڵی 2015 بۆ مردنی یاشار کەمال ئەم وتارەم نووسیوە، هەر ئەو دەم بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو، هەروەها بە زمانی تورکی لە چەند شوێنێک بڵاوکرانەوە. س.ڕ.

ئـەو دەمەیـش پەڵـە هـەورەکان کـۆچ دەکـەن، ئیـتر گوێـمان لـە نـەوای نەرمی دڵۆپـە و لـە پـرژە تـەڕ و پـاراوەکان نابێـت.
بەڵام کۆچی کێو لە هەموو کۆچەکان دیارترە.
کاتێــک کێوێــک لــە شــوێنی خــۆی نامێنــێ، کــە کێوێــک کــۆچ دەکات تێدەگەیـن، نابینایەکیـش هەسـتی پێـدەکات کێـوی کۆچکـردوو چ بۆشـایی و چ شــوێنەوارێکی لــە دووی خــۆی بەجێهێشــتووە.
مەرگـی نووسـەران و داهێنەرانـی گـەورە هـاوکات کۆچـی پەڵەهـەور و کێـو لـە خـۆدا بەرجەسـتە دەکـەن.
مردنـی نووسـەری گـەورە لـە ئاسـمانی بـێ هـەوردا، سیاسـاڵی بـێ بـاران، لـە پـڕدا بزربوونـی گـەورە، لـە نەمانـی شانوشـکۆی کێـو دەچێـت.
بـەڵام ئایـا نووسـەرێک بـە دەیـان کاراکتـەر، بـە دەیـان رووبـەر، مێـرگ و گوڵ، چیـا و بنـار، ئەسـپی ئەفسـوناوی و بـە دەیـان باڵنـدە بئافرێنێـت، بـەرد بخاتـە قسـە و لـە رسـتە و دەسـتەواژەکانیدا بۆنـی وەنەوشـە بکرێـت، گوهـداری جریـوەی باڵنـدەکان، گڤـەی زریـان و بۆنـی سروە بکرێـت، نووسـەری وەهـا دەمرێـت؟
کۆچـی ئـەو چ جۆرێکـە لـە کـۆچ؟ تێگەیشـتن لـە کۆچـی وەهـا و باسـکردن لـە کۆچـی لـەو چەشـنە ئاسـان نییـە!
هەنـدێ کـەس هـەن تـۆ ناخوازیـت بـاس لـە کۆچیـان بکەیـت، باسـی مردنیان هەسـتێکی دیکـە، هەسـتێکی جیـاواز لـە خەمگینـی بـە مـرۆڤ دەبەخشـێت، هەسـتێکی جیـاوازی خەمگینـی، شـتێک لـە دەرەوەی پێناسـە.
بەشـبەحاڵی خـۆم چەنـد جارێکـی کـەم یاشـار کەمـاڵم بینیـوە، بـەڵام تەنیـا کەسـم بـە کامێـرا دیـدارم لەگـەڵ سـازکردووە و فیلمـم دەربـارەی ئـەو کێـوە بەرهەمهێنـاوە.

کەمــتر ئاشــنای خــۆی بــووم، ئاشــنای هەڵســوکەوتی، خــووی، قســە و دەمــودووی.
زۆرتــر هاوڕێــی ئــەو سرووشــتە، ئــەو ئەســپانە، ئــەو گــوڵ و کەســانەم کــە یاشــار کەمــال ژیانــی بــۆ ئەفراندنیــان تەرخــان کردبــوو.
مـرۆڤ بـە سرووشـتی خـۆی وەهایـە، ناخوازێـت گـوێ لـە هەواڵـی هەندێـک کـۆچ، هەندێـک مـردن بگرێـت و بـاوەڕی پێبـکات.
مردنـی یاشـار کەمـال لـە کۆچـی کێـو دەچێـت، کێـو ئـەو دەمـەی کـۆچ بکات سـەرباری بەجێهێشـتنی شـوێنەواری گـەورە و بۆشـایی فـراوان، بێدەنگییـەک، کپییەکـی فـرە ئالـی لـە دووی خـۆی دەئافرێنێـت.
"چــۆن هەمــوو گوێیــەک ناتوانێــت دەنگــی خــاک ببیســتێ"، هەمــوو رووحێکیــش لــە مردنــی کەســانی وەکــو یاشــار کەمــال حاڵــی نابێــت. تێگەیشــتن لــە مەرگــی کەســانی وەکــو یاشــار کەمــال ئاســان نییــە! رووحــی دەوێـت لێـی تێبـگات. رووحێکـی تایبـەت و جـودا. رووحێـک بتوانێـت گـوێ لـە دەنگـی خـاک، لـە حیلـەی ئەسـپ، لـە دڵۆپـە بـاران بگرێـت و لێـی حاڵـی بێــت. رووحێــک کەروێشــکەی کێڵگــەکان، مەزراکانــی لۆکــە، مێرگــە پــڕ لــە وەنەوشــەکان ببینێــت و لــە رەنگەکانیــان تێبــگات و بیانخوێنێتــەوە.

# رۆنی مارگولیس[56]
# یەکەمین چاپی حەمەدۆک

**" ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی تورکی"**

سەبارەت بە حەمەدۆک

حەمـەدۆک، پێموابێـت تاکـە رۆمـان بـوو لـە تورکیـا بـۆ زمانەکانـی رۆژئاوایـی وەرگێڕدرابێـت.

هۆکاری نێوبانگی یاشار کەمال لە بواری ئەدەبیاتدا حەمەدۆک بوو.

مـن کـۆکاری شـیعری تورکیـم هەیـە، ئـەو دیوانانـەی واژۆ دەکرێـن کۆیاندەکەمـەوە. لەکاتـی گـەڕان بـە دوای ئـەو جـۆرە شـیعرانەدا، دانەیـەک

56 - نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی بەڕەچەڵەک جووی تورکیا رۆنی مارگولیس (1955).

لـە حەمەدۆکـم دەسـتکەوت کـە واژۆی خـۆی لەسـەرە. رۆمـان کۆناکەمـەوە، بـەڵام کاتێـک ئەمـەم بینـی خـۆم پێنەگیـرا، هەڵمگـرت، ئەمـە چاپـی یەکەمـی حەمەدۆکـە. شـتە جوانەکـە ئەوەیـە، کتێبەکـە واژۆ کـراوە، یاشـار کەمـال ئەمـەی بـۆ مەلیـح جـەودەت واژۆ کـردووە.

لـە یەکـی ئۆکتۆبـەری 1955 واژۆی کـردووە. نووسـیویەتی: بـۆ مەلیـح جـەودەت، پێکـەوە لەگـەڵ خۆشەویسـتی.

ئێ ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی تورکی.

# سەردانێک بۆ لای نووسەرێکی گەورە و ئاشنا

رۆژی 11ی مانگـی هەشـتی 2011 لـە شـاری ئیسـتانبوڵ سـەرمان لـە یاشـار کەمـاڵ و ئایشـە خاتـوون دا. دیـارە بـەر لـە مانگێک شـوێن و کاتـی دیدەنیمان رێکخسـتبوو. بڕیاربـوو بچینـە ماڵیـان و هـەر وایشـمان کـرد. مەبەسـت لـە سـەردانەکە هـاوکات بەسـەرکردنەوە و دانانـی پلانـی سـەردانی کوردسـتان بـوو.

ماوەیەکـی زۆر بـوو کارمـان بـۆ ئـەوە دەکـرد گەشـتی یاشـار کەمـاڵ بـۆ کوردسـتان رێکبخرێـت، بـەڵام دوو جـار نەخۆشـی و تێکچوونـی بـاری تەندروسـتیی ئـەو نووسـەرە بوونـە رێگـر لەبـەردەم گەشـتەکەیدا بـۆ کوردسـتان. جـاری سـێیەمیش بەداخـەوە رووداوە نەخوازراوەکانـی 17ی مانگـی دووی سـاڵی 2011 بوونـە ئاسـتەنگ[57].

* * *

وەکـو چـۆن پێکهاتـەی نووسـینی پتـەوە، بـە جەسـتەیش مرۆڤێکـە پتـەو.

---

57 - ئەم نووسینە کەی نووسراوە؟ ئەو ئێوارەیەی لای یاشار کەمال گەڕاینەوە هۆتێلەکەمان لە بەشەشاری بەیئۆغلوو- ئیستانبوڵ، ئەم نووسینەم نووسی و بۆ ئەم کتێبەیش کەمێک دەستکاری و وردەکاریم تێدا کردووە.

بەداخــەوە ئێســتا هەڵکشــان بــە هــەورازە ســەختەکانی تەمەنــدا، زیانــی گــەورەی لــەو پتەوییــەی جەســتەی داوە. یاشــار کەمــال، ناوێکــی گرنگــی دنیای نووســین و ئەدەبیاتــە، نــەک هــەر لــە تورکیــا، بەڵکــو لــە ئاســتی ئەدەبیاتــی سەرانســەری جیهانــدا.

لــە ڕۆژێکــی باراناویــی شــاری ئیســتانبوڵ، دەچینــە لای یاشــار کەمــال. لــە ماڵــی خــۆی پێشــوازیمان لێــدەکات. لەگــەڵ هاوڕێــی وەرگێــڕ و ڕۆژنامەڤــان بەکــر شــوانی بەڕێدەکەویــن. لــە ترافیکــی شــارەکە دەترســین. بەمەبەســتی قەتیســنەبوون لــە جەنجاڵیــی شــارەکەدا، لــە بــەری ئەوروپــای شــارەکەوە بــە گەمــی بــەرەو بــەری ئاســیا چوویــن. ســەرەتا لــە بەشەشــاری (فندکــزادە) ــەوە بــە تــرام دەچینــە وێســتگەی کەشــتی. لــە وێســتگەی پەڕینــەوەی (ئەمینۆینوی)ــەوە بــە کەشــتی بــەرەو ئەوبــەری شــارەکە، واتــە بــەرەو بــەری ئاســیای ئیســتانبوڵ دەپەڕینــەوە.

ڕۆژی 11ی مانگــی هەشــتی 2011 لــە شــاری جەنجاڵــی ئیســتانبوڵ، ســەردانی ئــەو نووســەرە بــە نێوبانگەمــان کــرد. یاشــار کەمــال ساڵانێکی درێــژە لــە بەری ئاســیای شــارەکە دەژی. بــە گەیشــتنمان بــۆ بەشــی ئاســیای شــارەکە، لــەلای ژنێکــی گوڵفــرۆش چەپکــە گوڵێکــی گــەش و گەورەمــان ئامــادە کــرد. پاشــان ســواری تاکســی بوویــن و بــەرەو ماڵــی ئــەو نووســەرە بەڕێکەوتیــن.

لەسەر ڕێی چوونماندا، شۆفێری تاکسی پرسیاری کرد:

دەچن بۆ ماڵی یاشار کەمال؟

گوتمان بەڵێ.

شــۆفێرەکە گوتــی: ئێمــە زۆر کــەس دەبەیــن بــۆ ئــەو ماڵــە و دەزانــم ئــەو پیــاوە نووســەرێکی چەنــد گەورەیــە.

* * *

لـە کەنـاری (کادی کـویَ – گونـدی قـازی یـان قازیـاوا)وە بەڕێکەوتیـن بـەرەو ڤانـی کوێـی کـە ماڵـی یاشـار کەمـال-ی لێیـە. وەکـو زۆر ڕێگـە و شـوێنی دیکـەی ئیسـتانبوڵ، ڕێیەکـی درێـژ و بـەردەوام پـڕ لـە جوڵەیـە. دەچیـن و دەگەینـە ناونیشـانی مەبەسـت. دەگەینـە ماڵـی یاشـار کەمـال و دەرگەمـان لـێ دەکرێتـەوە. بـەڕووی خۆشـەوە پێشـوازیمان لێدەکرێـت.

ماڵەکەیـان لەسـەر بەرزاییەکـە و بەسـەر تەنگـەی بۆسـفۆڕدا دەڕوانێـت. دیمەنـی دڵکێشـی بۆسـفۆڕ لـەو ماڵـەوە سـەرچاوەی تەماشـاکردنی بـەردەوام و تێرنەبوونـە لـە جوانیـی کەسـک، لـە شـەقژنی هەمیشـەیی نەوڕەسـەکان، لـە جوڵـەی بەردەوامـی شـەپۆل و زیندوویێتـی ئـاو.

سـەرەتا هاوژینـی یاشـار کەمـال، خاتـوو ئایشـە بابـان پێشـوازیمان لێـدەکات. ئـەو خاتوونـە بـەڕووی خـۆش و گەشـەوە پێشـوازی لـە میـوان دەکات.

ئایشـە بابـان، لـە نـەوەی ئـەو میرانـەی بابانـە کـە کاتـی خـۆی ئـاوارەی شـاری ئیسـتانبوڵ بوونـە. ئـەو هـاوکار، هاوژیـن و یارمەتیدەرێکـی گەورەیـە بـۆ یاشـار کەمـال، بـە تایبەتیـش لـەم هەڵکشـانی تەمەنـەی نووسـەردا ڕۆڵێکـی گـەورەی هەیـە لـە ژیانـی ویـدا.

بڕیاربـوو ئەمسـاڵ لـە یەکـەم ڕۆژی جەژنـی ڕەمەزانـدا، ئـەو دوو مرۆڤـە، واتـە یاشـار کەمـال و خاتوونـی هاوسـەری لـە کوردسـتان بـن.

لەسـەر داوا و حـەزی خۆیـان ئـەوان دەیانویسـت ئـەو جەژنـە لـە کوردسـتان پیـرۆز بکـەن. هەمـوو ئامادەکارییـەک بـۆ ئـەو سـەردانە کرابـوو.

بـەڵام نەخۆشـکەوتنی لەنـاکاوی یاشـار کەمـال بـووە ڕێگـر لەبـەردەم سـەردانەکە. دکتۆرەکانـی پێیانگوتـووە بـە لای کەمـەوە دەبێـت دوو مانگێـک پشـوو بـدات و سـەفەری دوور نـەکات.

داخـی سـەرنەگرتنی ئـەو گەشـتە بـە جۆرێـک بەئـازار بـوو، نـەک تەنیـا بـۆ ئێمـە، بەڵکـو بـووە مایـەی خەمگینـی بـۆ ئـەو دوو مرۆڤـە خۆیشـیان.
پاشـان یاشـار کەمـال دێـت. ئـەو درەنگـتر دێـت. ناسـاخبوون هـۆی ئـەو درەنـگ هاتنەیـە. ئـەو دەڵێـت: دەبێـت پێشـوازی لـە میـوان نەکـەم. ئەمـە راوێـژ و بڕیـاری دکتـۆرە، بـەڵام ئێـوە میوانێکـی بـێ ئـەرک و خۆشەویسـتن، دڵـم دەکرێتـەوە پێتـان. خـۆم پێـم خـۆش بـووم بتانبینـم.
بـە هاتنـی یاشـار کەمـال یەکسـەر باسـی ئەدەبـی و سیاسـی دەسـتپێدەکات. دەسـتپێکردنێک لـەوە دەچێـت بێکۆتایـی بێـت.
ئـەو مرۆڤێکـە حـەزی لـە قسـە و گفتوگۆیـە. دەزانێـت چـۆن قسـە دەکات، هـاوکات دەزانێـت چۆنیـش گـوێ دەگرێـت.
مرۆڤێـک لـە ئاسـتی ئـەو مرۆڤانـەی بـە بینینێـک شـوێنگەی گـەورە لـە دڵـی بەرانبـەردا بـۆ خـۆی دابیـن دەکات.
لـە سـاڵۆنێک دادەنیشـین کـە بەشـێکیان شـوێنی دانیشـتنە، شـوێنی پێشـوازیکردنی میوانەکانیەتی. بەشـێکیان مێز و شـوێنی کاری ئەو نووسـەرەیە. تاکـو ئێسـتا ئـەو بـە قەڵەمـی رەش دەنووسـێت. کۆمپیوتـەر بەکارناهێنێـت. ئێمە تەماشای کتێبخانەکە دەکەین و خاتوو ئایشە بابان دەڵێت:
دیـارە ئەمانـە بەشـێکی بچووکـی کتێبخانەکەمانـە، ئـەم بەشـە لـە کتێبخانەکـە کتێبگەلێـک لەخۆدەگرێـت کـە بەرهەمـی یاشـارن و وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانەکانـی دیکـە. لێـرەدا هەمـووی پارێـزراون و دەزانیـن بـۆ نموونـە رۆمانێکی وەکـو (حەمـەدۆک) بـە چ زمانێـک چاپکـراوە و لـە کوێـدا دامانـاوە.

* * *

کۆتایـی مانگـی 7ی ئەمسـاڵ (مەبەسـت لـە سـاڵی 2011)یـە. لـە وەشـانخانەی

(بەڵگـە) لـە شـاری ئیسـتانبوڵ هەڵبژاردەیـەک لـە شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکـەس بـە زمانـی تورکـی چـاپ و بڵاوکرایـەوە. بەرهەمەکـە لەلایـەن ئـازاد دلـوار، بەکـر شـوانی و سـیروان رەحیـم-ەوە ئامادەکـراوە.

لـەو سـەردانەدا بـۆ ماڵـی یاشـار کەمـال ئـەم دیوانـە وەکـو دیارییـەک دەبەیـن و پێشـکەش بـەو نووسـەرەی دەکەیـن. دواتـر هەواڵەکـە بـە شـێرکۆ بێکـەس دەگەیێنیـن و دڵنیـام بزەیـەک دەیگرێـت.

خاتـوو ئایشـە بابـان دیوانەکـە دەگرێتـە دەسـتەوە، چاوانـی لەسـەر لاپەڕەیەک رادەوەسـتن، دیـارە شـیعرێک دەخوێنێتـەوە. پاشـان بـەرەو لای یاشـار کەمـال دێـت و شـیعرەکە بـۆ یاشـار کەمـال دەخوێنێتـەوە.

**شیعری مردن**

**کە گەڵایەک مرد، حەرفێکم لێ مرد**
**لقی دارێ مرد، وشەیەکم مرد**
**کە کانییەک مرد، رستەیەکم مرد**
**بەڵام ئەی کیژی تەمەن دە ساڵەی گوندی هەڵەدن**
**کاتێ تۆ کوژرای**
**دە شیعرم مردن**

یاشار کەمال رادەمێنێت و دەڵێت:

جوانە، زۆر جوانە. کورد ئەدەبیاتێکی جوانیان نووسیوە.

یاشـار کەمـال کاتێـک دەسـت بـە ئاخافـتن دەکات، راسـتەوخۆ دێتـە سـەر گرنگیـی کولتـوور و نووسـین بـۆ هەمـوو زمـان و هەمـوو نەتەوەیـەک. ئـەو

کەسێکە لەوانەی باش لە نرخی نووسین و کتێب حاڵی بووە. حاڵیبوون لە ئاستە هەرە بڵندەکەیدا.

کاتێک باسوخواس دێتە سەر بێ کتێبی کوردان، ئەو زۆر شت دەڵێت، کە پێیخۆش نییە زۆربەیان بڵاوبکرێنەوە.

ئەو پێیخۆش نییە ئەو بۆچوونانەی خۆی بە نووسین بڵاوبکاتەوە یان بە لێدوان بۆ کامێرا ئاشکرایان بکات. خۆی پێیوایە بۆچوونی تایبەت و خەمگینن، دەبێت کاریان بۆ بکرێت. کارکردنێک ببێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە خەمگینە.

لە بەردەوامیی قسەوباسدا سەبارەت نووسین و ئەدەبیات، بەتایبەتی سەبارەت ڕۆمان، یاشار کەمال، بە ئاهێکی تایبەت و ئاوێتە لە تووڕەییەکی خەمخۆرانە دەڵێت:

"بێ داستان و ڕۆمان کەس ناتوانێت ببێتە خاوەنی دەوڵەت. با ئەوانەی دەیانەوێت دەوڵەت دروستبکەن، بەر لە هەموو شتێک بیر بکەنەوە چەند ڕۆمان بە زمانەکەیان نووسراوە. ئەوانەی مەبەستیانە بیر لە دروستکردنی دەوڵەت بکەنەوە، دەبێت باش بیر لەو لایەنە بکەنەوە. پێویستە باش بیر لە ئاستی کولتوور، ئەدەبیات و زمان بکەنەوە کە تاوەکو چ ئاستێک هەڵکشاوە".

بێگومان تۆ کورد بە و گوێ لەم قسانەی یاشار کەمال بگرە، ئەو دەمە تێدەگەیت مایەی خەمێکی چەند قووڵە کاتێک مرۆڤ ئەدەبیات و هونەری نەبێت، یان هەیبێت و خۆی بە دەم و دەستی خۆی نووسەران و هونەرمەندەکانی بشکێنێتەوە.

دەوڵەت و ڕۆمان! ئایا ئێمە دەتوانین لەو مژارە حاڵی ببین؟

"بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە... حاجی قادر وەهای گوتووە".

* * *

شــارەزایانی ئەدەبیاتــی یاشــار کەمــال و رەخنەگرانــی ئەدەبــی لــە تورکیــا هەمیشــە بــاس لــە ســەرەتاکانی نووســینی ئــەم نووســەرە دەکــەن، بــاس لــەوە دەکــەن نووســەری حەمــەدۆک، تەنەکــە، چیرۆکــی دوورگەیــەک، ئەفســانەی هــەزار گا و هتــد. کاری چەنــد گرنگــی بــۆ زمانــی تورکــی کــردووە، بەدرێژایــی نزیکــەی حەفتــا ســاڵی نووســین، نووســینەکانی تاوەکــو چ ئاســتێک بوونــە هــۆی دەوڵەمەندکردنــی زمانــی تورکــی و چ وەرچەرخانێکیــان بــۆ ئــەو زمانــە دەســتەبەر کــرد. تەنانــەت فەرهەنگــی تایبــەت بــەو وشــە، دەربڕیــن و دەســتەواژانە هــەن کــە یاشــار کەمــال لەڕێگــەی ئەدەبیــات و رۆمانــەوە بــە زمانــی تورکــی بەخشــیون.

بــەڵام ســەرباری ئــەو هەمــوو هــەوڵ و نوژەنکارییــەی نووســەر بــۆ جوانکــردن و دەوڵەمەندکردنــی زمانــی تورکــی، خــۆی بۆچوونــی وەهایــە کــە ئەمــڕۆ زمانــی تورکــی لــە قەیرانێکــی کوشــندەدا دەژی.

ئەو لە باسی زمان و گرنگیی زماندا واوەتر دەچێت و دەڵێت:

"ئەوەی لە تورکیا لە بواری زماندا دەیبینین و دەژین زۆر مایەی دڵتەنگییە".

کۆســت و خەمێکــی گەورەیــە دەیــان ســاڵە لــە تورکیــا بــەو جــۆرە مامەڵــە لەگــەڵ زمانــی ئەوانــی دیکــە کــرا و دەکرێــت.

وڵاتێــک زمانــی هاووڵاتیانــی خــۆی قەدەخــە بــکات، زمانەکــەی خۆیشــی لەدەســتدەدات.

ئێسـتا تورکیـا وڵاتێکـی بـێ زمانـە. ئێسـتا تورکیـا زمانـی نییـە.  وڵاتێـک زمـان قەدەخـە بـکات، کولتـووری جیـاواز بکوژێـت، وڵاتێکـە ترسـناک.

بێگومـان ئـەو خەمـەی یاشـار کەمـال لـە جێگـەی خۆیدایـە. خەمـی هەمـوو مرۆڤـە بـە ئـاگا و هۆشـیارەکانە. کوشـتنی زمـان، ئیـتر هـەر زمانێـک بێـت،

کوشــتنی بەشــێکی گرنــگ و زینــدووی کولتــوور و دەربڕینــی مرۆڤایەتییــە. قەدەخەکردنــی زمــان، کوشــتنی لەســەرخۆی زمــان دەگەیێنێــت. کێــن ئەوانــەی پڕکێشــی ئــەوە دەکــەن بەشــێکی گرنــگ لــە ســەرمایەی کولتــوور و زەخیــرەی هزریــی مــرۆڤ بکــوژن؟

* * *

بــەر لــە ڕۆیشــتن و ماڵئاوایــی.. پــاش ئاخافتنێکــی درێــژ لەبــارەی ڕەوشــی ئەدەبــی و سیاســی، یاشــار کەمــال چەنــد کتێبێکــی خۆیــمان پێشــکەش دەکات و بۆمــان واژۆ دەکات.

یەکێــک لــەو کتێبانــە، دیوانــی شــیعرە. ئــەو جگــە لــە ئەزموونــی فراوانــی ڕۆمــان، شیعریشــی نووســیوە و ئەمســاڵ[58] بــۆ جــاری یەکــەم دیوانــە شــیعرێکی بڵاوکرایــەوە.

"لەم ڕۆژانەدا بەهار هات"

ئەوە ناوی دیوانەکەیەتی.

پــاش ئــەوەی ئێمــە ماوەیەکــی زۆر بــە زمانــی تورکــی ئاخڤیــن و قســەکانمان بــەردەوام بــوون، وەکــو هەمیشــە، پێدەچــوو ئــەو نووســەرە تاســەی زمانــی خــۆی بــکات. بۆیــە ئــەو بــە کوردییەکــی شــیرین هەنــدێ شــت دەڵێــت و پاشــان ماڵئاوایــی لێدەکەیــن.

* * *

دوو ئاماژەی گرنگ، گرنگ بۆ لێدوان و لەسەرڕامان..

دەمەونیــوەڕۆ گەیشــتین و تاکــو ئێــوارە لــەلای یاشــار کەمــال و ئایشــە خاتوون مانــەوە. کاتێکــی کەمــمان لەگەڵیانــدا بەســەر نەبــرد. ئــەو ڕۆژە ماوەیەکــی زۆر لەگــەڵ یاشــار کەمــال بوویــن. لــە ئاخافــتن و گوتوبێــژدا باســی زۆر شــت

58 - مەبەست لە ساڵی 2011 یە.

کرا. لە قسەکانی ئەو نووسەرە بەئەزموون و بەتەمەنەدا دوو خاڵ لەلای من مانەوە. مانەوەیەک بۆ ئەوەی ببێتە مایەی لەسەرڕامان و لەسەر ئاخافتن، لێرەدا دەیانخەمە بەرچاوان:

یەک: بەبێ بوونی داستان و رۆمان کەس ناتوانێت ببێتە خاوەنی دەوڵەت.

ئەوە بۆچوونی ئەوە، بەرانبەر بەو بۆچوونەی ئەو، دەبێت بپرسین؛ ئایا بۆچوونی ئێمەیش چییە سەبارەت بە رۆماننووس، نووسەران و هونەرمەندانی وڵاتەکەمان؟ میدیای ئێمە، دەزگاکانمان، بەهەموومان چەند تواندراوە، رووبەرێکی گونجاو بۆ خۆشەویستکردنی کاری نووسەران و هونەرمەندان لە کن خەڵک مەیسەر بکەین؟ چەندیش توانیومانە ئەدەبیات و هونەری خۆمان بگوازینەوە بۆ رووبەری کولتوور و زمانەکانی دیکە؟

دوو: وڵاتێک زمانی هاووڵاتیانی خۆی قەدەخە بکات، زمانی خۆیشی بزر دەکات. ئێستا تورکیا وڵاتێکی بێ زمانە.

دەربڕینێکی چەند گرنگ و کاریگەرە لەلایەن ئەو نووسەرەوە! هێزی ئەو گوتەیە ئەوەندەیە کە بەرانبەر بە هەوڵی تواندنەوەی دەوڵەتێک بوەستێتەوە. هەوڵێکی تواندنەوە وا بەرەو سەتساڵ نزیک دەبێتەوە. وەک یاشار کەمال دەیفەرموو: "سەرکەوتن و بردنەوەمان بە قەدەخەکردن نا، کاتێک لەڕێگەی ئازادییەوە دەستەبەر بکەین، هەست دەکەین چ کارێکی باشمان کردووە".

# وێنەکان



ئایشه بابان، یاشار کەمال، سیروان ڕەحیم -2011 ئیستانبوڵ



یاشار کەمال - گوینتەر گراس لە کەنیسەی پاول . ساڵی 1997 شاری فرانکفورت - ئەڵمانیا.
لە ئاهەنگی پێشکەشکردنی خەڵاتی ئاشتیی کتێبی ئەڵمانیادا.




یاشار کەمال -  ساڵی 1984 پاریس. فەرەنسا .
لە ئاهەنگی پێشکەشکردنی خەڵاتی Legiôn de Honor
لە لایەن فرانسوا میتران، سەرۆکی ئەو دەمی فەرەنساوە.



خەڵاتی Legion d'Honneur - پێشکەشکردنی لە لایەن سەرۆکی فەرەنسا ف. میترانەوە. ساڵی 1984




یاشار کەمال - وێنەی سەر ناسنامە




یاشار کەمال - وێنەی کاری فەرمی



یاشار کەمال لە ستودیۆی تانژو



یاشار کەمال ساڵانی پەنجاکان – ئیستانبوڵ.



له ساڵی 1954 له گەشتی ڕۆژنامەڤانیدا.



یاشار کەمال - 1963



یاشار کەمال لەگەڵ عابدین دینۆ. پاریس 1982.



یاشار کەماڵ ساڵی 1964 لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەندددا.



یاشار کەمالساڵی 1965 لە کۆبوونەوەیەکدا دەئاخڤێت.



یاشار کەمال لەگەڵ جەنگیز ئاتیماتۆڤ (1928-2008) نووسەری کیرگیزستانی.



یاشار کەمال لەگەڵ سەرۆکی بولگارستان تۆدۆ شیڤکۆڤ.




یاشار کەماڵ لەگەڵ نووسەری ئەمەریکایی کورت ڤۆنێگوت لە کۆنفرانسێکدا.



یاشار کەمال لەگەڵ وەیسەل عاشق – 9/3/1966




یاشار کەمال لەگەڵ ئارسەر میللەر (1915-2005).



یاشار کەمال وەکو هەردەم لەگەڵ منداڵانی سەرەڕێدا. (Photograph 100)





یاشار کەمال – 1987 لەبەردەم گرتیگەی بایرام پاشادا بۆ پشتگیریی بەرخوەدانی زیندانیان.




یاشار کەمال – 1997 لەکاتی پێشکەشکردنی خەڵاتی ئازادیی نۆنینۆ لە وڵاتی سوێد.



یاشار کەمال – وێنەی ئارا گویلەر.



یاشار کەمال – وێنەی ئارا گویلەر..



یاشار کەمال ساڵانی پەنجاکان لە کاری رۆژنامەڤانیدا.



یاشار کەمال و مەمەد ئوزون ساڵی 1997.



ساڵی 1984 لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی دانیمارک لە پاریس



د. هیرش، یاشار کەمال، ک. بیشهۆف. فرانکفورت 1997.




بەخشینی دکتۆرای شانازی بە یاشار کەمال - 29/6/2009




خەڵاتی یەکێتی نووسەرانی نەرویژ 1997.



ساڵی 1995 لەبەردەم دادگای ئاسایشی دەوڵەتدا.




نووسراوی سەر پلاکارتەکە؛ زیندانەکان چۆڵ بکرێن، ئازادی بۆ گیراوان.



یاشار کەمال و گوینتەر گراس لەکاتی واژۆکردنی کتێبدا.



ساڵی 2009 لە ئەڵمانیا. لەگەڵ گوینتەر گراس و د. یۆهانس ئۆدەنتال




هاوڕێیەتییەکی گرنگ. گراس و یاشار کەمال. پێکەنین لە دڵەوە.


یاشار کەمال و گوینتەر گراس لە سەمینارێکدا-ئەڵمانیا



لەنێو خەڵکدا



لەگەڵ خاتوو ئایشە بابان-ی هاوسەری




یاشار کەمال و کۆرنیلیۆس بیشهۆف و هاوژینەکانیان.


لەگەڵ ئۆسمان بایدەمیر، سەرۆکی شارەوانی ئامەد.



بەکر شوانی، یاشار کەمال، سیروان رەحیم ساڵی 2011.

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
الرئيس

کۆماری عیراق
سەرۆک

**بەڕێز و خۆشەویست ڕۆماننووس و ڕووناکبیری گەورەمان**

**مامۆستا یەشار کەمال**

سڵاوی گەرم

گەلێك شادمان دەبین کە میوانداریی جەنابتان بکەین لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی و بە تایبەتیش لە شاری سلێمانیدا کە شاری کلتوور و ئەدەبە و گەلێك لە خۆشەویست و خوێنەرانی ئێوەی تیایە . میوانداریيەکەشتان ڕووبەڕووی دەزگایەك دەکەینەوە کە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن و نووسەرەکانی هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستی ئێوەن، کە ئەویش ( دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ) ە ، کە لە ئێستادا یەکێکە لە دەزگا هەرە چالاك و ناودارەکانی کوردستان لە بواری لەچاپدانی کتێب و گۆڤاری جۆراو جۆر و پرۆژەی هونەری و ڕووناکبیریدا . بۆ ئەوەی جەنابتان لەنزیکەوە ئاگاداری باری ڕووناکبیری و ئەدەبیی ناوچەکە بن کە بەردەوام پەرۆشی پێشکەوتن و سەرکەوتنی بوون و لە ئەدەبیات و هەڵوێستی ئێوەدا ئەم پەرۆشییە دیارە .

خۆتان کاتی هاتنتان دیاری بکەن و ئێمە لە پێشوازیتاندا دەبین.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

براتان

جەلال تاڵەبانی

سەرۆك کۆماری عیراق

٢٠١٠/٥/٢٨

"ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە؛
نابێت بکوژ بن.
دەبێ دووژمنی شەڕ بن. دەبێ دژی داگیرکردن و تواندنەوەی مرۆڤ بن لەلایەن مرۆڤەوە.
هیچ کەسێک سووکایەتی بە کەسێکی دیکە نەکات. هیچ کەسێک، کەسێکی دیکە نەتوێنێتەوە.
بوار بەو کەس و بەو دەوڵەت و بەو حکومەتانە نەدات کە مرۆڤ دەتوێننەوە.

ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە؛
با بزانن؛ ئەو کەسانەی کولتوورێک لەنێودەبەن، کولتووری خۆیان و تەنانەت مرۆڤبوونیشیان لەدەستداوە.
ئەوانەی کتێبەکانی من دەخوێننەوە؛
با لەگەڵ هەژاراندا یەکبگرن. هەژاری شەرمێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی".

یاشار کەمال

Yaşar Kemal

بەڵگەفیلمی ( یاشار کەماڵ.. سترانبێژی رووناکی )

تۆڕی میدیایی رووداو
www.rudaw.net